زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

04

# عبداللەی کوڕی عەبباس

حبیب محمد سعید

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# 4

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

# عەبدوڵڵای

# کوڕی عەبباس

نوسینی

حبیب محمد سعید

# عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس


| | |
|---|---|
| نوسینـــــــی | حبيب محمد سعيد |
| بـــلاوکردنەوەی | نوسینگەی تەفسیر - کتێبخانەی سۆز |
| نەخشەســـــازی | ئەمین مخلص |
| بـــــــەرگ | ئەمین مخلص |
| خـــــــە ت | نـــەوزاد کۆیـــی |
| نۆرە و ساڵی چاپ | دووەم 1435 ك - 2014 ز |
| تـــــــیراژ | ٢٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپیاردنی (١٨٧٩) ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە



©
ماف لە چاپدانەوەی پارێزراوە


---


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن


هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob: +964 750 460 51 22
Tel: +964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com


---

# پێشکەش

**پێشکەش بێت:**

❁ بەو ئازیزانەی هەر بە منداڵیی شەیدای قورئان ئـەبن و، دڵـە پاکەکـەیان ئەکەنە هیلانەی خۆشویستنی خوا و پێغەمبەرەکەی و قورئان و سوننەت.

❁ بەو بەڕێزانەش کە ورد ورد سەرنجی سوننەتی ئازیز ئەگرن تـا هـەنگاو بـە هەنگاو چاوی لێ بکەن و، ببنە خاوەنی ڕەوشتی پاك و بێگەرد.

❁ بەو گەنجە خوێن گەرمانەش کە بـە غیرەتـەوە دەسـت ئەدەنـە وەرگرتنـی زانست و، تەمەنیان لە خزمەتی مرۆڤایەتییدا بەسەر ئەبەن و باکیان لە گـەرما و سەرما و برسێتیی و تینوێتیی نیە.

❁ بەو زانا بەڕێزانەش کە کۆڕی زانست ئەبەستن و قوتابییانی شەیدای قورئان و سوننەت لە دەوری خۆیان جەم ئەکەن و، بە پـەروەردەی ئەندامـەکانیان چـاوەکانی پێغەمبەری ئازیز ﷺ روون ئەکەنەوە.

❁ بەو مرۆڤە بەڕێزانەش کە هەمیشە بە دڵسۆزیی کار ئەکەن تا گیروگرفت لە موسڵمانان دوور بخەنەوە.

❁ بەو وتاربێژانەش کە بە زمانی شیرینیان غیرەت ئەخەنە بەر موسڵمانان تـا بە هەموو توانایەکیانەوە بەرنامەی خوا بەسەر زەویی بگەیەنن.

❁ بەو پاڵەوانە بەغیرەتانەش کە لە سەرزەوییدا هێزێك نیـە ئـەوان سـڵی لێ بکەن و، لە کاری پیرۆز دوایان بخات.

منتدى إقرأ الثقافي

# پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

هەرکە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ ئەبیستین، خێرا ئەو منداڵە ژیر و وریا و زیرەکەمان دێتەوە یاد کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاشکۆی ولاغەکەیدا هەڵی گرتبوو و ئامۆژگارییە بەناوبانگەکەی پێشکەش ئەکرد.

عەبدوڵڵا ـ خوا لێی رازیی بێ ـ خۆی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت:

رۆژێکیان لە پاشکۆی پێغەمبەردا ﷺ بووم، پێمی فەرموو: (( يا غلام ! إني أعَلِّمُكَ كَلِماتٍ: إحفظِ الله يَحفَظكَ، إحفَظِ اللهَ تَجِدهُ تُجاهَكَ. إذا سَألْتَ فَاسْألِ الله، وَإذا اسْتَعَنتَ فَاستَعِن بِالله. وَاعلَمْ أنَّ الأمَّةَ لَوِ اجتَمَعَتْ عَلى أن يَنفَعوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنفَعوكَ إلاَّ بشَيْءٍ قَد كَتَبَهُ الله لَكَ، وَإن اجتمعوا على أن يضرُّوكَ بِشَيْءٍ لَم يَضروكَ إلا بِشَيْءٍ قد كتبهُ الله عَلَيْكَ. رفعَتِ الأقلامُ وَجُفَّتِ الصُحُفُ ! ))[1].

یەکەم جار ئەو دیمەنەمان دێتەوە یاد بەڵام کە لەگەڵ بەسەرهاتی ژیانە پڕ خێر و بەرەکەتەکەی ئاشنا ئەبین سەرمان سوڕ ئەمێنێ..

سەرمان سوڕ ئەمێنێ کە بەو منداڵییە ئەوەندە خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ چۆتە دڵیەوە و، شەیدای ئیسلامی ئازیز بووە، لە

[1] رواه الترمذي وقال : حديث حسنٌ صحيح.

کاتێكدا کە کەم لــە هاوتەمــەنانی لــەو بــیرو هەســتەدا ئــەژین، بگــرە زۆربەیان تەمەنیان بە فیڕۆ لە دەست ئەدەن.

سەرمان لەو رۆڵە تازە پێگەیشووە سورِ ئەمێنێ کە بە دڵ و بە گیان ئەچێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و گوێ بۆ فەرمایشتەکانی ئــەگرێ و، سەرنجی هەڵسوکەوتی بە وردیی ئەدا، تا هەنگاو بە هەنگاو ســیرەتی پاکی شارەزا بێت و، دڵسۆزانە سوننەتە بێگەردەکەی لە ژیانیا جێبەجێ بکات..

سەرمان لەو گەنجە ســورِ ئــەمێنێ کــە ئەوەنــدە شــەیدای وەرگرتنــی زانستی شەریعەتە، بەوپەڕی رێز و ئەدەب و خۆبەکەم زانینەوە ئەچــێتە بەر دەرگای زانایان، تا چییان لە پێغەمبــەری خــوا ﷺ بیســتووە لێیــان وەربگرێ، بێئەوەی باکی لە سەرما و گەرما ببێ و، بێئەوەی هەست بە بێزاریی و ماندوویش بکات..

سەرمان لەو پیاوە نەجیبە سورِ ئەمێنێ کە بۆتە خــاوەنی زانســتێکی وەها فراوان کە دۆستانی شەریعەت، هەتا گەورە هاوەڵانی پێغەمبەریش ﷺ رووی لێ بنێن و هەمیشە کۆڕی دەرس خوێندنی گەرم و گورِ بێت.

ســەرمان لــەو کەڵــە پیــاوە ســورِ ئــەمێنێ کــە بۆتــە جــێ هانــای موسڵمانان، تا ئەگەر یەکێکیان تووشی گێروگرفتێــك بــوو، دادی بباتــە لای و، ئەویش دڵسۆزانە گرێ کوێرەکەی بۆ بکاتــەوە و لــەو گێروگرفتــە رزگاری بکات.

سەرمان لەو وتاربێژە لێهاتووە سوورِ ئەمێنێ کە هەرکە دەستی دایــە وتار دڵان حەیران ئەکات و، بە کــورتتــرین رێگــا و جــوانتــرین شــێوە مەبەست ئەگەیەنێ و گوێگرانیش تێئەگەیەنێ.

سەرمان لەو پاڵەوانە سوڕ ئەمێنێ کە وەك لە مەیدانی زانست و زانیارییدا شۆڕەسوار بوو، لە مەیدانی جیهادیش‌دا بە هەمان شێوە شۆڕەسوار بوو.

سەریشمان لەو ژیر و بلیمەتە سوڕ ئەمێنێ کە بە جوانیی لە دەوروبەری تێ ئەگات و، بۆ کارهەڵسووڕاندنیش ئەوپەڕی وریایی پێوە ئەبینرێ..

ئیتر با زیرەکیی و لێهاتوویی لە بواری زمانەوانیی و ئەدەب و داڕشتن و شیعردا لەولاوە بووەستێ، سەرەڕای ئەو دەست پاکیی و زمان پاکییەی کە بووبوونە کاڵای باڵای..

بەڵێ ئازیزان ! ئەمجارە نیازمان وەهایە بچینە خزمەت ژیانی پڕفەڕی کەڵەزانای ئیسلام و تەرجومانی قورئان، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان رازیی بێ بەو هیوایەوە، بە خۆمان و ئازیزانی کورد زوبانەوە، بیکەینە سەرمەشق بۆ جووڵانی غیرەت و، لێبڕانی پڕ لە ئیخلاص بۆ خزمەتی ئیسلامی بێگەرد.

خوای گەورە کۆمەك بێت و، لە کەم و کوڕییەکانیشمان چاوپۆشیی بکات.

نووسەر

سلێمانیی

١٦ / ١٢ / ١٤٢٢ ك

٢٨ / ٢ / ٢٠٠٢ ز

# رۆڵەی هەڵكەوتوو

عەبدولموطەللیبی كوڕی هاشم ی باپیری پێغەمبەر ﷺ دە كوڕ و شەش كچی هەبووە كە ئەمانەن: عەبباس و، حەمزە و، عەبدوڵڵا و، ئەبوطالیب كە ناوی عەبد مەنافە و، زوبەیر و، حاریث و، حەجل، و موقەووەم و، ضیرار و، ئەبولەهەب كە ناوی عەبدولعوززایە و، صەفیە و، ئوم حەكیم بەیضاء و، عاتیكە و ئومەیمە و، ئەڕوا و، بەڕڕە.

عەبباس خوا لێی رازیی بێ دوو ساڵ بەر لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لە دایك بووە.. لە سەردەمی نەفامییدا سیقایەی پێ سپێررا بوو و، كە ئیسلامیش هات لە دەستیا هێشتیەوە.

ئەوەبوو ئامادەی پەیمانی عەقەبەی دووهەم بوو تا متمانەی ئەنصار وەربگرێ و دڵی بۆ موحەممەدی برازای ﷺ بێخەم ببێ كە ئەیەوێ، بە خولكی ئەنصار، بە خۆی و موسڵمانانی مەككەوە كۆچ بكات بۆ مەدینە.

عەبباس ـ كە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو ـ لەگەڵ سوپای قوڕەیشدا بەشداریی جەنگی بەدری كرد، ئەگەرچیی پێی ناخۆش بوو بەشداریی بكات، ئەوەبوو لەو جەنگەدا بەدیل گیرا و بە فیدیە ئازاد كرا و گەڕایەوە مەككە.

ئەڵێن عەبباس زوو موسڵمان بووە، بەڵام لەبەر خزمە قورەیشییەكانی، موسڵمان بوونی خۆی ئاشكرا نەكردووە، ئەویش بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر دەنگ و باسێكیش گرنگ بوایە ئەینوسیی بۆ پێغەمبەر ﷺ، تا ئەوەبوو كەمێك پێش فەتحی مەككە

کۆچی کرد و له (( جوحفه )) بـه پێغەمبـەر ﷺ و سـوپای رزگارکـەری مەککە گەیشت و، لەگەڵ سوپادا بەرەو مەککـە گەڕایـەوە و بەشـداریی فەتحی کرد.

له هەندێ ریوایەت‌دا هاتووە کە موسڵمان بوونی عەبباس خـوا لێـی رازیی بێ پێش جەنگی بەدر بووە.

ئەبو رافیعی بەندەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: خزمەت گوزاری عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب بووم. ئەوەبوو ئیسلام هاتبووە ناو خێزانەکەمانەوە. عەبباس موسڵمان بوو و، ئوم فەضل‌یش موسڵمان بوو و منیش موسڵمان بووم، بەڵام عەبباس سامی خزمەکانی لە دڵیدا بوو و پێی خۆش نەبوو پێچەوانەیان بجووڵێتەوە و، موسڵمان بوونی خۆی ئەشاردەوە، چونکە خاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆر بوو کە بەلای خزمەکانیەوە بوو.[1] شتێکی ئاشکراشە کە ئەبورافیع پێش بەدر موسڵمان بووە.

عەبباس لە رۆژی حونـەینیش‌دا لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ بـە دامەزراویی مایەوە، تا ئـەوەبوو پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـەبارەت بـەو ئەیفەرموو:

(( مَن آذى العباس فقد آذاني، فإنَّما عَمُّ الرسولِ صِنوُ أبيه )).[2]

فەرمووی: هەرکەس ئازاری عەبباس بدات ئـەوە ئـازاری منـی داوە، چونکە مامەی پێغەمبەر وەك باوکی وەهایە.

پێغەمبەر ﷺ زۆر بە رێزەوە تەماشای عەبباسی ئەکرد و، وەك باوك رێزی لێ ئەگرت و ئەیفەرموو: (( هذا بقية آبائي )).

---

[1] حياة الصحابة : الكاندهلوي / ج ٣ ص ٥٣٠.

[2] رواه الترمذي.

عەبباسیش خاوەنی ژیریی و سەلیقەیەکی چاك بوو.. زۆر سەخیی و لێبووردە بوو.. سەعیدی کوڕی موسەییەب لە سەعدی کوڕی ئەبووەققاصەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی عەبباس فەرمووی: (( هذا العباس بن عبدالمطلب أجود قريش كفاً وأوصلها ))[1].

بەم فەرمایشتەی شاهێدیی بۆ عەبباس ئەدا کە سەخیی ترین کەسی قوڕەیشە و لە هەموو کەسیش زیاتر سیلەی ڕەحم بەجێ دێنێ..

هاوەڵانیش پایەداریی عەبباسیان بەرچاو ئەگرت، بۆیە ڕێزیان لێ ئەگرت و ڕاوێژیان پێ ئەکرد و شوێن نەخشەی جوانی ئەکەوتن، هەتا عومەری کوڕی خەططاب خوا لێی ڕازیی بێ لە کاتی بێبارانییدا بەوەوە داوای بارانی لە خوا ئەکرد.

لە صەحیحی بوخارییدا چەسپاوە کە ئەنەس خوا لێی ڕازیی بێ گێڕاویەتەوە کە: بۆ نوێژەبارانە عومەر لەشار دەرئەچێت و عەبباسیشی لەگەڵدا دەرئەچێت و ئەیکاتە تکای باران بارین و ئەڵێت: (( خوایە ! هەرکاتێك بێبارانییمان بەسەردا بهاتایە بە هۆی پێغەمبەرمانەوە ﷺ لێت ئەپاڕاینەوە و تۆش بارانت بۆ ئەباراندین، وا ئێستاش بە هۆی مامەی پێغەمبەرمانەوە لێت ئەپاڕێینەوە و، تۆش بارانمان بۆ ببارێنە )). ئەڵێت: ئیتر بارانیان بۆ ئەباریی.[2]

عەبباس لە ڕۆژی جومعەی دوانزەی مانگی ڕەجەبی ساڵی سیی و دووی کۆچییدا لە مەدینەدا کۆچی دوایی کردووە و لە بەقیع یش

---

[1] رواه الإمام أحمد.

[2] البخاري : ٢ / ١٦.

نێژراوه. وتراویشه له مانگی رەمەزانی ئەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووه..

هاوسەری عەبباس (( أم الفضل لبابة الكبرى )) ی کچی حاریثی هیلالییه، که خوشکی مەیموونەی کچی حاریثی دایکی ئیمانداران بووه، وەك وتراوه پێش کۆچ کردن بۆ مەدینه موسڵمان بووه. ئیبن سەعد وتوویه:

أم الفضل یەکەم ئافرەته دوای خەدیجه که موسڵمان بووبێ.

بۆ پشتگیریی ئەمەی که ئوم فەضل پێش کۆچ کردن موسڵمان بووبێ، ئەو وتەی ئیبن عەبباسه که وتوویه: (( كنت أنا وأمي من المستضعفين )).

واته: من و دایکم لەو موسڵمانه بێدەسەڵاتانه بووین که خوای گەوره چاوپۆشیی لێ کردین و کۆچ کردنی لەسەرمان (( واجب )) نەکرد.

ئەوەبوو (( أم الفضل )) له حەجی ماڵئاواییدا له خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ بەشداریی کرد و، هەر ئەویش بوو که له رۆژی نۆهەمی مانگی (( ذو الحجة )) ی ئەو ساڵەدا پەرداخێ شیری بۆ پێغەمبەر ﷺ نارد، تا لەبەر چاوی خەڵکەکەدا بیخواتەوه، تا بزانن که پێغەمبەری خوا ﷺ بەرۆژوو نیه، جا هەندێ له زانایان ئەمەیان کردۆته بەڵگەی ئەوەی که کەراهەتی هەیه لەو رۆژەدا ئامادەبوانی کێوی عەرەفات بەرۆژوو بن.

ئەوەبوو مەیموونەی کچی حاریثی دایکی ئیمانداران کاری بەشوودانی خۆی به (( أم الفضل )) ی خوشکی سپارد و، ئەویش کارەکەی دایه دەست عەبباسی مێردی و، ئەویش له پێغەمبەری خوای ﷺ ماره بڕیی و چوارصەد دیرهەمی کرده مارەیی، ئەمەش لەو ساڵەدا بوو که

پێغەمبەری خوا ﷺ بە بۆنەی (( عمرة القضاء )) ەوە ماوەیان درا بچنە مەککەوە..[1]

ئوم فەضل دوو خوشکی تریشی هەبوون بە ناوی سەلما و ئەسماء، سەلما هاوسەری ئیمام حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیبی مامەی پێغەمبەر و سەرداری شەهیدان بوو و، ئەسمائیش هاوسەری جەعفەری کوڕی ئەبوطالیبی شەهیدی موئتە بوو، کە ئەوەبوو دوای ئەو ئەبوبەکر مارەی کرد و پاش ئەویش ئیمام عەلیی مارەی کرد.

ئەم خوشکانە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئیمانداربیان شاهێدیی بۆ داون:

کورەیب لە ئیبن عەبباسەوە، ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە: (( الأخوات الأربع مؤمنات: أم الفضل، وميمونة، وأسماء، وسلمى )).[2]

هەروەها ئوم فەضل خوشکێکی تری باوکیی هەبووە بە ناوی (( لبابة الصغرى )) کە ئەوەی راست بێ ئەوەیە موسڵمان بووە و ژیاویشە تا دوای کۆچی دوایی خالیدی کوڕی وەلید کە کوڕی بووە.[3]

بەم شێوەیە خالید و ئیبن عەبباس پوورزای یەکترین و هەردووکیشیان خوشکەزای مەیموونەی دایکی ئیمانداراننن، خوا لە هەموویان رازیی بێ.[4]

دەربارەی ساڵی لە دایکبوونی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ چەند ریوایەتێك هەن:

---

[1] سيرة ابن هشام.
[2] الإصابة : ٨ / ٢٦٦ ).
[3] الإصابة : ٨ / ١٧٨.
[4] البخاري : ٦ / ٢٠٠.

له عەمری کوڕی دینارەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: ئیبن عەبباس لە ساڵی کۆچ کردندا لە دایك بووە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوادا ﷺ تەمەنی ئەو دە ساڵ بووبێ. هەروەك ئیبن عەبباس خۆی دەری ئەبڕێ.[1]

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە ئیبن عەبباس سێ ساڵ پێش کۆچ کردن لە دایك بووە، لەو کاتەدا کە پێغەمبەر و موسڵمانەکان لەگەڵ نەوەی هاشم و موطەللیبدا بە پیلانی کافرانی قورەیش لە شیوی ئەبوطالیبدا گەمارۆ درابوون و، قورەیش بڕیاریان دابوو کە نەهێڵن بێنە ناو بازاڕیانەوە و، ژن و ژن خوازییان لەگەڵدا نەکەن و، بە هیچ شێوەیەك دڵیان پێیان نەسووتێ هەتا ناچار بن پشت لە پێغەمبەری ﷺ هەڵ بکەن و تەسلیمی قورەیشی بکەن تا لەسەر لادانی لە دینی قورەیش بیکوژن..[2]

موسلیم ی کوڕی خالیدی زنجیی مەککیی لە ئەبونوجەیح ەوە لە موجاهیدەوە، لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە: لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شیوەکەدا ( گەمارۆ درا ) بوو، باوکم ئەچێتە خزمەتی و پێی ئەڵێ: ئەی موحەممەد ! وا ئەبینم ئوم فەضل سکی پڕ بێت. ئەویش ئەفەرموێ: (( لعل الله أن يقرّ أعينكم )).

ئەفەرموێ: بەشکوم خوا بەو منداڵە چاوتان رۆشن بکاتەوە. ئەڵێت: کە لەدایك بووم لە دووتوێی پارچە قوماشێکدا هێنامیەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش تفی موبارەکی کردە ناو دەمم. موجاهید

[1] البداية والنهاية لابن كثير ٨ / ٢٩٥ ـ ٢٩٦ ، سير النبلاء ٣ / ٢٢٤.
[2] السيرة الحلبية : ١ / ٤٤٩.

ئەڵێت: پێنازانین کەسێکی تـر جگـە لـەو پێغەمبـەری خـوا ﷺ تفـی موبارەکی کردبێتە ناو دەمیەوە.

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە:

(( لعل الله أن يبيض وجوهنا بغلام )). فەرموویـە: بـەڵکو خـوای گەورە بە بەخشینی کوڕێك پێمان بمان گەشێنێتەوە. ئەوەبوو عەبـدوڵڵای کوڕی عەبباسی بوو.

بەمە خوای گەورە ئاواتەکەی پێغەمبەری ﷺ هێنایـە دیـی و، ئیبن عەبباس بووە پیاوێك کـە دەم و چـاوان بگەشـێنێتەوە و، سـەران بـەرز بکاتەوە و، لەناو پیاوان‌دا شانازیی پێوە بکرێت.

بە پێی ئەم ریوایەتەش بێت تەمەنی ئیبن عەبباس لـە کـاتی کۆچـی دوایی پێغەمبەردا ﷺ سیانزە ساڵان بووە.

هەروەها لە رێی شوعبەوە واقیدیی لە ئـیبن عەبباسـەوە ئەگێڕێتـەوە کە وتوویە: سێ ساڵ پێش کۆچ‌کردن کە لە شـیوەکەدا ( گـەماروو درا ) بووین لەدایك بووم و، کە پێغەمبـەری خـواش ﷺ کۆچـی دوایـی کـرد تەمەنم سیانزە ساڵ بوو.[1]

زوبەیری کوڕی بەککاریش پشت‌گیریی لە وتەکەی واقیدیی ئەکات کە ئەڵێت: کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد تەمەنی ئیبن عەبباس سیانزە ساڵ بووە.[2]

کە ئیبن عەبباس لە دایك بوو ناویان نا عەبدوڵڵا، چونکە ئەم ناوە لە سەردەمی نەفامییش‌دا لەناو عەرەبەکان‌دا هـەر بـاو بـوو، کاتێـك کـە ئیسلامیش هات بە ناوێکی زۆر چـاکی لـە قەڵـەم دا. لـە فـەرمودەی

---

[1] البداية والنهاية لإبن كثير ٨ / ٢٩٥.
[2] سير النبلاء ٣ / ٢٢٦.

شەریفدا هاتووە کە خۆشەویستترین ناو بەلای خوای بەشکۆوە عەبدوڵڵا و عەبدوڕڕەحمانە کە ئەفەرموێ: (( إِنَّ أَحَبَّ أسمائكم إلى الله عَزَّ وَجَلَّ عبد الله و عبد الرحمن )) [1].

ئەوەبوو پێغەمبەری خوایش ﷺ کوڕێکی خۆی کە لە خەدیجە بوو بووی ناو نا عەبدوڵڵا و هەروەها چەند کوڕێکی هاوەڵانیشی ناو نان عەبدوڵڵا.

ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازیی بێ ئەیگێڕێتەوە و ئەڵێت: کاتێك کە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوطەلحەی ئەنصاریی لە دایك بوو بردمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و پێغەمبەری خواش ﷺ عەبایەکی لە خۆی پێچابوو و وشترێکی خۆی بە قەتران دەرمان ئەکرد، فەرمووی: (( هَل مَعَك تَمرٌ ؟ )) فەرمووی: خورمات پێیە ؟ وتم: بەڵێ. ئەوەبوو چەند دەنکە خورمایەکم دایە خزمەتی و خستنیە دەمی و جوینی، پاشان دەمی منداڵەکەی کردەوە و کردنیە دەمیەوە و منداڵەکەش زمانی لە لێوی ئەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (( حب الأنصار التمر )). فەرمووی: ئەنصار خورمایان خۆش ئەوێت. ئیتر ناویشی نا عەبدوڵڵا. [2]

لە فەرموودەی شەریفیشدا هاتووە کە: ئەسمائی کچی ئەبوبەکر خوا لێیان رازیی بێ، کاتێك کە کۆچ ئەکات سکی بە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە پڕ بوو. ئەوەبوو گەیشتە قوباء و لەوێ بە عەبدوڵڵاوە پێ گیرا. پاشان کە منداڵەکەی بوو هێنایە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ تا شیرینیی بە دەمیەوە بکات. پێغەمبەری خوا ﷺ منداڵەکەی لێ وەرگرت و لە کۆشیدا دای نا و، پاشان داوای خورمایەکی کرد، عائیشە

---

[1] رواه مسلم وابن ماجه.
[2] رواه مسلم.

ئەڵێت: سەعاتێك گەڕاین تا دەستمان کەوت، ئەوەبوو جویی و پاشان تفییەوە ناو دەمی منداڵەکە و، یەکەم شتێ کە چووە ناو سکیەوە تفی موبارەکی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ. ئەسماء وتی: پاشان دەستی بەسەریدا هێنا و دوعای خێری بۆ کرد و ناویشی نا عەبدوڵلا..[1]

هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرمانی داوە ناوی منداڵیش بنێن عەبدوڕڕەحمان.

جابیری کوڕی عەبدوڵلا خوا لێیان رازیی بێ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: خوای گەورە منداڵێکی بە پیاوێکمان بەخشیی و ناوی نا قاسم، وتیان: نازناوی ئەبولقاسمت لێ نانێین ئەویش چووە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ئەو باسەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش فەرمووی: (( إسم إبنك عبدالرحمن )). فەرمووی: کوڕەکەت ناوی عەبدوڕڕەحمانە.[2]

کونیەی ئیبن عەبباس ئەبولعەبباس بووە، بە بۆنەی ئەوەوە کە کوڕە گەورەکەی ناوی عەبباس بووە.[3]

بەڵێ، عەبدوڵلا کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی قوصەی کوڕی کیلابی ـ کە ناوی حەکیمە ـ کوڕی موڕڕەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالبی کوڕی فیهری ـ کە ناوی قورەیشە ـ کوڕی مالیکی کوڕی نەضری کوڕی کەنانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مودریکەی کوڕی ئیلیاسی کوڕی موضەری کوڕی نزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنانە. پاشان نەسەبی سەر ئەکەوێ تا ئەگاتە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم سەلامی خوایان لێ بێ.

---

[1] رواه مسلم.
[2] رواه البخاري.
[3] سير النبلاء : ٣ / ٢٢٥.

هــەروەها عەبــدوڵڵا ئــامۆزای پێغەمبــەری خوایــە ﷺ کــە لــە عەبدولموطــەلليبدا يەك ئەگرن. کەواتە عەبدوڵڵا هەم قورەيشييە و هــەم هاشمييشە. خۆ دیارە بنەماڵەی هاشم پاكترين بنەماڵەی قورەيشە.

وائيلەی کوڕی ئەسقەع خــوا لێــی رازيــی بــێ لــە پێغەمبــەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە کە فەرموويە:

(( إن الله اصـطفى كنانــة مــن ولـد إسماعيــل، واصـطفى قريشــاً مــن كنانة، واصطفى من قريش بني هاشم، واصطفاني من بني هاشم ))[1].

ئەفەرموێ: خوای گەورە لەناو نەوەی ئيسماعيلدا کەنانەی هەڵبــژارد و، لەناو نەوەی کەنانەشدا قورەيشی هەڵبــژارد و، لــەناو قورەيشــيشدا نەوەی هاشمی هەڵبژاردن و، لە نەوەی هاشميشدا منی هەڵ بژارد.

دەبارەی موسڵمان بوونی ئيبن عەبباسـيش ئــەڵێن: موسـڵمان بــوونی عەبباسی باوکی هەر کاتێك بوو بــێ، ئــەوا بێگومــان موسـڵمانبــوونی عەبدوڵڵا ماوەيەکی زۆر پێش فەتحی مەککە بووە.

لە صەحيحی بوخارييدا چەند فەرموودەيەك دەربــارەی زوو موســڵمان بوونی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و ئوم فەضلی دايکــی هــاتوون. يــەکێ لەوانە ئەم فەرموودەيە کە سوفيانی کوڕی عوبەيدوڵڵا لە ئــيبن عــەبباس ەوە ئەيگێڕێتەوە و ئەڵێت: لە ئيبن عەبباسم بيستووە کە ئەيوت:

(( كنت أنا وأمي من المستضعفين ))[2].

هەروەها لە صەحيحی بوخارييدا هــاتووە: ئــيبن عــەبباس خــوا لێــی رازيی بێ لەگەڵ دايکيدا لە موسڵمانە بێ دەسەڵاتەکان بــوون و، لەگــەڵ باوکيدا لەسەر دينی قەومەکەی نەمابوويەوە..[3]

---

[1] رواه مسلم في صحيحه.
[2] رواه البخاري : ٥ / ١٨١.
[3] البخاري : ٢ / ٩٦.

جا هەرچەندە عەبدوڵڵا و دایکی زوو موسڵمان بوو بوون، هەروەها باوکیشی، بەڵام نەیانتوانی کۆچ بکەن بۆ مەدینە هەتا کەمێك پێش فەتحی مەککە، دوای ئەوەی کە باوکی موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا کرد. ئیتر پێکەوە لەگەڵ باوکیدا کۆچیان کرد و لە جوحفە بە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ گەیشتن کە بە خۆی و سوپای ئیسلامەوە بۆ فەتحی مەککە کەوتبوونە رێ.

ئەوەبوو هەردووکیان لە خزمەتیدا گەڕانەوە و بەشداریی فەتحی مەککەیان کرد.[1] فەتحی مەککەش لە ساڵی هەشتەمی کۆچییدا و، لە رۆژی جومعەی بیستەمی مانگی رەمەزانی پیرۆزدا بوو.[2]

عەبدوڵڵا هێشتا باڵغ نەبوو بوو کە کۆچی بۆ مەدینە کرد. هەر بەو منداڵییە پێغەمبەری خوا ﷺ بەیعەتی لێ وەرگرت و کردیە سەربازێکی بچکۆلەی قورئان و، ئەویش کەوتە هات و چۆی مزگەوت و وەرگرتنی زانست لە خزمەتی پێغەمبەر و هاوەڵاندا..

طەبەرانیی لە موحەممەدی کوڕی عەلیی کوڕی ئیمام حوسەینەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە: (( پێغەمبەر ﷺ بەیعەتی لە حەسەن و حوسەین و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر خوا لێیان رازیی بێ وەرگرت کە هێشتا ریشیان نەڕوا بوو و باڵغیش نەبوو بوون )).[3]

عەبدوڵڵا گەنجێکی جوانخاسی پێکەوتووی باڵابەرزی بەسام و هەیبەتی ژیری وریای پیاوانە بووە.[4] ئیبن مەندە وتوویە: پیاوێکی

---

[1] البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٦.
[2] نور اليقين للخضري بگ : ٢١٠.
[3] حياة الصحابة : ١ / ٣٧٩.
[4] سير النبلاء : ٣ / ٢٢٥.

سپیکەلەی، بالآبەرزی، موو زەردی، کەڵەگەتی، جوانخاسی، دەم و چاو گەشاوە بووە، کە قژێکی درێژی هەبووە و خەنەی تێگرتوە.[1]

ئیبن جورەیجیش ئەڵێت: لە مزگەوتی حەرامدا لە خزمەت عەطاءدا دانیشتبووین و، ئیبن عەبباسمان یاد کرد. عەطاء وتی: هەرچی جارێك مانگی چواردەم بینی بێ خێرا دەم و چاوی ئیبن عەبباسم هاتۆتەوە یاد..[2]

مەسرووقیش ئەلێت: ئەگەر ئیبن عەبباسم بدیایە، دەم وت: جوانترین کەسە.. گەر دەمیشی بکردایەتەوە، دەم وت: زمان پاراوترین کەسە.. گەر فەرموودەشی بگێڕایەتەوە دەم وت: زاناترین کەسە..[3]

بەڵێ، ئیبن عەبباس یەکجار بالآ بەرز بووە. خەڵکیی ئەیان وت: عەلیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب تا سەرشانی عەبدوڵڵا ئەگەیشت و، عەبدوڵڵاش تا سەرشانی عەبباس ئەگەیشت و، عەبباسیش تا سەرشانی عەبدولموطەللیب ئەگەیشت، بە مەرجێ عەلیی کوڕی عەبدوڵڵا یەکجار بالآ بەرز بووە.

موبەررید لە توززییەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە: جارێکیان عەلیی کوڕی عەبدوڵڵا تەوافی ماڵی خوای ئەکرد و پیرەژنێکی پیری بەساڵدا چووش لەوێ بوو، عەلییش ئەوەندە بالآبەرز بوو هەروەك ئەو بە سوارییی و خەڵکیش بە پێ بەڕێوەی بچن، پیرەژنەکە پرسیی: ئەوە کێیە لە هەموو خەڵکەکە بالآبەرزترە ؟ وتیان: عەلیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە. وتی: لا إلە إلا الله، خەڵکیی بەرەو کەمیی و ناتەواویی

---

[1] سیر النبلاء : ٣ / ٢٢٦.
[2] سیر النبلاء : ٣ / ٢٢٧.
[3] سیر النبلاء : ٣ / ٢٣٦.

ئەچن، چاوم لە عەبباس بووە کە طەوافی ماڵی خوای ئەکرد ئەت وت چادری سپییە.[1]

لە ئیبن جورەیجەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: لە مزگەوتی حەرامدا لەگەڵ عەطائی کوڕی ئەبورەباحدا دانیشتبووین، ئیبن عەبباس و پایەداریی ئەومان هاتەوە یاد و، عەلیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش، کە موحەممەدی کوڕی بە دوایەوە بوو، طەوافی ئەکرد. ئێمەش لە رێك و پێکی بالآیان و جوانیی دەم و چاویان سەرسام بووبووین، عەطاء وتی: جوانیی ئەمان لە کوێ لە چاو جوانیی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ؟ هەرچیی لە مزگەوتی حەرامدا بووبم و چاوم لە مانگی چواردە بووبێ کە لەسەر کێوی ئەبوقوبەیسەوە هەڵ ئەهات دەم و چاوی ئیبن عەبباسم ئەهاتەوە یاد. جارێکیان لە حیجردا لە خزمەتیا دانیشتبووین، ئەبینین وا پیاوێکی پیری دەشتەکیی بەساڵاچووی هۆزی هوذەیل، کە بە لەرزینەوە خۆی بەسەر داردەستەکەیدا ئەدا، هاتە خزمەتی و، لە بارەی مەسەلەیەکەوە پرسیاری لێ کرد و ئەویش وەڵامی دایەوە، دوای ئەوە پیاوە پیرەکە پرسیاری لە یەکێ لە دانیشتوانی کۆڕەکە کرد و وتی: ئەم گەنجە کێیە ؟ وتیان: ئەمە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیبە. پیاوە پیرەکە وتی: پاك و بێگەردیی بۆ ئەو خوایەی کە جوانیی عەبدولموطەللیبی گۆڕیوە بەم شێوەی کە ئەیبینم. عەطاء ئەڵێ: لە ئیبن عەبباسم بیستووە ئەی وت: لە باوکمم بیستووە ئەی وت: عەبدولموطەللیب لە هەموو کەسێ بالآبەرزتر و دەم و چاو جوانتر بوو هەر کەسێ چاوی پێ بکەوتایە خۆشەویستیی ئەچووە دڵیەوە.[2]

---

[1] الكامل للمبرد : ٢ / ٢٩.

[2] أخبار مكة المشرفة للأزرقي : ١ / ١٣٢.

ئەبو ئیسحاقیش ئەڵێت: ئیبن عەبباسم دیوە کە پیاوێکی کەڵەگەت بوو و قژی پێشەوەی سەری سپیی بوو بوو. ئەبو عەوانەش لە ئەبو حەمزەوە ئەگێڕێتەوە: ئیبن عەبباس کە دائەنیشت جێی دوو پیاوی ئەگرت.[1]

ئیبن عەبباس پێی خۆش بووە ناز و نیعمەتی خوای گەورەی پێوە دیار بن، بۆیە جل و بەرگی رێك و پێکی لەبەر ئەکرد، بەڵام لە سنووری شەرع نەئەترازا، ئەوەبوو جل و بەرگی بەنرخی لەبەر ئەکرد و بۆنخۆشیی بەکار ئەهێنا و بە پێی تواناش خۆی ئەڕازاندەوە.

عوثمانی کوڕی ئەبوسولەیمان ئەیوت: ئیبن عەبباس کراسێکی بە هەزار دیرهەم ئەکڕیی.

ئەوەندەش بۆن خۆش بووە بە هەر کۆڵانێکدا تێپەڕی بکردایە، ئەو کۆڵانەی بۆن خۆش ئەکرد بە رادەیەك کە ئافرەتان بەسەر دیواری حەوشەکانەوە سەیریان ئەکرد و ئەیان وت: ئەوە میسك بوو تێپەڕی کرد یان ئیبن عەبباس بوو ؟[2]

ماڵی ئیبن عەبباس خواردەمەنیی چاکی تێدا ئەخوارد. ئەوەتا ضەحاك ئەڵێ: ماڵم نەدیوە وەك ماڵی ئیبن عەبباس نان و گۆشتی زۆری تێدا بخورێ.[3]

ئیبن عەبباس خوا لێی رازیی بێ پێنج کوڕی هەبوون کە عەبباس گەورەیان بووە و بەو بۆنەشەوە کونیەکەی ئەبولعەبباس بووە فەضل و موحەممەد و عوبەیدوڵلا و، عەلییش بچووکی هەموان بووە کە باوکی

---

[1] الإصابة : ٤ / ٩١.

[2] سير أعلام النبلاء : ٣ / ٢٢٧.

[3] سير أعلام النبلاء : ٣ / ٣٥.

خەلیفــە عەبباســییەکانە و، دوو کچیشــی هــەبوون بــە نــاوی لوبابــە و ئەسماء.[1]

[1] سير أعلام النبلاء : ٣ / ٢٢٥.

# خواپەرستیی و وەرەعی

لەبەر ئەوەی کە ئیبن عەبباس بە منداڵیی موسڵمان بوو و، لەبەر ئەوەش کە زۆر نزیکی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو و، بە ئاسانیی هات و چۆی ماڵیانی ئەکرد، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئامۆزای بوو و، لە هەمان کاتدا مەیموونەی دایکی ئیماندارانیش خوشکی دایکی بوو، بە شەو و بە رۆژ ئەیتوانیی لە خزمەتی پێغەمبەردا بێت و بە شێوەیەکی کرداریی فێری خواپەرستیی ببێ و ئیخلاص و نییەت چاکیی لێ وەربگرێ.

کە خەلیفە عومەریش بووە ئەمیری ئیمانداران ئیبن عەبباس هاوەڵێتیی ئەویشی کرد و، بە جوانیی سەرنجی هەموو هەڵس و کەوتێکی عومەری ئەدا و هەموو وانەیەکی بەلاوە ئەخوێند. ئیتر ئەوەبوو خۆشەویستیی عیبادەت چووە دڵیەوە و، ترسێکی زۆری خوای گەورەی لە دڵدا دروست بوو و، لە سنووری خوا نەئەترازا.. بۆیە زۆرێک لەوانەی کە لەگەڵیا ژیا بوون و شارەزای خواپەرستیی و وەرەع و لەخواترسانی بوون باسیان کردووە:

عەبدوڵلای کوڕی ئەبومولەیکە ئەڵێت: لە مەککەوە تا مەدینە کەوتمە گەڵ ئیبن عەبباس، ئەوەبوو دوو رەکعەت نوێژی بەجێ ئەهێنا و کە ئەگەیشتە مەنزڵ لە نیوەشەودا هەڵ دەستا و دەستی بە خوێندنی قورئان ئەکرد پیت بە پیت و، تەسبیحات و شیوەنێکی زۆری ئەکرد.[1]

لە عەبدوڵلای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیریشەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: ئیبن عەبباس وتوویە: لە سەردەمی گەنجییمدا پەشیمانی هیچ

---

[1] سير أعلام النبلاء : ٣ / ٣٣٦ وصفة الصفوة : ١ / ٧٥٥.

شتێك نەبووم كە لە دەستم دەرچووبێ و نەم كردبێ، جگە لەوەی كـە بـە پێ حەجم نەكرد، ئەوەبوو حەسەنی كوڕی عەلیی بە پـێ بیسـت و پێـنج حەجی كرد و وشترەكانی قوربانییش لەگەڵیا ئەبران و، سێ جاریش مـاڵ و سامانی لەگەڵ خوادا بەش كرد..[1]

سەماكیش ئەگێڕێتەوە كە: ئیبن عەبباس ئاوی چـاوی دێـت و چـاوی كوێر ئەبێت و، ئەوانەی كە كون ئەكەنە چاوەوە تا ئاوەكەی بڕوات دێن و ئەڵێن: واز لە چاوت بهێنە بۆ ئێمە، تا ئاوەكەیان بڕژێن، بـەڵام ئەوەنـدە هەیە پێنج ڕۆژ بە پێوە نوێژ ناكەیت، وتی: نـا بـەخوا یـەك ڕەكعـەتیش نابێت، من فەرموودەی ئەوەم گێڕاوەتەوە كە هەركەس بە دەست قەسـت نوێژێك بەجێ نەهێنێ ئەوا كە ئەچـێتەوە حـزووری خـوا عـزوجـلّ لێـی تووڕەیە.[2]

دیارە ئەمە وەرەعی زیادەی ئـیبن عەبباسـە، ئـەگینا لـە شـەریعەتا ماوەی ئەوە هەیە بە بۆنەی چارەسەریی چاویەوە بە پێوە نوێژ نەكات..

ئیبن عـەبباس پێی خۆش بووە حەرف بە حەرف سـوننەت جـێ بـەجێ بكات.

ئیمام ئەحمەد تەخریجی كـردووە كـە ئەعرابییـەك لـە ئـیبن عـەبباس ئەپرسێت: بۆچ ئالی موعاویە ئاو و هەنگوین دەرخواردی خەڵكیی ئەدەن و، ئالی فلانیش ماستاو و، ئێوەش شەربەتی مێوژ ؟ ئایا لە ڕەزیلییتانە یا دەست كورتیی ؟ ئیبن عـەبباس وتـی: نـە لـە ڕەزیلییمانەوەیـە و نـە دەست كورتیشین، بەڵام ئـەوەبوو پێغەمبـەری خـوا ﷺ، كـە ئوسـامەی كوڕی زەید خوا لێیان ڕازیی بێ لە پاشكۆدا بوو، تەشریفی هێنایە لامان

---

[1] سير أعلام النبلاء : ٣ / ١٧٣.

[2] صفة الصفوة : ١ / ٧٥٦ وحياة الصحابة : ٣ / ٥٤١.

و داوای ئـاوی کـرد، ئێمـەش ئەمـەمان ـ واتـە شـەربەتی مێـوژ ـ دەرخواردی دا، ئەویش لێی خـواردەوە و فـەرمووی: (( أحسـنتم هكـذا فاصنعوا )). فەرمووی: چاکتان کرد. هەروا بکەن.

لە جەعفەری کوڕی تەمامیشەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: پیاوێك هاتە لای ئیبن عەبباس خوا لێیان رازیی بێ و لێی پرسیی: ئێوە ئەم شـەربەتی مێوژە دەرخواردی خەڵکی ئەدەن، ئایا سـوننەتێکە و شـوێنی ئەکـەون، یان ئەمەتان بەلاوە ئاسـانە لـە ماسـتاو و هـەنگوین ؟ ئـیبن عـەبباس وەڵامی دایەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنایە لای عـەبباس کـە خەریکی ئاودانی خەڵکیی بوو، فەرمووی: ئاوم پـێ بـدەن، عەبباسـیش داوای چـەند دۆلکەیـەکی گـەورەی پـڕ لـە شـەربەتی مێـوژی کـرد و، پێغەمبـەریش ﷺ یـەکێ لـەو دۆلکانـەی هـەڵگرت و شـەربەتەکەی خواردەوە و، پاشان فەرمووی: (( أحسنتم هكذا إصنعوا )). فـەرمووی: چاکتان کرد، هەروا بکەن. ئیبن عەبباس ئەڵێت: ئیتر پێم خۆش نیە ئەو شـەربەت دەرخواردانـە بـە ماسـتاو و هـەنگوین بگـۆڕم لەبـەر ئـەوە فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ: (( أحسنتم هكذا افعلوا )).[١]

حاکمیش لە موسەییەبی کوڕی رافیعەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە: کاتێك کە چاوەکانی ئیبن عەبباس خوا لە خۆی و لە باوکی رازیی بێ لـە بینین کەوتن، پیاوێك هاتە خزمەتی و پێی وت: ئەگەر حەوت رۆژ ئـارام بگری و بە پاڵەوە نوێژ بە ئیشارەت بکەیت و دەرمانت بکەم، بە ئیزنـی خـوای باڵادەسـت چـاك ئەبیتـەوە. ئـەویش نـاردی بـۆ لای عائیشـە و ئەبوهورەیرە خوا لێیان رازیی بێ و بۆ لای هاوەڵانی تـری پێغەمبـەریش

[١] حياة الصحابة : ٢ / ٦٥٣ ـ ٦٥٤.

ﷺ هەر یەکەیان دەیوت: ئەگەر لەو حەوت رۆژەدا مردیت چیی بە نوێژەکەت ئەکەیت ؟ ئەوەبوو وازی لە چاوی هێنا و دەرمانی نەکردن.[1]

لە سەعیدی کوڕی ئەبوسەعیدیشەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: لە خزمەتی ئیبن عەبباس‌دا بووم پیاوێك هاتە خزمەتی و پرسیی: ئیبن عەبباس ! رۆژووگرتنت چۆنە ؟ وەڵامی دایەوە: دووشەممە و پێنج شەممە بەرۆژوو ئەبم. پرسیی: بۆچ ؟ وەڵامی دایەوە: چونکە لەو دوو رۆژەدا کردەوە بۆ ئاسمان بەرز ئەبنەوە. جا منیش پێم خۆشە کە کردەوەکانم بەرز ئەبنەوە، بەرۆژوو بم.[2]

ئیبن عەبباس کە دەستی بە خواپەرستیی ئەکرد ترس و شەرمی خوا ئەچووە دڵیەوە و بە کوڵ فرمێسکی هەڵ ئەڕێژا، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کە باسی ئەو حەوت دەستەیەی کردبوو کە لە رۆژێکدا خوا ئەیان خاتە سایەی عەرشی خۆیەوە کە جگە لە سێبەری عەرشی خۆی هیچ سێبەرێکی تر نیە، باسی ئەو پیاوەشی کردبوو کە لە کاتی تەنیایی‌دا یادی خوا ئەکات و چاوەکانی بە خوڕ فرمێسك هەڵ ئەڕێژن، ئیبن عەبباسیش بە راستیی بەو جۆرە بوو.

کە دەستی بە خوێندنی ئایەتێکی قورئان ئەکرد، بە تایبەت لە شەونوێژدا لەسەر خۆ ئەیخوێند و بە کوڵ ئەگریا و هەنسکی ئەدا..

ئەوەندەش فرمێسکی رێژا بوو شوێنی فرمێسك هاتنە خوارەوەی رەش هەڵ گەڕابوو.

لە هەمووی خۆش‌تر ئەوەبوو ئیبن عەبباس زۆر بە فراوانیی سەیری خواپەرستیی ئەکرد.. وەهای لێك نەئەدایەوە کە خواپەرستیی ئەکرد..

---

[1] حياة الصحابة : ٣ / ٥٤١.
[2] سير أعلام النبلاء : ٣ / ٣٣٦.

وەهای لێك نەئەدایەوە کـە خواپەرسـتیی واتـە نوێـژ و ڕۆژوو و حـەج و زەکات بە تەنیا، بگرە خواپەرستیی بە لای ئەوەوە بریتیی بـوو لـە هـەر کارێك کە مرۆڤ لە پەروەردگاری نزیك بخاتەوە، وەك سەردانی نەخۆشێك، یان جێ بەجێ کردنی پێویستیی موسڵمانێك، یان وشەیەکی جوان کە بـە گوێی موسڵمانێکیدا بدات.. کەواتە موسڵمانی وریـا ئـەو کەسـەیە کـە بتوانێ ڕەزامەندیی خوا بە دەست بهێنێ، بە هەر شێوەیەك ببێ..

جارێکیـان ئـیبن عـەبباس لـە مزگـەوتی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ ئیعتیکاف ئەکات و پیاوێکیش دێتە لای و سەلامی لێ ئەکات و پاشـان دائەنیشێ. ئیبن عەبباس ئەڵێت: فلانەکەس ! بـە خـەمبار و دڵ تـەنگ بەرچاوم ئەکەوی. ئەڵێت: بەڵێ، ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خـوا. فلانـە کەس مافێکی بەسـەرمەوەیە، کـە بـە حورمـەتی خـاوەنی ئـەم قـەبرە دەسەلاتم بەسەریا نیـە. ئـیبن عـەبباس ئـەڵێت: باشـە لـە بـارەی تـۆوە نەیـدوێنم ؟ وتـی: ئەگـەر پێـت خۆشـە. ئـەڵێت: ئـیبن عـەبباس خێـرا پێڵاوەکانی لە پێ کـردن و لـە مزگـەوت چـووە دەرەوە. پیاوەکـە لێـی پرسیی: ئیعتیکافەکەتت لە بیرچوو ؟ وتی: نەء، بەڵام گوێم لـە خـاوەنی ئەم قەبرە بووە ﷺ، ماوەیەکـی نـزیـکیـشە ( فرمێسـك لـە هـەردوو چاویشی بە خوڕ هاتنە خوارەوە ) کـە ئـەی فەرمـوو: (( مـن مشـی في حاجة أخيه وبلغ فيها كان خيراً له من اعتكاف عشر سنين، ومن اعتكف يوماً ابتغاء وجه الله تعالى جعل الله بينه وبين النار ثـلاث خنـادق أبعـد مما بـين الخـافقين )).[1] ئەفـەرموێ: هـەر کـەس بـە دوای پێویسـتییەکی براکەیـدا ڕۆیشـت و ئەنجامیشـی دا، ئـەوا لـەوە چـاکترە کـە دە سـاڵ ئیعتیکاف بکات. خۆ هەر کەسیش لەبەر ڕەزامەندیی خوا تاقـە ڕۆژێـك

[1] حياة الصحابة : ٢ / ٧٥٣ والترغيب والترهيب : ٢ / ٢٧٢.

ئیعتیکاف بکات، ئەوا خـوای گـەورە سـێ چـاڵ ئەخاتـە نێـوان ئـەو و دۆزەخەوە کە ماوەی هەریەکەیان ئەوەندەی ئەم سەرو ئەوسەری ئاسمان و زەویی، یان ئەوەندەی ماوەی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتە.

موسڵمان خاوەنی کەسێتییەکی تیژ و تەواوە، لەبەر ئەوە دەستی دایە کارێك کارێکی تری لە یاد ناچێ، بەڵکو هەموو چاکەیەك ئەنجام ئـەدا.. لە بواری زانستدا زانا و، لە بـواری جیهـاددا موجاهیـد و، لـە بـواری کارکردنیش کرێکـارە.. موسـڵمان هـەموو ژیـانی بـە هـەوڵ و کۆشـش رازاوەتەوە.. هەموو هەڵوێستێکی ئیجابیی و کەڵك بەخشە..

منداڵانی موسڵمانانیش کە چاویان لە غیرەتـی دەورەبـەریان ئـەبوو، ئەوانیش فێری ئەو جوامێریی و غیرەت و کۆڵ نەدان و سەرەمڕ کارکردنە ئەبوون. ئـەوانیش هـەر بـە منـداڵیی دەسـتیان ئەدایـە هـات و چـۆی مزگەوت و فێربوونی زانسـتەکانی قورئـان و فـەرموودە تـا بـە وێنـەی سەربازێکی خۆنەویست خۆیان پەروەردە بکەن.. بۆیە هـەر بـە منـداڵیی حەزیان لە جیهاد ئەبوو و، پێیان خـۆش بـوو لـە خزمـەتی پێغەمبـەری ئازیزدا ﷺ بەشداریی جەنگی کافران بکەن و بیسەلمێنن کە ئەمانە ئـەو بەچکە شێرانەن کە بـەرگریی لـە موسـڵمانان ئەکـەن و، هـیچ هێزێکـی خوانـەناس نـاتوانێ سـاردیان بکاتـەوە و لەسـەر کـاری مەردایـەتیی رزگـارکردنی مـرۆڤ کۆڵیـان پـێ بـدات. هـەتا هـی وایـان هـەبوو کـە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر بچووکیی ئەیگێڕایـە دواوە دەسـتی بـەگریان ئەکرد تا دڵی سەرداری ئازیز ﷺ نەرم ببـێ و مـاوەی بـدات بەشـداریی جەنگ بکات..

ئـیبن عەبباسـیش خـوا لێیـان رازیـی بـێ یـەکێك بـوو لـەو رۆڵـە بەغیرەتانەی کە پێی خۆش بوو لە پێناوی خوادا بجەنگێ، ئەگەرچیی لـە

سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئەو تەمەنی کەم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریی فەتحی مەککەی کرد، ئەگەرچیی تەمەنی دە یان یانزە ساڵان ئەبوو. لەوەو دواش بەشداریی فەتحی ئەفریقیەی کرد:

لە ئەبو سەعیدی کوڕی یوونسەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: ئیبن عەبباس لەگەڵ کوڕی ئەبوسەرحدا بەشداریی غەزای ئەفریقیەی کردووە و، پانزە کەس لە دانیشتوانی میصریش فەرموودەیان لێیەوە گێڕاوەتەوە، ئەو غەزایەش لە ساڵی بیست و حەوتەمی کۆچییدا بووە.[1]

لە سەردەمی موعاویەشدا یەزیدی کوڕی موعاویە بە سوپایەکەوە هێرشی کردە سەر ئەستەنبوڵ و کۆمەڵێك لە هاوەڵە ناودارەکانیشی لەگەڵدا بوون وەك: ئیبن عومەر و، ئیبن عەبباس و، ئیبن زوبەیر و ئەبوئەییووبی ئەنصاریی.

فەرموودەش لە صەحیحی بوخارییدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە: (( أول جيش يغزون مدينة قيصر مغفور لهم )). فەرموویە: یەکەم سوپایەك کە غەزای شارەکەی قەیصەر ـ واتە ئەستەنبوڵ ـ ئەکەن چاوپۆشییان لێ کراوە. ئەوەبوو ئەو سوپایەی یەزید یەکەم سوپایەك بوو کە هێرشی کردە سەری، ئەویش بە مەینەت و ماندووبوونێکی زۆر ئەوسا گەیشتن.[2]

ئیبن عەبباس وەك رەوشتە بەرزەکانی تر بە رەوشتی جوانی سەخاوەتیش خۆی رازاندبۆوە.

ئەگێڕنەوە لە کاتێکدا، کە ئیبن عەبباس بە فەرمانی ئیمام عەلیی والیی بەصرە بووە، ئەبوئەییووبی ئەنصاریی ئەچێتە لای و دادی ئەوەی

[1] سير أعلام النبلاء : ٣ / ٢٢٦ ، والإصابة : ٤ / ٩٠.
[2] البداية والنهاية : ٨ / ٣٢.

بەلاوە ئەكات كـە قـەرزارە. ئـەويش پێـی ئـەڵێت: ئەبوئـەيیووب مـن ئەمەوێ ماڵەكەم چۆڵ بكەم بۆت وەك تۆ ماڵەكەت بۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ چۆڵ كرد، بەمە ئيبن عەبباس فەرمان بەسەر كەس وكاريدا ئەدا كـە ماڵەكە چۆڵ بكەن و، هەرچییش لە ماڵەكەدا بوو بـۆی بـەجێ هێشـت، كاتێكيش كە ئەبووئەيیووب ويسـتی بـڕوا ئـيبن عـەبباس وتـی: چـییت پێويستە ؟ وتی: مووچەكەم و هەشت بەندەش تا لە زەويـی و زارەكـەمدا كارم بۆ بكەن، مووچەكەی چوار هەزار ديرهەم بوو.. ئەوەبوو پێنج قـاتی پێ دا.. بيست هەزار ديرهەم و چل بەندەش.[1]

تيرميـذييش لە ئيبن عەبباسەوە خوا لێيان رازيی بێ تەخريجی كردووە كە: سواڵ كەرێك دێتە خزمەتی ئيبن عەبباس. ئەويش لێی ئەپرسێ: ئايا شايەتمانت بـە (( لا إلـه إلا الله و محمـد رسـول الله )) هێنـاوە ؟ ئـەڵێت: بەڵێ. ئەپرسێ: رەمەزانيش بەڕۆژوو ئەبيت ؟ ئەڵێ: بەڵێ. ئـەڵێت: دەی تۆ داوات كرد و، داواكـاريش مـافی هەيـە. لەسـەر ئێمـەش پێويسـتە دەستی يارمەتييت بۆ درێژ بكەين. ئەوەبوو كراسێكی دا پێـی و پاشـان وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە كە ئەيفەرموو: (( ما مِن مُسلم كسـا مسـلماً ثوبـاً إلا كـان في حفـظ الله مـادام عليـه منـه خرقـة )).[2] ئەيفەرموو: هەر موسڵمانێك كراسێكی كـردە بـەری موسـڵمانێك هـەتا پارچەيەكی لەبەردا بمێنێ ئەو موسڵمانە خێرومەندە وا لە پەنای خوادا..

ئيبن عەبباس لەبەردەم بەلاّ و نارەحەتييدا زۆر بە ئارام بووە. ئەوەبوو لە كۆتايی تەمەنيدا هەردوو چـاوی لـە دەسـت دا و هيچـی نەئـەبينی، كەچـيی ئـەو وەك موسـڵمانێكی ئيمـان كامـڵ بـاكی لـەم موصـيبەتە

[1] حياة الصحابة : ١ / ٦٠١ ـ ٦٠٢ ، وانظر سير النبلاء ٣ / ٢٣٦ و البداية والنهاية : ٨ / ٨.

[2] سير النبلاء : ٣ / ٢٤٠.

گەورەیە نەبوو، بگرە بە نیعمەتی ئەزانی، نەك بە موصیبەت، ئەوەتا سوپاسی خوا ئەكات بەوەی كە ئەگەر خوا نووری چاوەكانی لێ وەرگرتبێتەوە، ئەوا لە نووری زمان و دڵ بێبەشی نەكردووە، كە ئەڵێت:

إن يأخذ الله من عَينَيَّ نورَهُما     ففي لِساني وَقلبي منهما نور
قلبي ذكيٌّ وَعقلي غير ذي دخل     وفي فمي صارمٌ كالسيفِ مَأثور [1]

[1] سیر النبلاء : ٣ / ٢٤٠.

# له خزمەت پێغەمبەردا ﷺ

هەرچەندە ماوەی هاوەڵێتیی ئیبن عەبباس لەگەڵ پێغەمبەری خـوادا ﷺ کەم بوو، کە بریتیی بوو لە سیی مانگ، بەڵام چونکە هەمیشـە لـە خزمەتیا بوو و، لێی جیا نەئەبوویەوە، بە وردیی سەرنجی هەموو هـەڵس و کەوتێکی ئەگرت و، هەموو فەرمایشتێکی لەبەر ئەکرد، تـا ئـەوەبوو زۆرێـك لـە ژیـانی پێغەمبـەر ﷺ شـارەزا بـوو و بـۆ موسڵمانانیشـی گێڕایەوە.[1] هەتا جـاری وا ئـەبوو لـە مـاڵی مەیموونـەی پووریـدا شـەو ئەمایەوە و، وەهاش رێك ئەکەوت کە ئەو شـەوە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەوێ بێت و پێکەوە لە ژوورێکدا ئەخەوتن، بگرە لەسەر یـەك پشـتیی. لەبەر ئەمە جێی خۆی بوو هەندێ شتی گرنگی ژیانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بگێڕێتەوە کە هیچ پیاویکی تر ئاگـاداری نـەبووبێ هـەروەها جێـی خـۆی بـوو کـە هـەموو رەوشـت و سـیفەتێکی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەربگرێت.

ئیبن عـەبباس ئەگێڕێتـەوە و ئـەڵێت: شـەوێکیان لـە مـاڵی پـوورم مەیموونەی کچی حاریـث ی هاوسـەری پێغەمبـەر ﷺ مامـەوە و، ئـەو شەوەش پێغەمبەر ﷺ لەوێ لەلای بوو. ئەوەبوو نوێـژی عیشـای بـەجێ هێنا و، پاشان تەشریفی هێنایەوە ماڵەوە و چوار رەکعەت نوێژی بـەجێ هێنا و، پاشان تەشریفی هێنایەوە ماڵەوە و چوار رەکعەت نوێژی بـەجێ هێنا و، پاشان خەوت و، پاشان هەستا و دوای ئـەوە فـەرمووی: (( نـام الغلیم )). فەرمووی: منداڵەکـە خـەوت، یـان وشـەیەکی لـەو شـێوەیە،

[1] سیر النبلاء : ٣ / ٢٢٤ ، البدایة والنهایة : ٨ / ٢٩٦.

پاشان هەستا و منیش هەستام لەلای چەپیەوە وەستام و، ئەویش خستمیە لای راستی و پێنج رەکعەت نوێژی بەجێ هێنا، پاشان دوو رەکعەتی تریشی بەجێ هێنا، پاشان خەوتەوە هەتا گوێم لە پرخەی بوو، پاشان چوو بۆ نوێژی بەیانیی.[1]

لە کورەیبی خزمەت گوزاری ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕنەوە، کە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس هەواڵی داوەتێ، کە شەوێکیان لە ماڵی مەیموونەی هاوسەری پێغەمبەر ﷺ ئەمێنێتەوە، کە پووری بووە. ئەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ تا نیوەشەو یان کەمێك پێشتر یان پاشتر خەوت، ئەوسا لە خەو هەستا و دانیشت و بۆ لابردنی خەو دەستی بە دەم و چاویدا هێنا، پاشان دە ئایەتەکەی کۆتایی سورەتی (( آل عمران )) ی خوێندن، پاشان هەستا بۆ لای کوندەیەکی هەڵواسراو و بە چاکیی دەستنوێژی لە ئاوەکەی گرت و دەستی بە نوێژ کرد. ئیبن عەبباس ئەڵێت: منیش هەستام و وەك ئەوم کرد، پاشان چووم لە تەنیشتیا وەستام و، ئەویش دەستی راستی خستە سەر سەرم و گوێمی گرت و ئەی پرواند، ئەوەبوو دوو رەکعەت نوێژی بەجێ هێنا، پاشان دوانی تر و، پاشان دوانی تر و، پاشان دوانی تر و، پاشان وەتری بەجێ هێنا، پاشان راکشایەوە هەتا بانگوێژ هاتە خزمەتی و ئەویش هەستا و دوو رەکعەت نوێژی کورتی بەجێ هێنا، پاشان لە ماڵ دەرچوو و نوێژی بەیانیی بەجێ هێنا.[2]

هەروەها باسی چۆنیەتیی ژیان و گوزەرانی پێغەمبەر و خێزانەکانی ئەکرد: تیرمیذیی لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی

---

[1] البخاري : ١ / ٣٧.

[2] البخاري : ١ / ٥٣ ـ ٥٤.

کردووە و بە صەحیحیشی لە قەڵەم داوە کە: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی و ماڵ و منداڵی چەندین شەوی یەك لە دوای یەك بە برسێتیی بێ‌شێو سەر ئەنێنەوە، زۆربەی نانیشیان نانی جۆ بووە.[1]

ئیبن عەبباس وەك هەموو هاوەڵان زۆر بە ڕێزەوە تەماشای پێغەمبەری خوای ﷺ لە کورەیبەوە ئەگێڕنەوە کە ئیبن عەبباس هەواڵی داوەتێ و وتوویە: لە کۆتایی شەودا هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و لە دوایەوە نوێژم کرد. ئەویش دەستی گرتم و هەتا هێنامیە ڕیزی خۆیەوە. جا کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە نوێژ کرد من کشامە دواوە، کە لە نوێژەکەی بوویەوە فەرمووی: (( ما شأني أجعلك في حذائي فتخنس ؟ )). فەرمووی: ئەوە چیتە من ئەت‌هێنمە ڕیزی خۆمەوە کەچیی تۆ ئەکشێیتە دواوە ؟ منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا ئەشێ کەسێك لە ڕیزی تۆدا، کە پێغەمبەری ئەو خوایەیت کە پێغەمبەرایەتیی پێشکەش کردوویت، نوێژ بکات ؟ ئەڵێت: ئەم وشەیەی زۆر پێ خۆش بوو و، لە خوای گەورە پاڕایەوە کە زانست و تێ گەیشتنی زیاترم پێ ببەخشێ.[2]

لە عوبەیدوڵلای کوڕی ئەبویەزیدیشەوە، لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: جارێکیان پێغەمبەر ﷺ دەستی بە ئاو گەیاند و، منیش ئاوی دەست نوێژم بۆی ئامادە کرد. فەرمووی: کێ ئەم ئاوەی ئامادە کردووە؟ هەواڵیان دا پێی. ئەویش فەرمووی: (( أللهم فَقِّهه في الدين )).[3] لە (( البداية والنهاية ))شدا ئەم زیادەیەی هەیە: ((

---

[1] انظر حياة الصحابة : ١ / ٤٥٤.

[2] رواه الإمام أحمد ، انظر البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٦.

[3] البخاري : ١٤٥ و رواه الإمام أحمد ، انظر البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٧ وسير النبلاء : ٣ / ٢٢٥.

وَعَلِّمْهُ التأويل ))، فەرمووی: خوایە لە دیـن شـارەزای بکـە و تەفسـیری قورئانیشی پیشان بدە.

عیکریمەش لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕێتەوە کـە وتوویـە: پێغەمبـەری خوا ﷺ گوشیمی بە خۆیدا: و فـەرمووی: (( أللـهم عَلِّمـهُ الكتـاب )).[1] فەرمووی: خوایە ! زانستی قورئانی نیشان بدە.

لە عەبدوڵڵای کـوڕی عومـەرەوە ئەگێڕنـەوە وتوویـە: عومـەر ئـیبن عەبباسی بۆ لای خۆی بانگ ئەکرد و لـە خۆشـی نزیکـی ئەخسـتەوە و ئەیفەرموو: چاوم لێ بووە ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ بـانگی کـردی بۆ لای خۆی و دەستیشی هێنا بە سەرتدا و فەرمووی: (( أللهم فَقِّهْـهُ في الدِّينِ وعَلِّمْهُ التَّأْوِيلَ )).[2]

فەرمووی: خوایە لە دین شارەزای بکە و تەفسیریشی نیشان بدە، لـە (( البداية )) شدا ئەمەی بۆ زیاد کراوە: تفیشی کردە ناو دەمت.

لە طاووسەوە گێڕاویەتەوە وتوویە: پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کـردم و دەستی بەسەر پێشەوەی سەرمدا هێنا و، فەرمووشـی: (( أللـهم علمـه الحكمة وتأويل الكتاب )).[3] فـەرمووی: خوایـە ! حیکمـەت و تەفسـیری قورئانی فێر بکە.

عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەریش خـوا لـە هـەردووکیان ڕازیـی بـێ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبباس کرد و فەرمووی: (( أللهم بارك فيه وأنشر منه )).[4] دوعـای بـۆ

---

[1] البخاري : ١ / ٢٧ و ٨ / ١٣٨ وانظر فتح الباري عند شرحه هذا الحديث.
[2] فتح الباري : ١ / ١٣٥..
[3] فتح الباري : ١ / ١٣٥.
[4] صفة الصفوة : ١ / ٧٤٧.

ئەکرد تا بەرەکەت بخاتە کـار و خزمەتیـەوە و دینـی ئیسـلام بـە هـۆی ئەوەوە بڵاو بکاتەوە.

بێگومان کەسێ لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ ئاوەها دوعای خێری بۆ بکرێ، پاشەڕۆژێکی چاکی ئەبێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بێفیز و دەمار بووە، بـە رادەیـەك کـە بـە لایەوە زۆر ئاسایی بووە کاتێـك سـواری وڵاغ بوایـە کەسـێکی تـری لـە پاشکۆیدا سوار بکردایە، یەکێ لەوانەش ئیبن عەبباس بووە.

ئیمام ئەحمەد لە ئیبن عـەبباسەوە خـوا لێیـان رازیـی بـێ تـەخریجی کردووە کە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاشکۆی خۆیـدا سـواری وڵاغەکـەی خۆی کردووە. کاتێك کە لەسەر پشتی وڵاغەکـە دانیشـت، پێغەمبـەری خوا ﷺ سێ جار (( ألله أکـبر )) و سـێ جـار (( سـبحان الله )) و یـەك جاریش (( لا إلـه إلا الله )) ی فەرموو، پاشان بە سەریەوە پـاڵ کـەوت و دەستی بە پێکەنین کرد، پاشان رووی لە ئیبن عەبباس کـرد و فـەرمووی: هەر کەسێ سواری وڵاغەکەی ببێت و وەك ئەمە بکات کـە مـن کـردم، ئەوا خوای عزوجل رووی تێ ئەکات و، وەك من بـە دەم تـۆوە پێکـەنیم وەهاش بە دەمیەوە پێ ئەکەنێ.[1]

پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو لە رۆژی جەژندا خـەڵکێکی زۆر بۆ ئەو بۆنە پیرۆزە کۆ ببنەوە و، پێیشی خۆش بوو ئەو کۆبوونەوە مەزنە لە دەشت، لـە دەرەوەی شـاردا ئـەنجام بـدرێت، تـا بـە ئاسـانیی جێـی خەڵکەکە هەر هەمووی ببێتەوە. هەتا ئافرەتە گەنجەکان و ئەوانەش کـە لە ماڵ دەرنەئەچوون ئامادە ئەبوون، فەرمانیشی ئـەدا هـەر ئافرەتێـك پۆشـاکی دەرەوەی نیـە بـا پۆشـاکی خوشـکەکەی بخوازێـت و، ئـەو

---

[1] حياة الصحابة : ٤ / ٦٠.

ئافرەتانــەش کــە نوێــژیان لەســەر نیــە هــەر بــا ئامــادە بــن و لەگــەڵ موسڵمانانردا (( ألله أكبر )) بڵــێن، ئەوەنــدە هەیــە کــەنار بگــرن و نوێــژ نەکەن. هەروەها منالە وردەکانیش هان ئەدران ئامادەی نوێژ بن، تا لــە کۆڕ و کۆمەڵی موسڵمانانردا فێری یاساکانی ئیسلام بن.

عەبدوڵڵای کوڕی عابس ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : گوێم لێ بوو پیاوێــك پرسیاری لە ئیبن عەبباس کرد: ئایا لە خزمەتی پێغەمبــەری خــوادا ﷺ ئامادەی نوێژی جەژنی قوربان یان رەمەزان بوویت ؟ وتی: بەڵێ، ئەگــەر لەبەر نزیکییم لێیەوە نەبوایە ئامــادەی نەئــەبووم ـ مەبەســتی ئەوەیــە: لەبەر بچووکیی ـ ئەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنایە ناومــان و وتاری بۆ داین. ئیتر نە بانگ و نە قامــەت نــەکران، پاشــان رووی لــە ئافرەتان کرد و ئامۆژگاریی ئەوانیشی کرد و فەرمانــەکانی خــوای وەبــیر هێناوە و فەرمانی بە سەریاندا دا تا صەدەقە بکــەن، منــیش چــاوم لێ بوو هەڵمەتیان بۆ گوێ و گەردەنی خۆیان دا و ئەیان دانە دەســت بــیلال، پاشان خۆی و بیلال گەڕانەوە ماڵەوە.[١]

پایەداریی عەبدوڵلا لە بینینی جیبریلدا دەرئەکەوێ.. ئیبن عــەبباس ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: لەگەڵ باوکمدا لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ بــووین و پیاوێکیشــی بــەلاوە بــوو کــە پێکــەوە بــە نهێنــیی وت و وێــژیــان ئــەکــرد. ( عــەففانی ریوایــەتکــەری فەرموودەکــە ئــەڵێت: هــەروەك پێغەمبەر ﷺ پشــتی لــە عــەبباس هــەڵکــردبــێ ) کــە لــە خزمەتیــدا هەڵسـاین، عەبباس وتی: نەتدیی ئامۆزاکەت وەك پشتم لێ هەڵ بکــات ؟

[١] البخاري : ٦ / ١٦٢ ، ٧ / ٥٤.

وتم: پیاوێکی بەلاوە بوو بــە نهێنیــی وتو وێـژیان ئـەکرد. عــەففان ئەڵێت: عەبباس پرسیی: بۆچ هیچ کەسێکی بـەلاوە بـوو ؟ وتم: بـەڵێ. ئەوەبوو گەڕایەوە خزمەتی و، وتی: ئەی پێغەمبــەری خـوا ! ئـەو کاتــە کەست بە لاوە بوو ؟ عەبدوڵلا ئەڵێت: پیاوێکی بە لاوە بوو و بە نهێنیی وتو وێــژیان ئــەکرد. فــەرمووی: (( هــل رأیتــه یــا عبــد الله ؟ )). فەرمووی: عەبـدوڵلا ! بینیـت ؟ ئـەڵێ: وتم: بـەڵێ. فـەرمووی: (( ذاك جبریل علیه السلام )).[1]

( دارقطـني ) ش لە ئیبن عەبباس ەوە ریوایەتی کردووە کـە وتوویـە: دوو جــار جیــبریلم دیــوە و، پێغەمبــەری خــواش ﷺ دوو جــار داوای حیکمەتی بۆ کردووم.

عەبـدوڵلا یەکێکـە لــەو چـەند منداڵــەی کـە هــەر بــە منــداڵیی پێغەمبەری خوا ﷺ بەیعەتی لێ وەرگرتوون:

جەعفەری کوڕی موحەممــەد لــە باوکیــەوە ئەگێڕێتــەوە کـە وتوویــە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەیعەتی لە حەسەن و حوسەین و عەبدوڵلای کـوڕی عەبباس و عەبدوڵلای کوڕی جەعفەر وەرگرت کە هێشتا منداڵ بــوون و باڵغیش نەبوو بوون و، لە ئێمەش بەو لاوە بەیعەتی لــە هــیچ منــداڵێك وەرنەگرتووە.[2]

ئیبن عەبباس لەو رۆژەوە کە کۆچی بۆ مەدینە کرد و، بـۆ پێغەمبــەر ﷺ وەك سێبەری لێ هات، تا کۆچی دوایی کرد لێی جویێ نەئەبوویــەوە، هەتا چاك ئاگاداری دوا ساتەکانی ژیانی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ.

---

[1] رواه الإمام أحمد. انظر البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٧.
[2] البداية والنهاية : ٨ / ٢٠٧.

ئیبن عەبباس ئەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەو نەخۆشییەیدا کە کۆچی دوایی کرد بە قوماشێك سەری بەستبوو و تەشریفی هاتە دەرەوە و، لەسەر مینبەر دانیشت و سوپاس و ستایشی خوای کرد و، پاشان فەرمووی: (( إنه ليس مِن الناس أَحَدٌ أَمَنُّ عليَّ في نفسِهِ ومالِهِ مِن أبي بكر بن أبي قحافةَ، ولو كنتُ متخذاً مِن الناس خليلاً لاتخذت أبابكر خليلاً، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدُّوا عَني كلَّ خوخةٍ في هذا المسجد غير خوخةِ أبي بكرٍ )).[1] فەرمووی: هیچ کەسێك بە وێنەی ئەبوبەکری کوڕی ئەبوقوحافە لە سەر وماڵیدا منەتی بەسەرمەوە نیە: جا ئەگەر کەسێکم لەناو خەڵکییدا بۆ دۆست هەڵ ببژاردایە ئەوا ئەبوبەکرم هەڵ ئەبژارد، بەڵام برایەتیی ئیسلام چاك ترە. چیی دەرگا وان لەسەر ئەم مزگەوتە هەر هەموویان داخەن جگە لە دەرگای ئەبوبەکر.

پێغەمبەر ﷺ ماڵی ئەبوبەکری جیاکردەوە بە بۆنەی ئەوەوە فەرمانی بەسەردا دابوو لە کاتی نەخۆشی یەکەیدا ئەو پێش نوێژیی بۆ خەڵکەکە بکات. هەندێ لە زانایانیش ئەوەیان لەم فەرموودە وەرگرتووە کە ئەمە ئاماژە بێت بۆ ئەوە کە پێغەمبەر ﷺ پێی باشە ئەبوبەکر ببێتە خەلیفە و کاروباری موسڵمانان بەو بسپێرێ.[2]

لە عیکریمەشەوە ئەگێڕنەوە کە ئیبن عەبباس خوا لێیان رازیی بێ وتوویە: پێغەمبەری خوا ﷺ لەو نەخۆشییەیدا کە پێی کۆچی دوایی کرد تەشریفی هاتە دەرەوە و لێفەیەکی لە خۆی پێچا بوو و بە قوماشێکی ئەستوور سەری بەستبوو و لەسەر مینبەر دانیشت. جا سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و پاشان فەرمووی: (( أما بعد، فإن الناس

[1] البداية والنهاية : ٨ / ٢٠٧.
[2] سەیری ( فتح الباري ) بکە : ١ / ٣٧٥.

يكثرون ويقل الأنصار حتى يكونوا في الناس بمنـزلة الملح في الطعام، فَمَـن وَلي منكم شيئاً يضرّ به قوماً وينفع فيـه آخـرين، فليقبـل مـن محسـنهم، ويتجاوز عَن مسـيئهم )). فەرمووی: خەڵك زۆر ئەبێت و ئەنصاریش کەم ئەبنەوە تا لەناو خەڵکەکەدا وەك خوێی چێشتیان لێ دێ. جا هەرکامتان کارێکی وەهای گرتـە دەست کـە بتـوانێ زیـان و کـەڵك بـە خـەڵکیی بگەیەنێ، با چاکەی چـاکەکاری ئەنصـار وەربگـرێ و، چاوپۆشـییش لـە کردەوەی خراپکاریان بکات، ئەمەش دوا دانیشتنی پێغەمبەر بوو ﷺ.[١]

هەروەها باسی کۆچی دوایی و شۆردن و نوێژ لەسەرکردنی ئەکات:

طەبەرانیی لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بـێ ئەگێڕێتـەوە کـە وتوویە: نەخۆشییەکەی پێغەمبەر ﷺ گران بوو و عائیشە و حەفصەشـی بەلاوە بوون و عـەلییش ـ خوا لە هەموویان رازیی بێ ـ هاتـە خزمـەتی. کە پێغەمبەر ﷺ چاوی پێ کەوت سەری بـەرز کـردەوە و فـەرمووی: (( أدنُ مـني، أدن مـني )) فـەرمووی: لـێم نزیـك بکـەوەرەوە. ئـەوەبوو نووساندی بە خۆیەوە و هەر لە لاشی مایەوە هەتا کۆچی دوایی کرد. کە گیانی دەرچوو عەلیی هەستا و دەرگاکەی داخست. عەبباس بە خـۆی و نـەوەی عەبـدولموطـەللیبـەوە هـاتن و لـە دەرگـا وەسـتان، عـەلییش ئەیفەرموو: باوکم بە قوربانت بێ بـە زینـدوویی و بـە مـردووییش هـەر بۆنت خۆشە. لەو کاتەشدا بۆنێکی خۆش هەڵی کرد کە لەوەو پێش وەك ئەو بۆنەیان نەبیستبوو. عەبباس وتی: بێدەنگ، واز لـە گریـانی ژنانـە بێنن و، بێن بەلای کەسەکەتانەوە. عـەلیی فـەرمووی: فـەضلی کـوڕی عەبباسم بۆ بکەنە ژوورەوە، ئەنصاریش وتیان: لەبـەر خـاتری خـوا، بـا ئێمەش بەشمان بە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ هـەبێت، ئـەوەبوو ئـەوانیش

---

[١] البخاري : ٤ / ١٨٤.

پیاوێکیان کردە ژوورەوە کە پێی ئەوترا: ئەوسی کوڕی خەوەلیی کە گۆزەیەکی بە دەستێکی هەڵ گرتبوو. لەو کاتەدا لە ماڵەکەدا دەنگێکیان بیست: پێغەمبەری خوا ﷺ رووت مەکەنەوە، بەڵکو وەك خۆی بە کراسەکەیەوە بیشۆن، عەلیی دەستی بە شۆردنی کرد و دەستی بە ژێر کراسەکەیدا ئەبرد و، فەضلیش کراسەکەی بۆ ئەگرت و، ئەنصارییەکەش ئاوی بە دەستیاندا ئەکرد و، عەلییش ئەو دەستەی کە ئەیکرد بە ژێر کراسەکەدا بە قوماشێك دای پۆشیی بوو.[1]

ئیبن ئیسحاقیش لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە: کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، پیاوان دەستە دەستە کرانە ژوورەوە و بەبێ ئیمام نوێژیان لەسەر کرد هەتا تەواو بوون، پاشان ژنان کرانە ژوورەوە و نوێژیان لەسەر کرد، پاشان منداڵان کرانە ژوورەوە و نوێژیان لەسەر کرد، پاشان بەندانیش کرانە ژوورەوە و دەستە دەستە نوێژیان لەسەر کرد و کەسیش ئیمامەتی بۆ نەکردن.[2]

هەروەها ئیبن عەبباس باسی هەڵوێستی هاوەڵانمان بۆ ئەکات کاتێك کە هەواڵی کۆچی دوایی پێغەمبەریان ﷺ بەر گوێ کەوت.

عەبدوڕڕەزاق و ئیبن سەعد و ئیبن ئەبوشەیبە و بوخاریی و ئیبن حەببان و غەیری ئەوانیش لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجیان کردووە کە ئەبوبەکری صددیق خوا لێی رازیی بێ لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کردبوو هاتە ناو خەڵکەکە و ئەبینێ وا عومەر خوا لێی رازیی بێ قسە بۆ خەڵکەکە ئەکات.

---

[1] حياة الصحابة : ٢ / ٦٠٣.

[2] حياة الصحابة : ٢ / ٦٠٤.

فەرمووی: عومەر دانیشە. ئەوەبوو شایەتمانی هێنا و پاشان فەرمووی: أما بعد، هەرکەس لە ئێوە موحەممەدی ﷺ ئەپەرست، ئەوا موحەممەد مرد، هەرکەسیشتان خوای ئەپەرست، ئەوا خوای بالآدەست زیندووە و نامرێت، ئەوەتا خوای گەورە فەرموویە: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ﴾ (آل عمران: ١٤٤).

ئەڵێت: دە بەخوا هەروەك ئەو خەڵکە نەیانزانی بێ کە خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردۆتە خوارەوە هەتا ئەبوبەکر خوێندیەوە، هەموو خەڵکەکە ئایەتەکەیان لە دەمی وەرگرت و یەك بە یەك ئەشیان خوێندەوە. عومەری کوڕی خەططابیش ئەی فەرموو: بەخوا هەر ئەوەندە بوو کە گوێم لە ئەبوبەکر بوو ئایەتەکەی ئەخوێندەوە یەکسەر ئەژنۆم شکان و خۆم بەسەر پێوە نەئەگرت و کەوتمە زەویی و، کە ئایەتەکەم بیست ئەوسا بۆم دەرکەوت کە بە راستیی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کردووە.[1]

[1] حياة الصحابة : ٢ / ٦٠٧.

# لەگەڵ خەلیفە عومەردا

لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکردا خوا لێی رازیی بێ ناوبانگی ئیبن عەبباس ئەوەندە دەرنەچوو بوو، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك: یەکەم ئیبن عەبباس هێشتا منداڵ بوو. دووهەم: ماوەی خیلافەتی ئەبوبەکر کەم و کورت بوو. سێهەمیش: لەو ماوە کەمەدا خەلیفەی ئیسلام و موسڵمانان بە جەنگی هەڵ گەڕاوەکانەوە پەشۆکابوون و دەرفەتی هیچی تریان نەبوو..

بەڵام بە هاتنی سەردەمی خیلافەتی عومەر خوا لێی رازیی بێ تەمەنی ئیبن عەبباس زیاتر بوو و پێی نایە قۆناغی لاوێتییەوە و، لێهاتن و زیرەکیی و وریایی و بلیمەتیی ئەو بە چاکیی دەرکەوتن و، بە یارمەتیی و کۆمەکیی خوا بەرەو خزمەتی زۆر و بەلێشاوی موسڵمانان هەنگاوی هەڵ ئەگرت..

عومەریش بە ژیریی و سەلیقەی خۆی سەرنجی ئیبن عەبباسی ئەگرت.. بیری بەلای نەسەبی رەسەن و بنەماڵەی رێك و پێکەوە هەبوو و، لە یادیشی بوو کە ئیبن عەبباس ئامۆزای پێغەمبەری نازدارە ﷺ، لەبەر ئەوە دڵسۆزی راستەقینەی بێمەرامی ئیسلامە. ئیتر با زیرەکیی و سەلیقەداریی ئیبن عەبباس خۆی لەولاوە بووەستن.

لەبەر ئەمانە عومەر حیسابی تایبەتیی بۆ عەبدوڵلا ئەکرد و، لە خۆی نزیك ئەکردەوە و، بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە ئەهاتنە رێی راوێژی پێ ئەکرد. ئەوەبوو ئیبن عەبباسیش بەو شێوە دەرچوو کە عومەر حیسابی بۆ کردبوو، بەڵکو لەوەش چاکتر.

خەلیفە عومەر خوا لێی رازیی بێ ئەوەندە رێزی لە عەبدوڵڵا ئەگرت، ماوەی ئەدا لەگەڵ ریش سپیانی بەدردا ئامادەی کۆڕی خەلیفە ببێت، تا ئەو رادەیە کە هی وایان هەبوو لەو ریش سپیانە ئەم کردارەی عومەری لە دڵەوە پێ ناخۆش بوو.

سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە: عومەر ماوەی ئەدا لەگەڵ ریش سپیانی بەدردا بچمە ژوورەوە و، هی واشیان هەبوو کە گرتبوویە دڵ و ئەیوت: بۆچ ماوە ئەدەی ئەمە لەگەڵمان بێتە ژوورەوە، کە کوڕی وەك ئەومان هەیە ؟ ئەڵێت: وا بزانم هەر بۆ ئەوە بانگی کردم تا تێیان بگەیەنێ. فەرمووی: دەربارەی فەرمایشتی خوای باڵادەست: ﴿ إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ﴾ چیی ئەڵێن ؟ هەندێکیان وتیان: خوای گەورە فەرمانمان بەسەردا ئەدا کاتێك کە سەری خستین و فەتحی پێ بەخشیین سوپاسی بکەین و داوای چاوپۆشیی لێ بکەین.. هەندێکیشیان بێدەنگ بوون و هیچیان نەوت. بە منیشی فەرموو: ئایا، ئیبن عەبباس ! تۆش وەها ئەڵێیت ؟ وتم: نەء. فەرمووی: ئەی چیی ئەڵێی ؟ وتم: ئەوە هاتنی ئەجەلی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە خوای گەورە پیشانی دا، کە فەرمووی: ئەگەر سەرکەوتن و فەتحی خوات پێشکەش کران، ئەوە نیشانەی ئەجەلتە، دە تۆش بە سوپاس کردنی خوا پاك و بێگەردیی دەرببڕە و داوای لێخۆش بوونیشی لێ بکە، چونکە خوای گەورە لێبووردەیە، عومەر فەرمووی: منیش هەر ئەوەی لێ ئەزانم کە تۆ ئەیلێیت.[1]

[1] البخاري : ٦ / ٩٤ و ٥ / ٩٤.

هەتا لە هەندێ ریوایەتیشدا بە راستەوخۆ ناوی ئەو رەخنەگرە هاتووە کە هاوەڵی پایەدار و بەهەشتیی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف بووە، خوا لێی رازیی بێ.[1]

هەروەك خەلیفە عومەر رێزی لە ئیبن عەبباس ئەگرت لە کاروبارە گرنگەکانیشدا راوێژی پێ ئەکرد، بە تایبەت ئەگەر ئەو گیروگرفتە پەیوەندیی بە حوکمە شەرعییەکانەوە ببوایە، عومەر یەکجار سنگ فراوان بوو.. جاری وا ئەبوو پرسی بە منداڵان و ئافرەتانیش ئەکرد. بەڵکو رایەکی جوانیان لە دەم دەربچێ و ئەمیش بۆ بەرژەوەندیی موسڵمانان کەڵکی لێ وەربگرێ.[2]

لە عەطائی کوڕی یەسارەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە: عومەر و عوثمان هەردووکیان ئیبن عەبباسیان خوا لە هەموویان رازیی بێ بانگ ئەکرد و، ئەویش شان بە شانی ئەهلی بەدر رای دەرئەبڕیی و، لە سەردەمی عومەریش و عوثمانیشدا تا ئەو رۆژەی کە کۆچی دوایی کرد فەتوای ئەدا..

لە یەعقووبی کوڕی یەزیدەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: عومەری کوڕی خەططاب خوا لێی رازیی بێ لە هەرکارێکدا کە بەلایەوە گرنگ بوایە راوێژی بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ئەکرد و پێی ئەفەرموو: مەلەوان ! بچۆرە بنی دەریاوە.[3]

سەعدی کوڕی ئەبووەققاصیش خوا لێی رازیی بێ ئەڵێت:

کەسم نەدیوە لە ئیبن عەبباس تێگەیشتووتر و، عاقڵتر و، زاناتر و، سنگ فراوانتر بێت. چاویشم لێ بووە عومەری کوڕی خەططاب بۆ

---

[1] البخاري : ٤ / ١٨٣.

[2] حياة الصحابة : ٢ / ١٦٠.

[3] حياة الصحابة : ٢ / ١٥٩.

چارەسەرکردنی گیروگرفت ئەوی بانگ ئەکرد و، پاشان ئەیفەرموو: گیروگرفتێکت بۆ هاتووە. ئیتر هەر ئەوەندە بوو کە بۆی باس بکردایە و، ئەهلی بەدریش لە موهاجیر و ئەنصار بە دەوریدا بوون.[1]

هەرکە خەلیفە عومەر چاوی لێ بوایە ئیبن عەبباس بهاتایە ئەیفەرموو: (( جاء فتی الکهول، وذو اللسان السؤول، والقلب العقول )).

هەروەها ئەیفەرموو: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس چاکترین تەرجومانی قورئانە.

هەروەها پێی ئەفەرموو: بە راستیی تۆ زانستێك فێر بوویت ئێمە فێری نەبووین.[2]

عاصمی کوڕی کولەیبیش لە باوکیەوە، لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە: جارێکیان عومەر لەگەڵ گەورە هاوەڵاندا بانگی کردم و پێمی فەرموو: تا ئەوان قسە نەکەن تۆ قسە نەکەیت، پاشان پرسیاری لێ ئەکردن و، دوای ئەوە رووی لەوان ئەکرد و ئەیفەرموو: بۆچی ئێوە وەك وەڵامی ئەم منداڵەی کە هێشتا بۆنی شیر لە دەمی دێت، وەڵامم نادەنەوە ؟.[3]

لە موعەممەرەوە، لە زوهەرییەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: موهاجیرەکان بە عومەریان وت: ئەوە وەك ئیبن عەبباس بانگ ئەکەی منداڵەکانی ئێمەش بانگ ناکەی ؟

---

[1] حیاة الصحابة : ٢ / ١٥٩.
[2] البدایة والنهایة : ٨ / ٢٩٩ و سیر النبلاء : ٣ / ٢٣١.
[3] سیر النبلاء : ٣ / ٢٣٢.

فەرمووی: ئەو لاوی نێوان پیرانە، کە خاوەنی زمانێکی پرسیارکەر و دڵێکی ژیرە.[1]

ئیبراهیمی تەیمی ریوایەتی کردووە و وتوویە: رۆژێکیان عومەری کوڕی خەططاب خوا لێی رازیی بێ بە تەنیا دائەنیشێت و، لە دڵی خۆیدا وت و وێژێك ئەکات، دوای ئەوە ناردی بەدوای ئیبن عەبباسدا خوا لێیان رازیی بێت و فەرمووی: لە کاتێکدا کە ئەم ئوممەتە یەك کتێب و یەك پێغەمبەر و یەك قیبلەی هەیە چۆن دووبەرەکیی تێ ئەکەوێت ؟ ئیبن عەبباس وەڵامی دایەوە: ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئێمە قورئانمان بۆ دابەزیی و خوێندمانەوە و زانییمان بۆ چیی هاتووە. بەڵام دوای ئێمە چەندین نەتەوە دێن و قورئان ئەخوێننەوە نازانن بۆ چیی هاتووە، بەمە هەموو نەتەوەیەك رایەکی ئەبێت، جا کە هەموو نەتەوەیەك رایەکی هەبوو ناکۆکییان تێ ئەکەوێ و، کە ناکۆکیش بوون بە شەڕ دێن، عومەر لێی تووڕە ئەبێ و، ئیبن عەبباسیش هەڵ ئەستێ و ئەڕوا. پاشان بانگی ئەکاتەوە و وتەکەی ئەوی بە دڵدا ئەچێ و، پاشان ئەفەرموێ: بۆم دووبارە بکەرەوە.[2]

ئیبن عەبباس ئەڵێت: عومەری کوڕی خەططاب فەرمووی: ئەمشەو ئەم ئایەتەم خوێندەوە:

﴿ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ ﴾ ( البقـــرە: ٢٦٦ ) و خەوی لێ زڕاندم، داخۆ مەبەستی چیی بێ ؟ دانیشتوان هەندێکیان وتیان: خوا چاکتر ئەزانێ. فەرمووی: منیش ئەزانم خوا چاك تر ئەزانێ، بەڵام لەبەر ئەوە پرسیارم کرد بەڵکو لای یەکێکتان

---

[1] سیر النبلاء : ٣ / ٢٣٢ .

[2] حیاة الصحابة : ٣ / ٧٣٠.

زانستێکی هەبێ یان شتێکی لـە بـارەوە بیسـتبێ و هـەواڵمان بـداتێ. هەموو بێدەنگ بوون و، چاوی لە من بوو چپەم ئەکرد. فەرمووی: کوڕی برام ! بڵـێ، خـۆت بـە کـەم مەزانـە. وتم: مەبەسـتی پێـی کارکردنـە، فەرمووی: مەبەستی پێی کارکردنە یانێ چیی؟ وتم: شتێك بوو بە دڵـمدا هات و وتم: ئیتر وازی لە من هێنا و خۆی دەستی بە تەفسیرکردنی کـرد: راست ئەکەی، کوڕی برام ! مەبەستی پێی کارکردنە. ئادەمیزاد کە چـوو بە ساڵدا و خاو خێزانی زۆر بوون یـەکجار موحتـاجی بەهەشـتە و، لـە رۆژی قیامەتیشدا یەکجار موحتـاجی کردەوەکانیـەتی. راسـت ئەکـەی کـوڕی بـرام ![1]

لە موحەممەدی کوڕی کەعبیشەوە، لە ئـیبن عـەبباسەوە خـوا لێیـان رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە: جارێکیان عومەری کوڕی خەططـاب خـوا لێـی رازیی بـێ لەگـەڵ دەسـتەیەك لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە موهاجیرەکـان دائەنیشـن و، باسـی شـەوی قـەدر ئەکـەن. ئـەوەبوو هەرکەسیان شتێکی لەو بارەوە بیستبوو باسی کرد و، لە نێوان خۆیـاندا وەڵامی یەکتریان ئەدایەوە. لەو کاتەدا عومەر فەرمووی: ئیبن عەبباس ! ئەوە چیتە قسە ناکەی؟! با بچووکییت لە قسەکردن قەدەغـەت نـەکات، ئیبن عەبباس وتـی: ئـەی ئـەمیری ئیمـانداران ! خـوای گـەورە تاکـە و تاکیشی خۆش ئەوێت. ئەوەتا رۆژانی دنیـای بـە حـەوت رۆژ گێـڕاون و، مرۆڤیشی لە حەوت شت بەدیی هێناوە و، رزق و رۆزییشمانی لە حـەوت شت بەدیی هێناوە و، حەوت ئاسمانیشی لەسەرمانەوە بەدیی هێنـاون و، حەوت زەوییشی لە ژێرمانەوە بەدیی هێناون و، حەوت ئایەتی سوورەتی (( الفاتحـة )) شی پێ بەخشـیوین و، لـە قورئـانیشدا دوورەپـەرێزیی لـە

---

[1] حياة الصحابة : ٣ / ٧٣١.

نیکاحی حەوت خزم کردووە و، لە قورئانیشدا میراتی بەسەر حەوت دەستەدا دابەش کردووە و، فەرمانیشی داوە بەسەر حەوت ئەندامەوە سەجدە ببەین و، پێغەمبەری خواش حەوت جار بە دەوری کەعبەدا سووڕاوەتەوە و، لە نێوان صەفا و مەروەشدا حەوت ئەم سەر و ئەوسەری کردووە و، بۆ ئەنجام دانی ذیکری خوایش وەك لە قورئاندا باس کراوە بە حەوت بەرد ڕەجمی شەیتانی کردووە. جا من وای ئەبینم لە حەوت شەوەی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا بێت و، خوایش چاکتر ئەزانێ. عومەر سەری سوڕ ئەما و ئەشی فەرموو: لەم باسەدا هیچ کەسێك وەك ئەم منداڵە، کە هێشتا بۆنی شیر لە دەمی دێت، دەربارەی ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە، لەگەڵما ڕێك نەکەوتووە. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە: (( إلتمسوها في العشر الأواخر )). فەرموویە: لە دە شەوەی کۆتاییدا بۆی بگەڕێن. پاشان عومەر فەرمووی: خەڵکینە ! کێ وەك ئیبن عەبباس ئەمەم بۆ ڕوون ئەکاتەوە ؟ [1]

ئەمە ڕێز و پایەی ئیبن عەبباس بوو بەلای عومەرەوە خوا لێیان ڕازیی بێ.

خەلیفە عومەر سامێکی زۆری لە دڵی موسڵماناندا هەبوو، لەبەر ئەوە کەس نەی ئەوێرا لەبەر دەمیا بێخەم قسە بکات، هەتا ئیبن عەبباسیش خوا لێی ڕازیی بێ شەرمی لێ ئەکرد. ئەڵێت: دەربارەی ئایەتێك دەم ویست پرسیار لە عومەر خوا لێی ڕازیی بێ بکەم کەچیی ماوەی ساڵێك لەبەر سام و هەیبەتی دوام خست. [2]

---

[1] الحلية لأبي نُعَيم : ١ / ٣١٧ ـ ٣١٨.

[2] سيرة عمر للطنطاوي : ٤٦٢.

لەگـەڵ ئەمــەشدا ئـیبن عــەبباس هــەر شـتێکی بــە حـەق بزانیایــە لەبەردەمی خەلیفەدا دەی وت و باکیشی لەوە نەبوو کە ئایا عومەر لێی وەرئەگرێ، یان پیایا هەڵ ئەشاخێ.

بەیهەقیی و غەیری ئەویش لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیــی بــێ ریوایەتی کردووە کە وتوویە: هەرکەی عومەری کوڕی خـەططـاب خـوا لێی رازیی بێ نوێژی بەجێ بهێنایـە دائەنیشـت بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی کاروباری خەڵکیی. جا هەر کەسێ پێویستییەکی ببوایە لەگـەڵیا باسـی ئەکرد، گەر کەسیش پێویستیی نەبوایە هەڵئەسا. رۆژێك نوێـژی بـەجێ هێنا و دانەنیشت، پرسییم: یەرفەء ! ئایا ئەمیری ئیمانداران نەخۆشـە ؟ وتی: نەخێر، ئەمیری ئیمـانداران نەخۆشـیی نیـە. ئـەوەبوو دانیشـتم و عوثمـانی کوڕی عەففان خوا لێی رازیی بێ هات و دانیشت، یەرفەء هات و وتی: کوڕی عـەففان هەستە.. کوڕی عـەبباس هەستە. چووینە خزمـەتی عومەر و ئەبینین چەند توورەکە پارەیەك وان لەبەر دەمیـدا. فـەرمووی: سەرنجی دانیشتوانی مەدینەم داوە ئەبینم ئێوە هـەردووکتان لـە هـەموو دانیشتوان کەس و کارتان زۆرترە. جا ئەم سامانە ببەن و دابەشی بکـەن و، هەرچیشی لێ زیاد بوو بیگێڕنەوە. عوثمان چۆکی دا و، منیش ئەژنۆم خستە زەویی و وتم: ئەی ئەگـەر کـەم بـوو بۆمـان ئەبـژێریت ؟ عومــەر فەرمووی: کوڕی باوکی خۆتی و لەو ئەچیت ! بـۆچ ئـەم سـامانە بـەلای خواوە نەبوو موحەممەد و ﷺ هاوەڵانی لە برساندا چـەرمیان ئـەخوارد ؟ وتم: ئەرێ بەخوا. کاتێك کە موحەممەد زیندوو بـوو ئـەم سـامانە بـەلای خواوە هەبوو، خۆ ئەگەر ئەم سـامانەی بـەو ببەخشـیایە وەك تـۆی پـێ نەئەکرد. عومەر تووڕە ئەبێ و ئەفەرموێ: باشە، چیی پێ ئـەکرد ؟ وتم: ئەو کاتە خۆی ئەیـخوارد و دەرخواردی ئێمەشی ئـەدا. عومــەر دەسـتی

بە گریە و شیوەن کرد هەتا سنگی هاتەوە یەك، پاشان فەرمووی: ئاواتەخواز بووم سەربەسەر دەرچم نە چاکەم ببێ و نە خراپەشم لەسەر بێ.[1]

دەربارەی حەق وتنی ئیبن عەبباس ئەم ریوایەتەش هاتووە:

ئیبن عەبباس وتوویە: پیاوێك هاتە خزمەتی عومەر و، ئەویش هەواڵی خەڵکەکەی لە کابرا ئەپرسیی.

کابرا وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئەوەندە و ئەوەندەیان لە قورئان خوێندووە. منیش وتم: بەخوا من پێم خۆش نیە ئەمڕۆ ئەوەندە لە قورئاندا پەلە بکەن.

ئەڵێت: عومەر پیاما هەڵ شاخا و پاشان فەرمووی: بەسە. منیش هەستام و بە خەمباریی و مەلوولییەوە هاتمەوەماڵەوە. وتم: لە سەرەتاوە رێزێکم بەلایەوە هەبوو، بەڵام وا دیارە لەبەر چاوی کەوتووم. بەسەر جێگاکەمەوە راکشام و وەك نەخۆش ژنانی کەس وکارم سەریان لێم ئەدا و منیش هیچ نەخۆشییەکم نەبوو. ئا لەو کاتەدا پێمیان وت: بڕۆ بە دەم ئەمیری ئیماندارانەوە. کە چوومە دەرەوە ئەبینم وا لە دەرگادا راوەستاوە و چاوەڕوانم ئەکات. دەستی گرتم و بردمیە کەنارەوە، فەرمووی: چ وتەیەکی ئەو پیاوەت پێ ناخۆش بوو ؟ وتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئەگەر خراپم کردووە ئەوا داوای لێخۆشبوون لە خوا ئەکەم و تەوبە ئەکەم و، تۆ چۆنت پێ خۆشە وەها ئەکەم.

فەرمووی: ئەبێ هەواڵم بدەیتێ.

وتم: هەرکەی ئاوەها پەلەیان کرد، هەریەکەیان وەها دەرئەبڕێ کە هەر خۆی راستە. هەر کاتێکیش هەریەکەیان وەهای دەربڕیی کە هەر

[1] حياة الصحابة : ٢ / ٤٨٥.

خۆی راستە، ناکۆك ئەبن، هەر کاتێکیش ناکۆك بوون، جیاوازییان تێ ئەکەوێ و، هەر کاتێکیش جیاوازییان تێ کەوت بە گژی یەکدا ئەچن. فەرمووی: دەستت خۆش بێ، بە راستیی من ئەوەم لە خەڵك ئەشاردەوە ئەوەتا تۆ ئاشکرات کرد.[1]

کە عەبباسیش چاوی لە نزیکیی عەبدوڵڵای کوڕی بوو لە خەلیفە عومەرەوە، ترسا ئەم کوڕە منداڵەی لە خزمەتی خەلیفەدا تووشی هەڵە ببێ و، پایەو پلەی بەرزی لە دەست بدات، بۆیە ئامۆژگارییەکی بەنرخی عەبدوڵڵای کرد.

موجاهید لە شەعبییەوە، لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕێتەوە وتوویە: باوکم پێمی وت: عومەر نزیکت ئەکاتەوە و لەگەڵ گەورە هاوەڵاندا دات ئەنیشێنێ: جا سێ ئامۆژگاریم لێ ببیستە: هیچ نهێنییەکی ئاشکرا نەکەیت و، لەلایشیدا غەیبەتی کەس نەکەیت و، هەرگیز درۆت لە دەم نەبیستێ.

شەعبیی ئەڵێت: بە ئیبن عەبباسم وت: هەر یەکەیان لە هەزار دینار چاکترە. ئیبن عەبباسیش وتی: بەڵکو هەر یەکەیان لە دە هەزار چاکترە.[2]

ئیبن عەبباس مەردانە پارێزگاریی لە ئامۆژگارییەکانی باوکی کرد و بە جوانیی رێزی لە خەلیفە ئەگرت و شەرمێکی زۆریشی لێ ئەکرد و، تا کۆتایی تەمەنی خەلیفە بەردەوام لەبەردەستیدا ئامادەی خزمەت بووە و وەك سێبەر لێی جوێ نەبۆتەوە. هەتا دوای لێدانی عومەر و زامدار

---

[1] سیر النبلاء : ٣ / ٢٣٣.

[2] البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٩.

کردنیشی ئیبن عەبباس لە خزمەتیا ئەمایەوە و بە خزمەت و کردەوەی چاکی خەلیفە دڵخۆشیی ئەدایەوە.

لە میسوەری کوڕی مەخرەمەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: کاتێك کە عومەر زامدار کرا، ئازاری پیێ ئەگەیشت. ئەوەبوو ئیبن عەبباس ـ وەك بیەوێ نارەحەتیی لە خەلیفە دوور بخاتەوە ـ پێی وت:

ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئەگەر ئەمەش رووی دابێ، ئەوا تۆ هاوەڵیی پێغەمبەری خوات ﷺ کردووە، بەڵام هاوەڵێتییەکی چاك، پاشان کە لێی جوێ بوویتەوە لێت رازیی بوو.

پاشان هاوەڵیی ئەبوبەکرت کردووە، بەڵام هاوەڵێتییەکی چاك، پاشان کە لێی جوێ بوویتەوە ئەویش لێت رازیی بوو.

پاشان هاوەڵیێ هاوەڵانیانت کردووە، بەڵام هاوەڵێتییەکی چاك، جا ئەگەر بەجێیان بهێڵی ئەوا هەموویان لێت رازین.

عومەر فەرمووی: ئەو هاوەڵێتییەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە باسی ئەکەیت و رەزامەندییشی لێم، ئەوە منەتێکە خوای باڵادەست بەسەرمدا رژاندوویەتی، ئەو هاوەڵێتییەی ئەبوبەکریش کە باسی ئەکەیت و رەزامەندیی ئەویش لێم، دیسان منەتێکە خوای گەورە بەسەرمدا رژاندوویەتی. بەڵام ئەو نارەحەتییەی کە پێمەوە ئەیبینی لە پێناوی تۆ و هاوەڵانتدایە. دە بەخوا ئەگەر پڕ بە پڕی زەویی زێڕم هەبێ هەر هەمووی ئەکەمەوە فیدیەی رزگاربوونم لە سزای خوای خاوەن شکۆ بەر لەوەی بە چاو بی بینم.[1]

ئەبونوعەیمیش لە (( حلية )) دا لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە: کاتێك کە عومەر خوا لێی رازیی بێ

---

[1] البخاري : ٤ / ٢٠١.

زامدار کرا، چوومە خزمەتی و پێم وت: مژدە بێت ئەی ئـەمیری ئیمـان داران ! بە هۆی تۆوە ولاتان ئاوەدان بوونەوە و، نیفـاق تیاچـوو و، رزق و رۆزیی پەرەی سەند.

فەرمووی: ئەی کوڕی عەبباس ! لە کاربەدەستییدا ستایشم ئەکەی ؟ وتم: ئەی لە شتی تـردا ؟ فـەرمووی: بـەو خوایـەی گیـانمی بـە دەستە ئاواتەخوازم وەك ئەو رۆژەی کە دەستم دایە وەها لێی دەرچم نە پاداشـت و نە گوناهـ.

هەروەها ئیبن سەعدیش لە ئیبن عەبباسەوە تەخریجی کردووە و تیایـا هـاتووە: وتم: مـژدەی بەهەشـتت لێ بـێ، ماوەیـەکی زۆر هـاوەڵێتیی پێغەمبەری خوات کرد و، کاروباری ئیمانداران‌یش کەوتـە دەسـت، کـە بەوپەڕی هێز و تواناوە ئامانەتت بەجێ هێنا، فەرموو: بۆ مژدەدانت پێم بە بەهەشت، دەسا بەو خوایەی کە جگـە لـە خـۆی خوایـەکی تـر نیـە، ئەگەر دنیا و هەرچیی وا تێدا هەر هەمووی هی مـن بـێ، بـەر لـەوەی هەواڵ بزانم، ئەیکەمە فیدیەی ئەو ترس و لەرزەی کە وا لەبـەر دەمـمدا، بۆ ئەو وتەیەشت دەربارەی ئـەمیریی ئیمانـداران، دە بـەخوا ئاواتـەخواز بووم سەر بەسەر دەرچم، نە چاکەم هەبێ و نەخراپەشم لەسەر بـێ، بـەڵام بۆ هاوەڵێتیی پێغەمبەری خوا کە باست کرد، ئەوەیان چاکە.

هـەروەها ئـیبن سـەعد فەرموودەیـەکی درێـژی عەبـدوڵڵای کـوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیری تەخریج کردووە کە تیایا هاتووە:

عومەر خوا لێی رازیی بێ فەرمووی: دام نیشێنن. کـە دانیشـت بـە ئیبن عەبباسی خوا لێیان رازیی بێ فەرموو: وتەکانم بۆ دووبارە بکەرەوە. کاتێك کە بۆی دووبارە کردەوە، فـەرمووی: ئایـا ئـەو رۆژەی ئەچـیتەوە خزمەتی خوا ئەم شاهێدییە ئەدەی ؟ ئیبن عەبباس خوا لێیان رازیی بـێ

وتی: بەڵێ. ئەڵێ: عومەر خوا لێی رازیی بێ بەوە شادمان و دڵخۆش بوو.[1]

ئیبن عەبباس لە خزمەتی خەلیفە عومەردا مایەوە هەتا دوای ئەوەش کە گیانی دەرچوو و خرایە سەر قەرەوێڵەکەی و، دوای ئەوەش ئەسپەردەی خاك کرا. ئەوەتا ستایشێکی ئیمام عەلییشمان بۆ ئەگێڕێتەوە:

لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: لەناو کۆمەڵێك خەڵكدا وەستا بووم کە دوعای خێریان بۆ عومەری کوڕی خەططاب ئەکرد، ئەمەش لەو کاتەدا کە خرابوویە سەر قەرەوێڵەکەی. ئەوەندەم زانیی پیاوێك لە دوامەوە ئانیشکی ناوەتە سەرشانم و ئەڵێت: رەحمەتی خوات لێ بێ، هیوادارم خوای گەورە بتخاتەوە گەڵ جووتە هاوەڵەکەت، چونکە زۆر جار لە پێغەمبەری خوام ﷺ ئەبیست کە ئەی فەرموو: (( کنت وأبوبکر و عمر، وفعلت وأبوبکر و عمر، وانطلقت وأبوبکر و عمر )).

ئەیفەرموو: من و ئەبوبەکر و عومەر پێکەوە بووین، من و ئەبوبەکر و عومەر وەهامان کرد، من و ئەبوبەکر و عومەر رۆیشتین. بۆیە هیوادارم خوای گەورە بتخاتەوە گەڵیان. کە ئاوڕم دایەوە ئەبینم عەلیی کوڕی ئەبوطالیبە.[2]

---

[1] سەیری : حياة الصحابة : ٢ / ٢٥٦ ـ ٢٥٧ ، بکە.

[2] البخاري : ٤ / ١٩٧.

# زانستی

# ئیبن عەبباس

ئیبن عەبباس خاوەنی کەسایەتییەکی کەم وێنە بووە، بە رادەیەك کە مرۆڤ چ رەفتار و لێهاتنێکی چاکەی پێ خۆش بێ لەودا هەبووە، لە هەموو لایەنێك‌دا دەستی بالآی هەبووە، بەلآم لە هەمووی زیاتر لە لایەنی زانست‌دا پێشکەوتبوو و هەنگاوی هەڵ گرتبوو، ئەمەش بە بۆنەی دوو کاری بنەڕەتییەوە:

**یەکەمیان:** دوعا و پاڕانەوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ بۆی، کە وەك لە پێشەوە باس کرا فەرموو بووی:

(( أللهم فقهه في الدين وعلمه التأويل )). ئیتر ئەوەبوو بە بەرەکەتی ئەم پاڕانەوەیە بووە شارەزایەکی لێهاتووی شەریعەت و تەفسیرزانێکی بلیمەت.

**دووهەمیان:** ئەو لێهاتنە دەگمەنە و، زیرەکییە کەم وێنە و، ئارام و خۆراگرییەی ئیبن عەبباس خۆیەتی، کە بە جوانیی هەر زانستێکی دەست بکەوتایە لەبەری ئەکرد.

بە راستیی ئیبن عەبباس لە بوارە جیا جیاکانی زانست‌دا دەستێکی بالآی هەبووە، بە رادەیەك کە خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی ئەوەبوون ماوەیان ببێ و بتوانن بچنە خزمەتی و دەرس بخوێنن.

ئەبوصالح ئەڵێت:

کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی دەوری ئیبن عەبباسم دیوە کە بۆ ئەوە شیاوە هەر هەموو قورەیش شانازیی پێوە بکەن، جارێکیان چاوم لێ بوو خەڵکێکی ئەوەندە زۆر لەبەر دەرگایدا جەم بوو بوون کە رێ نەبوو کەسێك لەوێوە تێپەڕ ببێت. ئەڵێت: منیش چوومە ژوورەوە خزمەتی و هەواڵم دایە کە چۆن لە پشت دەرگاکەوە وەستاون. پێمی وت: ئاوی دەست نوێژم بۆ ئامادە بکە. ئەڵێت: دەست نوێژی گرت و دانیشت و وتی: برۆ دەرەوە و پێیان بڵێ: هەر کەسێك دەربارەی قورئان و پیتەکانی و مەبەست لە قورئان پرسیاری هەیە با بێتە ژوورەوە. ئەڵێت: چوومە دەرەوە و ماوەم دان و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە کە پڕی ماڵەکە و ژوورەکەش ئەبوون، ئیتر هەر پرسیارێکیان لێ کرد وەڵامی دانەوە و، ئەوەندەی کە پرسیاریان لە بارەوە کردبوو، یان لەوەش زیاتر وەڵامی زیادەشی دانەوە. پاشان وتی: براکانتان، ئەوان چوونە دەرەوە.. پاشان وتی: بچۆرە دەرەوە و بڵێ هەرکەسێ ئەیەوێ دەربارەی تەفسیر و تەئویلی قورئان پرسیار بکات با بێتە ژوورەوە. ئەڵێت: چوومە دەرەوە و ماوەم دان و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە کە پڕی ماڵەکە و ژوورەکەش ئەبوون. ئیتر هەر پرسیارێکیان لێ کرد وەڵامی دانەوە و، ئەوەندەی کە پرسیاریان لە بارەوە کردبوو، یان لەوەش زیاتر وەڵامی زیادەشی دانەوە. پاشان وتی: براکانتان، ئەوان چوونە دەرەوە.. پاشان وتی: بچۆرە دەرەوە و بڵێ: هەر کەسێ ئەیەوێ دەربارەی حەڵاڵ و حەرام و فیقهـ پرسیار بکات با بێتە ژوورەوە. ئەڵێت: چوومە دەرەوە و ماوەم دان و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە کە پڕی ماڵەکە و ژوورەکەش ئەبوون. ئیتر هەر پرسیارێکیان لێ کرد وەڵامی دانەوە و، ئەوەندەی کە لە بارەیەوە پرسیاریان کردبوو، یان لەوەش زیاتر وەڵامی زیادەشی دانەوە. پاشان وتی: براکانتان، ئەوان

چوونە دەرەوە.. پاشان وتی: بچۆرە دەرەوە و بلّێ: هەرکەسێ ئەیەوێ دەربارەی (( فەرائیض )) و ئەو جۆرانە پرسیار بکات با بێتە ژوورەوە. ئەلّێت: چوومە دەرەوە و ماوەم دان و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە کە پڕی مالّەکە و ژوورەکەش ئەبوون. ئیتر هەر پرسیارێکیان لێ کرد وەلاّمی دانەوە و، ئەوەندەی کە لە بارەیەوە پرسیاریان کردبوو، یان لەوەش زیاتر وەلاّمی زیادەشی دانەوە. پاشان وتی: براکانتان، ئەوان چوونە دەرەوە.. پاشان وتی: بچۆرە دەرەوە و بلّێ: هەرکەسێ ئەیەوێ دەربارەی عەرەبیی و شیعر و وتەی نەزانراو پرسیار بکات با بێتە ژوورەوە. ئەلّێت: چوومە دەرەوە و ماوەم دان و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە کە پڕی مالّەکە و ژوورەکەش ئەبوون.. ئیتر هەر پرسیارێکیان لێ کرد وەلاّمی دانەوە و، ئەوەندەی کە لە بارەیەوە پرسیاریان کردبوو، یان لەوەش زیاتر وەلاّمی زیادەشی دانەوە. پاشان وتی: براکانتان.. ئەوانیش چوونە دەرەوە. ئەبوصالح ئەلّێت ئەگەر قورەیش بەوەوە شانازیی بکات ئەوپەڕی شانازییە. چونکە ئەوەم بە کەسی ترەوە نەدیوە.[1]

عەمری کوڕی دیناریش دەربارەی ئیبن عەبباس ئەلّێت: کۆڕم نەدیوە ئەوەندەی کۆڕی ئەو پڕ خێر بێت: باسی حەلاڵ و حەرام و، تەفسیری قورئان و، عەرەبیی و شیعر و خواردەمەنیی.[2]

عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەش ئەلّێت: ئیبن عەبباس بە چەند سیفەتێك پێشی خەلّکیی دابوویەوە: بە زانستێك کە کەس بۆ وەرگرتنی پێشی نەکەوتبوو و، بە فیقهێکیش دەربارەی شتانێك کە خەلّکیی پێویستییان پێ بوو ئەو رای خۆی تیا دەربڕێت و، بە دان بە خۆداگرتن و، نەسەب

[1] البداية والنهاية : ٨ / ٣٠٢ ، حلية الأولياء : ١ / ٣٢٠ ، حياة الصحابة : ٣ / ٧١١.

[2] البداية والنهاية : ٨ / ٣٠٢.

و، پیاوەتیی. کەسیشم نەدیوە زیاتر شارەزای فەرموودەی پێغەمبەر بێت ﷺ و، ئاگاداری بڕیاری ( قضاء ) ی ئەبوبەکر و عومەر و عوثمان بێت و، لە ( رأي ) دا لەو فەقیهـ تر بێت و، لە شیعر و عەرەبیی و تەفسیری قورئان و، ژمێریاریی و، بەش کردنی میراتدا لەو زاناتر بێت. پێش نازانم لەمەو پێش هیچ کەس ئەوەندە خاوەنی را و بۆچوون بوو بێت دەربارەی ئەو شتانەی کە مەردم پێویستیی پێیان ئەبێت. ئەوەبوو رۆژێك دائەنیشت بۆ دەرز و جگە لە فیقهـ هیچی تری باس نەئەکرد و، رۆژێکیش جگە لە غەزەوات هیچی تری باس نەئەکرد و، رۆژێکیش جگە لە تەفسیر هیچی تری باس نەئەکرد و، رۆژێکیش بۆ شیعر و، رۆژێکیش بۆ رۆژانی رابوردووی عەرەب.. هەر زانایەکیشم دیبێ لە خزمەتیا دابنیشێ ئەوا مل کەچی فەرمانی بووە و، هەر کەسیش هەر پرسیارێکی لێ کردبێ لەو بارەوە زانستی بە لاوە بووە. هەروەها ئەڵێت: لەوانەشە قەصیدەیەك کە سیی دێڕ بوو بێت کە رێکی خستووە هەر لە دەمی خۆی لەبەرم کردووە.[١]

عەطاءیش ئەڵێت: کۆڕم نەدیوە لە کۆڕی ئیبن عەبباس بەرێزتر و، فیقهی زیاتر و، بەسام و هەیبەت تر بێت. قوتابیانی قورئان پرسیاریان لێ ئەکرد و، قوتابیانی شیعریش پرسیاری لێ ئەکرد و، هەر هەمووشیان بە فراوانیی وەڵامیان وەرئەگرت.[٢]

ئیبن عەبباس ئەوەندە پایەدار بووە هەمیشە خەڵکێکی زۆری زانست دۆست بە دەوریا بوون، بە رادەیەك کە هاوشانیی خەلیفەی کردووە.

---

[١] البداية والنهاية : ٨ / ٣٠١ ، سير النبلاء : ٣ / ٢٣٥.

[٢] البداية والنهاية : ٨ / ٣٠١ ، سير النبلاء : ٣ / ٢٣٥.

یەزیدی کوڕی ئەصەم ئەوە ئەگێڕێتەوە کە جارێکیان خەلیفە موعاویە بۆ حەجیماڵی خوا ئەکەوێتە ڕێ و ئیبن عەبباسیشی لەگەڵدا ئەبێ. جا خەلیفە کۆمەڵێك خەڵکی لەگەڵدا ئەبێ و لە دوایەوە ئەڕۆن. ئیبن عەبباسیش کۆمەڵێك لە زانایان و قوتابیانی زانستی لە دواوە ئەڕۆن.[1]

لە پێشەوە دوو کاری گرنگمان باس کردن کە بوونە مایەی زانست فراوانیی ئیبن عەبباس و ئێستەش هەندێکی تر لەو کارانە ئەخەینە بەردەستی ئازیزانمان:

هەر کە ئیبن عەبباس موسڵمان بوو، بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ وەك سێبەری لێ هات، بۆیە زۆر بە وردیی زانستێکی زۆری لێ وەرگرت.

هەروەها دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوایش ﷺ هەمیشە لە خزمەتی عومەر و عەلییدا خوا لە هەموویان ڕازیی بێ ئەمایەوە. ئەوانیش لە گەورە فەقیهانی هاوەڵان بوون.

موعەممەر وتوویە: بەشی زۆری زانستی ئیبن عەبباس لە سێ کەسی وەرگرتووە: لە عومەر و عەلیی و ئوبەی کوڕی کەعب.[2]

ئیبن عەبباس خۆیشی ئەڵێت: کە وڵاتان فەتح کران خەڵکیی ڕوویان کردە دنیاوە، منیش خۆم گەیاندە لای عومەر. ئەوەبوو زۆربەی باسی باسی عومەر بوو.[3]

لە لایەکی ترەوە ئیبن عەبباس یەکجار شەیدای زانست بوو و کۆڵ نەدەرانە هەوڵی دەست خستنی ئەدا و، گوێی لێ نەبوو لە هەر کەسێ

---

[1] سیر النبلاء : ٣ / ٢٣٥.

[2] البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٨.

[3] حياة الصحابة : ٣ / ٦٤٥.

زانستی وەربگرتایە. بۆیە باکی لە سەرما و گەرما نەبوو و، بیریشی لـە پایە و پلەی خۆی نەئەکردەوە کە ئامۆزای پێغەمبەری خوایە ﷺ.

بەیهەقیی لە ئیبن عەبباس ەوە گێڕاویەتەوە کە وتوویـە: کاتێـك کـە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، بە پیاوێکی ئەنصـارییم وت: بـا بڕۆین پرسیار لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا بکەین، چونکە ئـەمڕۆ زۆرن، وتی: ئیبن عەبباس ! سەرم لە تۆ سوڕ ئـەمێنیٚ، گوایـە وا ئـەزانی ئـەو خەڵکە پێویستییان بە تۆ ئەبێت، کە ئەو هەمووە هاوەڵەی پێغەمبـەری خوایان ﷺ لە ناودایە ؟

ئیبن عەبباس ئەڵێت: وازم لەو پیاوە هێنا و خۆم دەستم دایە پرسـیار کردن لە هاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ. ئـەوەبوو کـە پـێم ئەگەیشـت پیاوێك فەرموودەیەکی بەلاوە هەیە، ئەهاتمە بـەر دەرگاکـەی و ئـەویش خەوی قەیلوولەی ئەکرد، منـیش لەبـەر دەرگاکەیـدا عەباکـەم ئـەکردە سەرینی ژێر سەرم و، بایش تەپ و تۆزی ئەدا بەسەرمدا، تا خاوەن مـاڵ ئەهاتە دەرەوە و منی ئەبینی و ئەی وت: ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچیی هاتووی ؟

خۆزگە بت ناردایە بە دواما تا من بهاتمایە. منیش دەم وت: نـەخێر، وا راستە من بێمە خزمەتت. ئـەڵیٚ: ئـیتر پرسـیاری فەرموودەکـەم لیٚ ئەکرد. ئەڵیٚ: ئەو پیاوە ئەنصارییە ژیا هەتا منی بینـی کـە خـەڵك لـە دەورم کۆ بووبوونەوە و پرسیاریان لێم ئەکرد، ئەیوت: ئەو گەنجە لـە مـن ژیرتر بوو.[1]

هەروەها موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەنصاریی لە ئەبوسـەلەمەوە، لە ئـیبن عـەبباسەوە ریوایـەتی کـردووە کـە وتوویـە: زۆربـەی زانسـتی

[1] البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٨ وحياة الصحابة : ٣ / ٦٤٤.

پێغەمبەری خوام ﷺ لای ئەم بنەماڵەیەی ئەنصار دەست کەوت. ئەوەبوو لەبەر دەرگای یەکێکیاندا خەوی قەیلولەم ئەکرد، خۆ ئەگەر بم ویستایە ماوەم بدرێ بچمە ژوورەوە ماوەی ئەدام، بەڵام دەم ویست دڵی راگیر بکەم.[1]

موحەممەدی کوڕی سەعدیش لە ئەبوسەلەمەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە: لە ئیبن عەبباسم بیستووە کە ئەیوت: ئەچوومە خزمەتی گەورە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە موهاجیر و ئەنصار و دەربارەی غەزەواتی پێغەمبەری خوا ﷺ و دەربارەی ئەو ئایەتانەی کە لەو بارەوە ئەهاتنە خوارەوە پرسیارم لێیان ئەکرد. جا کە ئەچوومە لای هەرکامیان، بە بۆنەی نزیکییمەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، زۆر پێ خۆش حاڵ ئەبوو، ئەوەبوو رۆژێکیان دەربارەی ئەو قورئانەی کە لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە پرسیارم لە ئوبەی کوڕی کەعب کرد - کە یەکێ بوو لەوانەی لە زانستدا قووڵ بووبوونەوە - ئەویش وتی: بیست و نۆ سوورەت دابەزیون و ئەوانی تر مەککەیین.[2]

هەروەها هەمیشە خەریکی پرسیارکردن بووە و، بە پرسیارکردن لە یەك و دوانیش کۆڵی نەداوە، بەڵکو چەندی لە تواناادا بوایە پرسیاری ئەکرد..

جارێکیان پرسیاریان لێ کرد: ئەم زانستەت چۆن دەست گیر بووە ؟ ئەڵێت: (( بلسان سؤول وقلب عقول )).[3] بە زمانێك کە هەردەم خەریکی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٨.

[3] البداية والنهاية : ٨ / ٢٩٩.

پرسیارکردن بێت و بە دڵێکیش کە هەرچیی ببیستێ بـە ژیرانـە وەری بگرێ.

هەروەها ئەیوت: دەربـارەی یـەك کـار پرسـیارم لـە سـیی هـاوەڵی پێغەمبەر ﷺ کردووە.[1]

بەمە ئاسایی بوو بەلایەوە کە پرسیار لە هەموو کەسێك بکات.

بوخاریی لە ئیبن عەبباسەوە ریوایـەتی کـردووە کـە جارێکیـان ئـیبن عەبباس و حورڕی کوڕی قەیس دەربارەی هاوەڵەکەی مووسـا پێغەمبـەر سەلامی لێ بێ ئەکەونە وت و وێژ. ئیبن عەبباس ئەڵێت: ئەو هـاوەڵـە ( خَضِـر ) ە. ئەوەبوو ئوبەی کـوڕی کـەعب بـە لایانـا تێپـەڕیی و ئـیبن عەبباس بـانگی کـرد و وتـی: لەگـەڵ ئـەم هاوەڵـەمدا، دەربـارەی ئـەو هاوەڵەی مووسا پێغەمبەر کە مووسا داوای لـە خـوا کـرد رێـی نیشـان بدات تا بیدۆزێتەوە، کەوتووینەتە وت و وێـژەوە، جـا ئایـا هیچـت لـە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستووە کە باسی ئەو بکات ؟

وتی: بەڵێ، لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیسـتووە کـە ئـەیفـەرمـوو: (( بَینما موسى في ملأ بني إسرائيل جـاءه رجـل فقـال: هـل تعلـم أحـداً أعلم منك ؟ قال موسى: لا. فأوحى الله إلى موسى: بلـى عَبـدنا خضـر. فسأل موسى السبيل إليه، فجعل الله له الحوت آية، وقيل لـه: إذا فقـدت الحوت فارجع فإنك ستلقاه، وكان يتبع أثر الحوت في البحـر، فقـال لموسـى فتاهُ: أرأيت إذ أوينا إلى الصـخرة فـإني نسـيت الحـوت ومـا أنسـانيه إلا الشيطان أن أذكره، قال: ذلك ما كنا نبغي فارتدا على آثارهمـا قصصـاً، فوجدا خَضِراً فكان من شأنهما الذي قصَّ الله عزوجل في كتابه )).[2]

---

[1] سير النبلاء : ٣ / ٢٣١.

[2] البخاري : ١ / ٢٦.

فەرمووی: جارێکیان مووسا لەناو ناودارانی بەنی ئیسرائیلدا بوو و پیاوێك هاتە خزمەتی و پرسیی: پێ ئەزانی کەسێك لە خۆت زاناتر بێ ؟ مووسا فەرمووی: نەخێر. خوای گەورەش وەحی بۆ مووسا نارد: بەڵێ، (( خَضِر )) ی بەندەمان لە تۆ زاناترە. مووسا داوای کرد خوا رێی گەیشتن بە (( خضر )) ی پیشان بدات، ئەوەبوو خوای گەورە نەهەنگەکەی کردە نیشانە و پێی وترا: کە نەهەنگەکەت گوم کرد ئەوا بە دوای خۆتدا بگەڕێرەوە، ئیتر ئەگەیتە لای. مووسا سەلامی لێ بێ کەوتە چاودێریی شوێنەواری نەهەنگەکە لە ناو دەریادا، تا ئەوەبوو خزمەت گوزارەکەی پێی وت: ئەزانیی لەو کاتەدا کە لامان دایە لای بەردەکە نەهەنگەکەم لە یاد چوو و، تەنها شەیتانیش لە یادمی بردەوە. مووسا فەرمووی: ئێمەش ئەوەمان ئەویست. ئەوەبوو بە دوای خۆیاندا گەڕانەوە و (( خضر )) یان بینیی و ئەوە رووی دا کە خوا ( عزوجل ) لە قورئاندا گێڕاویەتەوە.

ئیتر ئەوەبوو ئیبن عەبباس تا هەواڵێکی بە جوانیی روون نەکردایەتەوە، وەری نەئەگرت.

بۆ ئەمەش موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە موجاهیدەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە: بوشەیری عەدەویی هاتە خزمەتی ئیبن عەبباس و دەستی بە گێڕانەوەی فەرموودە کرد و ئەیوت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە و ئیبن عەبباسیش گوێی بۆ نەئەگرت و ئاوڕیشی نەئەدایەوە بۆ لای. ئەویش وتی: ئەی ئیبن عەبباس! ئەوە چییە گوێ بۆ فەرموودە گێڕانەوەکەم ناگری ؟ من لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموودەت بۆ ئەگێڕمەوە کەچیی تۆ گوێ ناگری ! ئیبن عەبباس وەڵامی دایەوە: ئێمە کە ئەوسا گوێمان لە پیاوێك ئەبوو ئەیوت: پێغەمبەری خوا ﷺ

فەرموویە، خێرا چاومان تێ ئەبڕیی و بە چاکییش گوێمـان لیٚ ئـەگرت، بەلاٚم کە خـەلکیی هـەموو ڕێبازێکیـان ـ چـاك و خـراپ ـ گرتـە بـەر، ئێمەش ناچار لەو خەلکە تەنها ئەوە وەرئەگرین کە دلمان بی گریٚ.[1]

جا یەکەم لایەنێك کە ئیبن عەبباس تیایدا پێشـی هـەموو هـاوەلاٚنی دابێتەوە، فیقهە.

طاووس لەو بارەوە ئەلێت: بە خزمەتی نزیکـەی پێـنج صـەد هـاوەل گەیشتووم و ئەگەر باسی ئیبن عـەبباس بکردایـە و رایـان پێچـەوانەوەی ئەو بوایە، کۆلی نەئەدا هەتا دان بنێن بە راستییدا و بێنە سـەر راکـەی ئەو.

موجاهیدیش وتوویە: فەتوام نەبیسـتووە لـە فـەتوای ئـیبن عـەبباس جوان تر بێـت، جگـە لـە کەسـێك کـە وتبێتـی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویە:[2]

عەطائی کوڕی یەساریش وتوویە: عومەر و عوثمـان خوا لێیان رازیـی بیٚ ئیبن عەبباسیان خوا لێی رازیی بیٚ بـانگ ئـەکرد و، ئـەویش لەگـەل ئەهلی بەدردا راوێژی ئەکرد و، لە سەردەمی عومەر و عوثمـانـەوە هـەتا ئەو رۆژەی کە کۆچی دوایی کرد فەتوای ئەدا..

زیادی کوڕی میناییش وتوویـە: ئـیبن عـەبباس و، ئـیبن عومـەر و، ئەبوسەعیدی خـودریی و، ئـەبوهورەیرە و، عەبـدوللاٚی کـوڕی عـەمری کوڕی عاص و، جابیری کوڕی عەبـدوللاٚ و، رافیعـی کـوڕی خـودەیج و، سەلەمەی کوڕی ئەکوەع و، ئەبو واقیدی لەیثیـی و، عەبـدوللاٚی کـوڕی بوحەینە و، هاوێنەی ئەمانە لەناو هاوەلاٚنی پێغەمبەری خـوادا ﷺ لـە

---

[1] مسلم : ١ / ١٠.

[2] سير النبلاء : ٣ / ٣٢٥.

مەدینەدا فەتوایان ئەدا و، لەو کاتەشەوە کە عوثمان کۆچی دوایی کردبوو، هەتا کۆتایی تەمەنیان فەرموودەیان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەگێڕایەوە. ئەوانەش کە فەتوایان درابووە دەست: ئیبن عەبباس و، ئیبن عومەر و، ئەبوسەعیدی خودریی و، ئەبوهورەیرە و، جابیری کوڕی عەبدوڵڵا بوون.[1]

شایانی باسە کە فیقهـ و فەتوا و ئیجتیهادی ئیبن عەبباس لە هی ئیبن عومەر زیاتر بووە.

نافیع ئەگێڕێتەوە کە: ئیبن عومەر و ئیبن عەبباس لە کاتی هاتنی حاجیاندا دائەنیشتن بۆ وەڵام دانەوەی خەڵکەکە. جا منیش ڕۆژێك لای ئەمیان و ڕۆژێکیش لای ئەویان دائەنیشتم. ئەوەبوو ئیبن عەبباس هەرچیی پرسیارێکی لێ بکرایە وەڵامی ئەدایەوە و فەتواشی ئەدا، بەڵام ئیبن عومەر زۆربەی ئەو فەتوایانەی کە داوای لێ ئەکران ئەدایە دواوە.[2]

بەمە ئیبن عەبباس بووە یەکێك لەو حەوت فەقیهەی کە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ فەتوایان پێ سپێررا.

ئیبن حەزم ئەڵێت: ئەو هاوەڵانەی خوا لێیان ڕازیی بێ کە زۆرتر فەتوایان داوە و، فەتوایان لێوە ڕیوایەت کراوە: عائیشەی دایکی ئیمانداران و، عومەری کوڕی خەططاب و، عەبدوڵڵای کوڕی و، عەلیی کوڕی ئەبوطالیب و، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و، زەیدی کوڕی ثابیت بوون، ئەمانە حەوت کەسن و ئەتوانرێ کتێبێکی گەورە لە فەتوای هەر یەکەیان کۆ بکرێتەوە. ئەوەبوو ئەبوبەکر موحەممەدی کوڕی مووسای کوڕی یەعقووبی کوڕی خەلیفە مەئموونی

---

[1] حياة الصحابة : ٣ / ٧٨٧ ، وانظر سير النبلاء : ٣ / ٢٢٣.

[2] سير النبلاء : ٣ / ١٤٧.

ئـەمیری ئیمـانداران بیسـت کتێبـی لـە فـەتواکانی عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبباسی کۆکردبوویەوە. ئەبوبەکری ناوبراویش یەکێکە لە ئیمامـەکانی زانست و فەرموودە لە ئیسلامدا.[1]

خۆ هەر کاتێکیش هاوەڵان لە کاروباری فیقهـدا خیلافیـان ببوایـە، ئەوا ئیبن عەبباس بۆی روون ئەکردنەوە:

لەیثی کوڕی ئەبوسولەیم ئەڵێت: لە طاوسم پرسیی: بـۆچ نووسـاویت بـەم منالەوە ـ واتە ئیبن عەبباس ـ و وازت لە هاوەڵە گەورەکان هێنـاوە ؟ وتـی: بە چاوی خۆم حەفتا هاوەڵم دیون کە ئەگـەر لـە شـتێکدا ناکۆکییـان بوایـە ئەچوونە سەر رای ئیبن عەبباس.[2]

هەتا خاتوو عائیشەش شاهێدیی ئەوەی داوە کـە ئـیبن عـەبباس لـە کاروباری حەجدا زاناترینی هەموو خەڵکە.[3]

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لە هـەردووکیان رازیی بێ شاهێدیی داوە و وتوویە: ئیبن عەبباس بە هەواڵی لەمەو پێش لە هەموومان زاناترە و، لـە بـارەی ئەوەشـەوە کـە هاتۆتـە خـوارەوە و هیچی لە بارەوە نیە شارەزاترینمانە.[4]

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیبن عـەبباس خـاوەنی زانسـتێکی فـراوان بـوو، رێزی لە زانایـان ئـەگرت و قـەدر و حورمـەتی ئەپاراسـتن، چـونکە بـە راستیی پیاو قەدری پیاو ئەزانێت..

شەعبیی ئەڵێت: زەیدی کوڕی ثابیت ویستی سواری ولاغ ببێت، خێرا ئیبن عەبباس ئاوزەنگییەکەی بـۆ گـرت، ئـەویش وتـی: ئـەی ئـامۆزای

---

[1] الإحكام لابن حزم : ٥ / ٦٦٦. وانظر سير النبلاء : ٣ / ١٥٩.

[2] أنظر البداية والنهاية : ٨ / ٣٠١.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

[4] حياة الصحابة : ٣ / ٧٩٧.

پێغەمبەری خوا ﷺ زەحمەت مەکیشە. ئیبن عەبباس وتی: فەرمانمان پێ دراوە لەگەڵ زاناکانمان وەها بکەین، زەیدیش وتی: هەردوو دەستتم پیشان بدە، کە دەستی دەرهێنان، زەید هەردوو دەستی ماچ کرد و، وتی: ئێمەش فەرمانمان پێ دراوە لەگەڵ ئال و بەیتی پێغەمبەرەکەمان وەها بکەین.[1]

ئەوەندەش زانست و فێربوونی زانستی بەلاوە سەنگین بوو هەمیشە خەڵکی هەڵ ئەنا هەتا پرسیار بکەن، هەتا بەوەش وازی نەئەهێنا، بەڵکو خۆی پرسیاری لێ ئەکردنەوە تا بزانێ لە زانستەکەی چەند تێ گەیشتوون، نەوەکو لێی تێ نەگەن و دواییش بە ناوی ئەوەوە قسە بکەن و بڵێن: ئیبن عەبباس وتی..[2]

ئیبن عەبباس ڕێڕەوێکی زانستییانەی گرتبووە بەر، ئەوەبوو هەتا قورئان و فەرموودە و رای ئەبوبەکر و عومەر و عەلیی دەست بکەوتایە خۆی رای دەرنەئەبڕیی.

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوزەید ئەڵێت: گوێم لە ئیبن عەبباس بووە خوا لێیان رازیی بێ کە ئەگەر دەربارەی شتێك پرسیاری لێ بکرایە، ئەگەر وەڵامەکەی لە قورئاندا بوایە، ئەوا بەو وەڵامی ئەدایەوە، خۆ ئەگەر لە قورئاندا نەبوایە، بەڵام لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوایە، ئەوا بەو وەڵامی ئەدایەوە، خۆ ئەگەر نە لە قورئان و نە لە فەرموودەدا نەبوایە، بەڵام لە فەرمایشتی ئەبوبەکر و عومەردا خوا لێیان رازیی بێ بوایە، ئەوا بەوە وەڵامی ئەدایەوە. خۆ ئەگەر نە لە قورئان و نە لە

[1] البداية والنهاية : ٨ / ٣٠١.

[2] البخاري : ٤ / ٢٣٨.

فەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ و نە لە فەرمایشتی ئەبوبەکر و عومەردا نەبوایە ئەوا بە رای خۆی ئیجتیهادی ئەکرد.

هەروەها ئیبن عەبباس وتوویە: ئەگەر هەواڵی راستمان لە عەلییەوە خوا لێی رازیی بێ پێ بگەیشتایە، بە هیچی ترمان نەئەگۆڕییەوە.[1]

جا ئەگەر شارەزایەکی فیقهـ بە وردیی بە کتێبە فیقهییەکاندا بگەڕێ و فەتوا و راکانی ئیبن عەبباس کۆ بکاتەوە بۆی دەرئەکەوێ کە ئیبن عەبباس بۆ خۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە و رای جوانی سەربەخۆی هەیە و، لە زۆربەی بابەکانی فیقهدا رای تایبەتیی دەربڕیوە. پێغەمبەری ئازیزیش ﷺ دەری بڕیوە کە گەورە زانای ئەم ئوممەتەیە کە فەرموویە: (( إنَّ حَبر هذه الأمة ابن عباس )).[2]

هەروەها لە تەفسیری قورئاندا ئیبن عەبباس دەستێکی بالای هەبووە.

ئەوەی کە وا چاکە خوێنەری ئازیز بیزانێت ئەوەیە کە لەناو هاوەڵاندا دە کەس بە شارەزایی تەفسیری قورئان ناوبانگیان دەرکردووە کە ئەمانەن: هەر چوار خەلیفەکە و، ئیبن مەسعوود و، ئیبن عەبباس و، ئوبەی کوڕی کەعب و، زەیدی کوڕی ثابیت و، ئەبوموسای ئەشعەریی و، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر. جا لە نێوان هەر چوار خەلیفەکەدا خوا لێیان رازیی بێ ریوایەتی زۆر تەنها لە ئیمام عەلییەوە وەرگیراوە و، ئەو سیانەکە لەبەر ئەوەی زووتر کۆچی دواییان کردووە ریوایەتی کەمیان لێ وەرگیراوە.

---

[1] حیاة الصحابة : ٣ / ٧٨٣.

[2] سیر النبلاء : ٣ / ٢٢٨.

موعەممەر لە وەهبی کوڕی عەبدوڵلاوە گێڕاویەتەوە کە وتوویە: چاوم لە عەلیی بوو خوا لێی ڕازیی بێ کە وتاری ئەدا و ئەی فەرموو: پرسیارم لێ بکەن.. دە بەخوا لە بارەی هەر شتێکەوە پرسیارم لێ بکەن هەواڵتان ئەدەمێ. دەربارەی قورئانی پیرۆزیش پرسیارم لێ بکەن.. دە بەخوا هەرچی ئایەتی هەیە ئەزانم لە شەودا هاتۆتە خوارەوە یان لە ڕۆژدا.. لە دەشت هاتۆتە خوارەوە یان لە چیادا.[1]

دیارە ئیبن عەبباسیش لە تەفسیری قورئاندا شارەزاییەکی چاکی هەبووە، بە رادەیەك کە شیاوی ئەوە بووە ناوی (( تەرجومانی قورئان )) ی لێ بنرێ.

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازیی بێ وتوویە: (( نعم ترجمان القرأن إبن عباس )).

شارەزایی قورئانیش لەلایەن ئیبن عەبباسەوە شارەزاییەکی سەرتاسەریی بووە.

ئیبن ئەبو مەلیکە ئەڵێت: چاوم لێ بووە کە موجاهید دەربارەی تەفسیری قورئان پرسیاری لە ئیبن عەبباس ئەکرد و دەفتەری نووسینیشی پێ بوو، ئیبن عەبباسیش پێی ئەوت: بنووسە. هەتا ئەوەبوو دەربارەی تەفسیر هەر هەمووی پرسیاری لێ کرد.

لە موجاهیدیشەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: سێ جار هەر لە فاتیحەوە تا کۆتایی قورئانم بۆ ئیبن عەبباس گرتووە و، لەسەر هەموو ئایەتێکیش دەم وەستان و پرسیارم لێ ئەکرد.[2]

---

[1] مناهل العرفان : ١ / ٤٨٢.

[2] تفسير الطبري : ١ / ٩٠.

بەڵێ، ئیبن عەبباس لە چەندین جۆری زانست و زانیارییدا دەستی باڵای هەبووە بەڵام لە سێ زانستدا یەکجار لێهاتوو بووە کە فیقهـ و تەفسیر و فەرموودەن، جا با بزانین شارەزایی لە فەرموودەدا چۆن بووە.

گومانی تێدا نیە کە ئیبن عەبباس یەکێك بووە لەو هاوەڵە ناودارانەی کە فەرموودەیان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاوەتەوە، کەچیی لەگەڵ ئەمەش‌دا گێڕانەوەی فەرموودەی زۆری پێ باش نەبوو و، هەر فەرموودەیەکیش بە جوانیی بە لایەوە نەچەسپایە وەری نەئەگرت و، فەرموودەشی لە دەمی هەموو کەسێك وەرنەئەگرت.

ئەم بۆچوونەی ئیبن عەبباس لە بۆچوونەکەی خەلیفە عومەر ئەچوو و، شوێن پێ هەڵگرتنی ئەو بوو.. ئەوەبوو عومەریش ریوایەتی فەرموودەی زۆری بە دڵ نەبوو و، خەڵکیشی لە گێڕانەوەی فەرموودەی زۆر قەدەغە ئەکرد. هەتا هەندێ لەوانەشی بەند کردن کە فەرموودەی زۆریان ریوایەت ئەکرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هەموو کەسێ دەست نەداتە ئەو کارە و سەرەنجام درۆ بە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ هەڵ ببەسترێ، هەروەها لەبەر ئەوەش کە خەڵکیی دەست لە قورئان هەڵ نەگرن.

ئەوەبوو خەلیفە عومەر لە سەردەمی خۆیدا ئەیویست فەرموودە کۆ بکاتەوە، کەچیی دوای سەرنج‌دان و راوێژ بە هاوەڵان، لە ترسی دەست هەڵگرتن لە قورئان و پەشۆکان بە فەرموودەوە، دەستی لە کۆکردنەوەی فەرموودە هەڵ گرت.. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە هاوەڵان نەیان ویستووە فەرموودەش لە قورئان دووریان بخاتەوە. هەتا خەلیفە عومەر یەك مانگ نوێژی ئیستیخارە ئەکات و بە شێوەیەکی گشتییش هاوەڵان رێی پێ ئەدەن، کەچیی لە کۆتاییدا بیر لە حاڵی ئەهلی کیتاب ئەکاتەوە کە چۆن لە پاڵ کتێبەکەی خوادا دەستیان داوەتە نووسینی کتێبی تر و،

خەڵکیان هەڵ ناوە تا شوێن کتێبە دەستکردەکەی خۆیان بکەوێ و، سەرەنجام پشتیان لە کتێبەکەی خوا هەڵ کردووە، لەبەر ئەوە وازی لە کۆکردنەوەی فەرموودە هێنا، تا موسڵمانان هەر خەریکی خزمەتی قورئان بن..

ئیبن عەبباس هەرچەندە حەزی لە ریوایەتی زۆر نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لەو شەش هاوەڵەی کە فەرموودەی زۆریان ریوایەت کردووە، کە ئەمەش ناوی پێنج هاوەڵەکەی ترە: ئەبوهورەیرە و، جابیری کوڕی عەبدوڵڵا و، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و، ئەنەسی کوڕی مالیك و، خاتوو عائیشەی دایکی ئیمانداران.. سەرجەمی ئەو فەرموودانەی کە ئیبن عەبباس ریوایەتی کردوون ئەگاتە (( ١٦٦٠ )) فەرموودە کە بوخاریی و موسلیم لەسەر صەحیحیی نەوەد و پێنجیان یەکیان گرتووە و، بوخاریی بە تەنیا صەد و بیست فەرموودە و، موسلیمیش بە تەنیا چل و نۆ فەرموودەی تریان ریوایەت کردووە.[1] فەرموودەکانی تریش وان لە کتێبەکانی تری فەرموودەدا..

ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە ئیبن عەبباس ماوەیەکی کەم لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ژیاوە، کەچیی ئەم هەموو فەرموودەشی ریوایەت کردووە. ئەوەبوو لە دوای فەتحی مەککە لە ساڵی هەشتەمی کۆچییدا لەگەڵ دایکیدا کۆچی بۆ مەدینە کرد و تەنها نزیکەی سێی مانگ لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ مایەوە.

بەڵام بە سەرنجدانی ئەو فەرموودانەی کە ئیبن عەبباس ئەیان گێڕێتەوە دەرئەکەوێت کە تەنها هەندێك لەو فەرموودانە لە پێغەمبەری خوای ﷺ بیستوون و، ئەوانی تری لە دەمی هاوەڵان بیستووە..

---

[1] شرح رياض الصالحين ، لابن علان : ١ / ٧٣.

# دڵسۆزیی بۆ موسڵمانان

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان رازیی بێ خاوەنی کەسایەتییەکی رێك و پێك و تەواو بوو.. خاوەنی لێهاتنێکی کەم وێنە بوو.. بۆیە بە چاکیی و رێك و پێکیی دەستی بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە ئەگرت..

ئەوەبوو لە شەرعدا شارەزایەکی وەها بوو، کە موسڵمانان بە سەرچاوەیان ئەزانیی.. لە شارەزایی فەرموودەشدا ئەوەندە ناودار بوو لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە موسڵمانان ئەهاتنە خزمەتی تا فەرموودەی ئازیزی ﷺ لە دەم وەربگرن.. لە شارەزایی تەفسیریشدا مەلەوانێکی کەم وێنە بوو بۆ دەرهێنانی دوڕ و گەوهەری دەریای قورئان، تا ببێتە دیارترین و بەناوبانگترین سەرچاوەی تەفسیر.. لەلایەنی ئەدەبیشەوە زانایانی زمانەوانیی لە هەموو لایەکەوە ئەهاتنە خزمەتی و زمان و ئەدەبیان لێ وەرئەگرت.. لە وتاردانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و خاوەنی گوفتاری شیرین و بەڵگە و دەلیلی بەهێز و دەم کوتکەر بووە.. هەروەها لە تەگبیری کاروباری موسڵمانانیشدا خەمخۆرێکی دڵسۆز بووە، تا موسڵمانان رێی راست بگرنە بەر و سەریان لێ نەشێوێ..

ئەوەبوو کۆمەڵە رووداوێکی سەیر و دڵتەزێن بەسەر موسڵماناندا هاتن و ئیبن عەبباسیش وەك زانایەکی لێهاتووی ئال و بەیت بە بیری تیژی سەرنجی ئەدان و ژیریی و سەلیقەی ئەخستە کار بۆ تاوتوێ کردنیان، کە شەهیدکردنی خەلیفە عوثمان و، بوونی ئیمام عەلیی بە خەلیفە یەکێکە لەو رووداوانە.

لەبەر ئەوەی کە ئیبن عەبباس ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی خەلیفە عومەردا خوا لێیان رازیی بێ مابوویەوە، ژیریی و سەلیقەیەکی وردی بۆ بیرکردنەوە لە رووداوەکان بەدەست هێنا بوو.. بەمە هەموو کارێکی لە شوێنی خۆیدا دائەنا و، سەرەنجامی کارەکانی پێش رووداینیان لێك ئەدایەوە.

ئەوەبوو دوای شەهیدبوونی خەلیفە عوثمان خوا لێی رازیی بێ و ئەو ئاژاوە و پشێوییانەی کە بە دوایدا هاتن، وای بە چاك ئەزانیی کە ئیمام عەلیی خوا لێی رازیی بێ کاروباری خیلافەت نەگرێتە دەست.

عەمری کوڕی دینار ئەگێڕێتەوە کە: دانیشتوانی مەدینە داوا لە ئیبن عەبباس ئەکەن تا ببێتە ئەمیری حەجیان.. ئەویش ئەچێتە خزمەتی خەلیفە عوثمان و، ئەیکاتە ئەمیری حەج. ئەچێت بۆ حەج و پاشان ئەگەڕێتەوە، ئەبینێ عوثمان شەهید کراوە. بە ئیمام عەلیی ئەڵێ: ئەگەر تۆ دەست بدەیتە ئەم کارە ( واتە ببیتە خەلیفە )، هەتا رۆژی قیامەت خەڵکیی داوای خوێنی عوثمانت لێ ئەکەن..[1]

خۆ ئەگەر بە جوانیی لە هەواڵەکانی مێژوو ورد ببینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئیمام هیچ کات، لە گەرمەی ئەو رووداوانەدا، حەزی لە وەرگرتنی خیلافەت نەبووە و، کاتێکیش کە ئیبن عەبباسی ئامۆزای بۆ وەرنەگرتنی خیلافەت ئامۆژگاریی ئەکات، زیاتر لە سەر وەرنەگرتنی سوور ئەبێت، بەڵام رووداوەکان بە جۆرێك هاتنە پێش، کە خەڵکەکە هەستیان بە مەترسیی کرد و هاتنە خزمەتی ئیمام و لێی پاڕانەوە کە جگە لەو کەسێکی تر توانای نیە ئەو کارە بگرێتە دەست و، بارودۆخی موسڵمانان پڕ مەترسییە.

---

[1] سیر أعلام النبلاء : ٣ / ٢٣٤.

ئەوەبوو دوای شەهیدبوونی عـوثـمان پایتـەختی ئیسـلام پێـنج ڕۆژ خەلیفەی نەبوو، بەڵکو کاروبار بە دەستی غافیقیی کوڕی حـەربی تـاوان باری ئـەمیری ئاژاوەچـییەکانەوە بـوو، ئـەوانیش پەلـەیان بـوو خەلیفـە دیاریی بکرێ و لەو داوە ڕزگاریان بێت.

ئەوەبوو میصـرییەکان هـەوڵیان ئـەدا ئیمـام خیلافـەت وەربگـرێ و ئەویش لە باخەکاندا خۆی لێیان ون ئـەکرد و، کووفییـەکانیش بـە دوای زوبەیردا ئەگەڕان و دەستیان نەئەکەوت و، بەصرییەکانیش دادیان ئەبردە بەر طـەلحە و ئەویش ملی پێ نەئەدان. دوایی هەر سێ دەسـتەکە هاتنـە سەر ئەو ڕایە کە هیچ کام لەم سیانەیان ناوێـت و، چـوونە لای سـەعدی کوڕی ئەبووەققاص و وتیان: تـۆ یـەکێکی لـە ئـەهلی شـوورا، کەچـیی ئەویش لێی وەرنەگرتن و، ناچـار پـەنایان بـردە بـەر عەبـدوڵلای کـوڕی عومەر و، ئەویش ملی پێ نەدان.. سەرەنجام هاتنە سەر ئەو بڕیـارە کـە ئەگەر بێتو بە کوشتنی عوثـمانەوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و کەسێکیان نەکردبێتە ئەمیری مەدینـە ئـەوا ئـاژاوە ئەکەوێتـە نێـوان خەڵکەکـە و ناکۆك ئەبن و، ئەوانیش هەروا سەلامەت نابن..

چەندین جار چوونەوە بە دوای ئیمام دا و خەڵکی مەدینـەش زۆرێـك لێی پاڕانەوە کە موسڵمانان پێویستییان بە چارەسەرێك هەیـە و لـەویش لێهاتووتر بۆ ئـەم کـارە نیـە، هـەتا ئـەوەبوو ناچـاربوو کـە خیلافـەت وەربگرێ.

هەروەها ئـیبن عـەبباس ئامۆژگارییـەکی تـری ئیمـامی کـرد. دوای ئەوەی کە ئیمام کاری خیلافەتی وەرگرت و ئیبن عەبباسیش بەیعەتی پێ دا، وای بە چاك زانیی لە تەنیشت عەلیی ئامۆزایدا بێت، تا چاوی لێـی بێت و لە گیروگرفتیشدا یارمەتیی بدات..

ئەوەبوو داوای لێ کرد کە والییەکان لەسەر کاری خۆیـان بهێڵێتـەوە، بە تایبەت موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان کە ئەو کاتە والیی شام بوو.

هەرکە بەیعەت بە ئیمام درا طەلحـە و زوبـەیر و هاوەڵـە ناودارەکـان چوونە لای ئیمام خوا لـە هـەموویان رازیـی بـێ و داوایـان لێ کـرد تـا خوێنی عوثمان بسێنێ و تۆڵە لە تاوانکاران بکاتەوە. بـەڵام ئیمـام بـۆی روون کردنەوە کە ئەو تاوانبارانە ئەمڕۆ پشت و کۆمەکیان زۆرە و، ئـەو کارە مەگەر دوا بخرێ تا کاتی بێتە بەرەوە.

وتمان: ئیبن عەبباس داوای لە ئیمام کرد تا کاربەدەستان لەسـەر کـار لا نەبا، بە تایبەت موعاویە و پێی وت: ئەترسم ئەگەر لەسـەر کـار لای بدەی داوای سەندنی خوێنی عوثمانت لێ بکات و، لە طەلحە و زوبـەیریش بێخەم نیم کە بەو بۆنەوە باست نەکەن.

ئیمام فەرمووی: من وای نابینم. بەڵام تۆ بڕۆ بۆ شام، وا تۆم کـردووە بە والیی ئەوێ..

ئیبن عەبباس وتـی: ئەترسـم موعاویـە لـە بـری خـوێنی عـوثمان بم کوژێت، یان لە بەر خزمایـەتیی تـۆ بەنـدم بکـات. وەرە نامەیـەکم بـۆ بنووسە تا بیبەم بۆی و تیایا دڵی خۆش بکە و بـەڵێنی بـدەرێ. عـەلیی فەرمووی: بەخوا هەرگیز شتی وا نابێ.. کـاتێکیش کـە ئیمـام ویسـتی مەدینە بەجێ بێڵێ و پایتەخت بگوازێتەوە بۆ عیراق، ئیبن عـەبباس رای لەسەر نەبوو و داوای لە ئیمام کرد کە مەدینە بـەجێ نـەهێڵێ، چـونکە دانیشتوانی مەدینە راستگۆترین دەستەی موسڵمانن و پشت گیری حەقن و، هەر مەدینە بۆ پایتەخت چاکە. کەچـیی ئیمـام بـە گـوێی نـەکرد و پایتەختی گواستەوە کووفە..

ئیبن عەبباس سەرەڕای ئەوەی کە ئامۆزای ئەمیری ئیمانداران ئیمام عەلیی بوو، لە هەمان کاتدا وەك موسڵمانێکی تێگەیشتوو لە هەڵوێستی ئیمام ئاگادار بوو کە بەوپەڕی تێگەیشتنەوە هەنگاو هەڵ ئەگرێ و، بەرامبەرەکانیشی، هەرچەندە بە پاکیی خزمەتی ئیسلام ئەکەن، وەك ئیمام شارەزا نین، بە تایبەت لە جەنگی جەمەل و صیففیندا، بۆیە لە پاڵ ئیمامدا بوو و، بە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانیی کۆمەکیی ئیمام بکات، لەبەر ئەوەی کە بۆچوونەکانی ئیمام وردتر و قووڵ تر بوون.

زوهەریی لە عەلیی کوڕی ئیمام حوسەینەوە و، ئەویش لە باوکیەوە ریوایەت ئەکات و ئەڵێت: رۆژی جەمەل و صیففین باوکم ( واتە ئیمام عەلیی ) سەیری ئیبن عەبباسی کرد، کە ئەمیری دەستەچەپی سوپا بوو و، بەشداریی جەنگی خەواریجیشی لەگەڵدا کردبوو و، ئەوەبوو ئیبن عەبباس یەکێکیش بوو لەوانەی کە داوایان لە ئیمام ئەکرد تا موعاویە بە کاربەدەستی شام بهێڵێتەوە.. ئیبن عەبباس پاڵەوانانە بەشداریی جەنگی ئەکرد، ئەوەبوو لە رۆژی پێنجەمی جەنگی صیففیندا، کە رۆژی یەك شەممە بوو، ئەمیری جەنگی ئەو رۆژە ئیبن عەبباس بوو. ئەو رۆژە ئیبن عەبباس خۆی جەنگێکی پاڵەوانانەی کرد و داواشی کرد با ئەمیری جەنگی ئەو رۆژەی سوپای موعاویە، کە وەلیدی کوڕی عوقبە بوو، بێتە مەیدانی و پێکەوە بەرامبەر بە یەك بجەنگن، کەچیی وەلید نەهات.[١]

هەروەها ئیبن عەبباس لە رۆژی حەوتەمی جەنگی صیففیندا فەرماندەی بەشی دەستە چەپی سوپای ئیمام عەلیی بوو.[٢]

---

[١] البداية والنهاية : ٧ / ٢٦٢.

[٢] البداية والنهاية : ٧ / ٢٦٣.

لە پاڵ ئەمانەشدا ئیبن عەبباس هەندێ کاروباری دەوڵەتی ئیسلامیی بە دەست گرتـووە.. ئـەوەبوو ئیمـام عـەلیی وەهـای ئـەبینی کـە ئـیبن عەبباس ئەو پیاوە لێهاتووە بەتوانایەیە، کە کاروبـاری هەنـدێ ناوچـەی گرنگی پـێ بسـپێرێ و، هەنـدێ گێروگرفتـی ئاڵۆزیشـی پـێ چارەسـەر بکات..

ئەوەبوو لە ساڵی سیی و شەشەمی کۆچییدا ئیمـام ئـیبن عەبباسـی کردە والیی بەصرە، ئەمەش بـە بۆنـەی ئـەوەوە بـوو کـە کـاتێ ئیمـام سەردانی بەصرەی کرد سەردانی ئەبوبەکرەی کرد نەخۆش بوو و، دایشـی بە گوێیدا کە پێی خۆشە بیکاتە والیی بەصـرە، بـەڵام ئەبوبـەکرە دڵـی پێوە نەبوو و وتی: پیاوێك لە کەس وکاری خۆت هەیە و خـەڵکیی دڵـی پێی ئەکرێتەوە. ئەوەبوو ئاماژەی بـۆ عەبـدوڵڵا کـرد و، ئیمـامیش بـە گوێی کرد و ئیبن عەبباسی کردە والیی بەصرە و بۆ کاروبـاری خـەراج و ( بیت الـمـال ) یش ( زیاد بن أبیه ) ی دانا و فەرمانی بە ئیبن عـەبباس دا کە گوێڕایەڵیی بۆ زیاد بکات.[1]

لە (( إصـابة ))ش دا وەهـا هـاتووە کـە ئـیبن عـەبباس تـا کۆتـایی خیلافەتی ئیمام عەلیی والیـی بەصـرە بـووە و، دوای ئـەو عەبـدوڵڵای کوڕی حاریث بۆتە والیی و ئیبن عەبباس گەڕاوەتەوە بۆ حیجاز.

لەو ماوەیەدا، کە ئیبن عەبباس ئەمیری بەصـرە بـوو، هـەوڵی ئـەدا خەڵکەکە لە قورئان و لە تەفسیر شارەزا بکات، بە تایبەتیی لە مـانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا..[2] دانیشتوانی بەصرەش ئەویان وەك چاوانیان خـۆش ئەویست و ستایشیان بە چاکیی ئەکرد..

---

[1] البداية والنهاية : ٧ / ٢٤٦.

[2] الإصابة : ٤ / ٩٤.

بەڵام ریوایـەتێکی تـر وای دەرئـەخات کـە ئـیبن عـەبباس هـەر لـە سەردەمی ئیمامدا وازی لـە ئـەمیریی بەصـرە هێنـا بـێ و گەڕابێتـەوە مەککە.

هەروەها لە مەسەلەی ( تەحکیم ) دا بۆ رێك کەوتنی ئیمام عەلیی و حەزرەتی موعاویە خوا لێیان رازیی بێ ئیبن عـەبباس پێـی خـۆش بـوو دەورێکی گرنگی تیا ببینێ.

ئەوەبوو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بەشداریی جەنگی صیففین ی کـرد و ئەمیری جەنگیش بوو. هەتا ئەوەبوو داوای لە سـوپای شـام کـرد کـە جەنگ بووەستێنن، با رێك بکەون..

ئیمام عەلیی پێی خۆش بـوو لەلایـەن خۆیـەوە ئـیبن عـەبباس هـەڵ ببژێرێ و بیکاتە حەکەمی خۆی، چونکە ئـەو خـاوەنی لێهـاتنێکی کـەم وێنە بوو بۆ ئەو هەڵوێستە نالەبارە، بەڵام دانیشتوانی یەمەن نارەزاییـان دەربڕیی و، وتیان: ئەبێ لەلایەن ئیمامەوە ئەبو مووسای ئەشعەریی خـوا لێی رازیی بێ بۆ حەکـەمیی هـەڵ ببـژێرری، کـە ئـەوەبوو لـەو کاتـەدا ئەبوموسا لە جەنگ کەناری گرتبوو..

ئیبن عەبباس زۆر خەمی بوو کە ئەبوموسا بکرێتە حەکـەم، چـونکە لەلایەن موعاویەوە عەمری کوڕی عاص خوا لێی رازیی بـێ کرابـوو بـە حەکەم و، ئیبن عەبباس ئەیزانیی ئەبوموسا چاری عەمر ناکات.

لە عیکریـمەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: گوێم لـە ئـیبن عـەبباس بـوو ئەیوت: بە عەلییم وت: ئەبوموسا مەکە بـە حەکـەم چـونکە پیـاوێکی وریای خاوەن تاقیی کاریی پیاو بەزێنی لەگەڵدایە ( واتە عەمری کـوڕی عـاص )، من بنووسێنە بە بن دەستیا، تا هەر گرێیـەك ئـەو ئەیکاتـەوە من گرێی بدەمەوە و، هەر گرێیەکیش ئەو گرێی ئەدا من بیکەمەوە..

فەرمووی: ئیبن عەبباس چیی بکەم ؟ هاوەڵانم هەڵیان بژاردووە، ئەوانیش نییەتیان لاواز بووە و کولیش بوون، ئەوەتا ئەشعەث ئەڵێت: هەرگیز نابێت لەو تەحکیمەدا هەردوو حەکەمەکە موضەری بن.

ئیتر منیش ئەم عوزرەم لە عەلیی وەرگرت.[1]

ئەوەبوو لەسەر ڕەزامەندیی ئەهلی یەمەن ئیمام ئەبوموساى کردە حەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێی خۆش بوو ئیبن عەبباس دەوری خۆی لەو کارە گرنگەدا ببینێ و بەشداریی بکات. ئەوەبوو لەلایەن خۆیەوە بە یەکێ لەو دە شاهێدەی نووسراوی ( تەحکیم ) هەڵی بژارد.[2]

جا کە ئیمام عەلیی و موعاویە ڕێك کەوتن و ئیمام بە تەحکیم ڕازیی بوو، کۆمەڵێك لە سوپاکەی جیابوونەوە کە نزیکەی دوانزە هەزار بوون و ئەو ڕێك کەوتنەیان بە دڵ نەبوو و جاڕیان ئەدا کە ( لا حکم إلا لله ) و، تەکفیری ئیمامیان ئەکرد.. ئەمانە لە مێژوودا ناونران خەواریج..

ئیمام پێی خۆش بوو ئەمانە دەست لەو هەڵەشەییەیان هەڵ بگرن و بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاست. بۆ ئەمەش ئیبن عەبباسی هەڵ بژارد و ناردیە لایان و دەستیان بە وت و وێژ کرد و سەرەنجام زۆربەیان گەڕانەوە ژێر بەیداخی ئیمام.

جا وردیی و شارەزایی ئیبن عەبباس لەو وت و وێژانەدا توانا و ئاستی بەرزی سیاسیی و زانستیانەی ئەو دەرئەخەن.

کاتێك کە ئیبن عەبباس گەیشتە ناوەڕاستی سوپای خەواریج یەکێك لە پیاوە ناودارەکانیان کە پێی ئەوترا ( إبن الكوا ) هەستا و دەستی بە

---

[1] سير النبلاء : ٣ / ٢٣٤.

[2] البداية والنهاية : ٧ / ٢٧٦.

وتاردان کرد و وتی: ئەی هەڵ گرانی قورئان ! ئەمــە عەبــدوڵڵای کــوڕی عەبباسە، جا هەرکامتان نایناسن ئەوا من چاکی ئەناسم. ئەمە یەکێکە لەوانەی کە بە نەزانیی بەرابەرکێی قورئانی پیرۆز ئەکەن.. ئەمە یەکێکە لەوانەی کە ئایەتی ﴿ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴾ ( الزخرف: ٥٨ ) دەربارەی خۆیان و قەومەکەیان هاتۆتە خوارەوە.. بیگێڕینەوە بۆ لای هاوەڵەکــەی و، بــۆ لێك دانەوەی قورئان گوێی لێ مەگرن. هەندێکیان وتیــان: بــەخوا گــوێی بۆ ئەگرین، جا ئەگەر حــەقی پــێ بــوو ئــەوا شــوێنی ئەکــەوین و، گــەر ناڕەواشی پێ بوو ئەوا دەم کوتی ناڕەواییەکەی ئەکەین.

ئەوەبوو سێ رۆژ گوێیان لە عەبــدوڵڵا گــرت تــا قورئانیــان بــۆ روون بکاتەوە. بەمە چوار هەزاریان، کــە یــەکێ لەوانــە ( إبــن الکــوا ) بــوو، تەوبەیان کرد و، هەر هەموویان لەگەڵ ئیبن عەبباس‌دا گەڕانــەوە کووفــە خزمەتی ئیمام عەلیی.[١]

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە کاتێك ئیمام ئیبن عــەبباس ئــەنێرێت بۆ ناویان تا وت و وێژیان لەگەڵ بکات، پێیــان ئــەڵێت: ناڕەزاییتــان لــە ئەمیری ئیمانداران چییە ؟ وتیان: لەوەو پێش ئەمیری ئیمــانداران بــوو، بەڵام کە بۆ دینی خوا حەکەمی دانا ئەوا لە ئیمان دەرچووە. تا ئێمــەش بگەڕێینەوە لای. ئیبن عەبباس وتی: ئیماندار گەر هیچ شك و گومانێــك تووشی ئیمانی نەبووبێ، ئەوا بۆی نیە بڕیاری کافرێتیی خۆی بدات.

وتیــان: ئــەو تــەحکیمی کــردووە. وتــی: خــوای گــەورەش فــەرمانی بەسەرمان‌دا داوە تا لە راوکردن‌دا تەحکیم بکەین، ئەوەتا خــوای گــەورە

---

[١] البداية و النهاية : ٧ / ٢٨١.

فەرموویــە: ﴿ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾ ( المائدة: ٩٥ ). ئــەی ئــەبێ بــۆ کاری ئیمامەتێك کە بۆتە گرێ بۆ ئیمانداران چۆن بێ ؟!

وتیــان: ئــەو حــوکمی بەســەردا درا کەچــیی رازیــی نــەبوو. وتــی: حکوومەتیش وەکو ئیمامەت وەهایە، جـا کـاتێ کـە ئیمـام بـە فاسـق دەرچـوو ئـەوا پێویسـتە گوێڕایـەڵیی بـۆ نـەکرێ، هـەروەها ئـەو دوو حەکەمەش کە ڕێك نەکەوتن هەموو وتەیەکیان ئەخرێتە ئەولاوە.

هەندێکیان بـە هەنـدێکیان وت: بەڵگـەی قـوڕەیش مەکەنـە بەڵگـە بەسەر خۆتانـەوە، ئەمـە لـەو قەومەیـە کـە خـوا عزوجـل دەربارەیـان فــەرمــوویــە: ﴿ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴾ ( الزخرف: ٥٨ )، وە فەرموویـە: ﴿ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا ﴾ ( مريم: ٩٧ ).[١]

هەر لەو سەرچـاوەیەدا هـاتووە کـە: ئیمـام عـەلیی ئـیبن عەبباسـی ناردۆتە لایان. کە ئەگاتە بەرەوە بەخێرهاتنی ئەکەن و ڕێزی لێ ئـەگرن، سەیر ئەکا ناوچاوانیان لەبەر سەجدەی زۆر بووە بە زام و، دەسـتیان وەك ئەژنۆی وشتر بەر زەویی کەوتبێ وەهایە، کراسی لە ئـاو هەڵکێشـراویان لەبەردان و خۆیان هەڵ کردووە. وتیان: ئەبولعەبباس ! بۆچیی هاتووی ؟

وتی: لەلایەن زاوا و ئامۆزای پێغەمبەری خوا ﷺ و خوانـاس‌تـرین و شارەزاترینمان بە سوننەتی پێغەمبەر و، لەلایەن موهاجیر و ئەنصـارەوە هاتوومەتە خزمەتتان. وتیان: تاوانێکی گەورەمان ئـەنجام دا کـاتێ کـە تەحکیم‌مان لە دینی خوادا کرد، جا ئەگـەر وەك ئێمـە تەوبـەمان کـرد ئەویش تەوبە بکات و، جیهادی دوژمنمانی کرد ئەوا ئەگەڕێینەوە. ئـیبن

---

[١] رغبة الآمل في كتاب الكامل للمبرد : ٧ / ٧٩.

عەبباس وتی: داواتـان لێ ئەکـەم لەبـەر خـاتری خـوا لەگـەڵ خۆتـاندا راستگۆ بن. ئایا نەتان زانیوە کە خوای گەورە فەرمانی بەسەر پیـاواندا داوە لە بارەی کەروێشکێکەوە، کە بایی چارەکە دیرهەمێکە لە حەرەمدا راو بکرێت، هەروەها لە بارەی ناکۆکیی ژن و مێردێکـەوە، تـا تـەحکیم بکەن؟ وتیان: أللهم نعم.

وتـی: دەی لەبـەر خـاتری خـوا راسـت بڵـێن، ئایـا زانیوتانـە کـە پێغەمبەری خوا ﷺ بە بۆنەی رێك کەوتنیەوە لەگەڵ ئەهلی حودەیبییـە دەستی لە جەنگ گرتەوە ؟

وتیـان: بـەڵێ، بـەلام عـەلیی نـاوی خـۆی لـە ئـەمیری ئیمـانداران سـڕییەوە. ئـیبن عـەبباس وتـی: بـەوە نـاوی لـە ئـەمیریی ئیمـانداران ناسڕێتەوە. ئـەوەبوو پێغەمبـەری خـواش ﷺ پێغەمبەرایـەتیی خـۆی سڕییەوە و، عەلییش بەڵێنی لە هەردوو حەکەمەکە وەرگـرت کـە سـتەم نەکەن، خۆ ئەگەر ستەم بکەن ئەوا عەلیی لە موعاویە و غەیری ئـەویش لە پێشترە.

وتیـان: داوای موعاویـەش وەك داوای عـەلیی وەهایـە. وتـی: دەی کامیانتان بە شایان زانیی کاروباری پێ بسـپێرن. وتیـان: راسـتت کـرد. ئـیبن عـەبباس وتـی: هـەر کـاتێ جووتـە حەکەمەکـە لایـان دا ئـەوا گوێڕایەڵییان بۆ ناکرێ و قسەشیان لێ وەرناگیرێ. بەمـە دوو هـەزاریان بە گوێیان کرد و چوار هەزاریان مانەوە.[1]

---

[1] رغبة الآمل : ٧ / ١٤٠. کە لەم رووداوانە ورد ئەبینەوە ، شێوازی تێگەیشتوانەی ئەو کۆمەڵەمان بۆ دەرئەکەوێ.. هێشتا خەواریج کەللە رەق بوون ، لەگەڵ ئەوەش دا کە تاقە کەسێك ئەچێتە ناویان ، ئەو چەند هەزارە کۆ ئەبنەوە و ، جوان گوێ ئەگرن و ، وەڵام ئەدەنەوە و

لە ریوایەتێکی تریشدا هاتووە: کاتێ کە حەروورییە جیا ئەبنەوە ئیبن عەبباس داوا لە ئیمام ئەکات تا ماوەی بدات سەرێکیان لێ بدات، هەرچەندە ئیمام ئەترسێ شتێکی لێ بکەن، ئیبن عەبباس خۆی ئەگۆڕێ و ئەچێتە لایان. ئەبینێ وان لە خەوی قەیلوولەدا. ئیبن عەبباس سەرنجیان ئەدا بە کۆمەڵێکی خاوەن عیبادەت دێنە بەر چاوی. کە ئەچێتە ناویان، بەخێرهاتنی لێ ئەکەن و ئەپرسن: بۆچیی هاتووی ؟ ئەڵێت: هاتووم قسەتان لەگەڵ بکەم. وەحیی بۆ سەر هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزیوە و، ئەوانیش لە هەموو کەس چاکتر لێی تێ ئەگەن. هەندێکیان ئەڵێن: باسی لەگەڵدا مەکەن، هەندێکی تریان ئەڵێن: باسی لەگەڵدا ئەکەین.

لێیان ئەپرسێت کە چ ناڕەزاییەکیان هەیە لە ئامۆزا و زاوای پێغەمبەری خوا ﷺ و یەکەم کەسێك کە ئیمانی پێ هێناوە ( واتە ئیمام عەلیی ) و ئەو هاوەڵانەش کە وان لەگەڵیا ؟

ئەڵێن: سێ ناڕەزاییمان هەیە.

ئەپرسێت: کامانەن ؟

وتیان: یەکەمیان ئەوەیە پیاوانی کردنە حەکەم بۆ کاروباری دینی خوا، کەچیی خوای گەورە فەرموویە: ﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾ ( الأنعام: ٥٧ ).

ئەپرسێت: چیی تر ؟

ئەڵێن: کە جەنگی کرد نە دیلی گرتن و نە غەنیمەتیشی کۆکردەوە. جا ئەگەر ئەوانە کافر بوون ئەوا ماڵ و سامانیان بۆی حەڵاڵە و، گەر ئیمان داریشن خوێنیان لێی حەرامە.

---

، بەوپەڕی وردەکارییەوە رەخنە ئەگرن و ، کە حەقیش دەر ئەکەوێ ، زۆر بە ئاسانیی شوێنی ئەکەون !!

ئەپرسێت: چیی تر ؟

ئەڵێن: ناوی خۆیشی لە ئەمیری ئیمانداران سڕیوەتەوە. جا ئەگەر ئەو ئەمیری ئیمانداران نەبێت، ئەوا ئەمیری کافرانە.

ئیبن عەبباس پێیان ئەڵێت: ئەگەر ئایەتی قورئانی پیرۆزتان بۆ بخوێنمەوە و، سوننەتی پێغەمبەرەکەشتان ﷺ کە ئینکاریی نەکەن بۆتان بگێڕمەوە ئایا ئەگەڕێنەوە ؟ ئەڵێن: بەڵێ.

ئەڵێت: بۆ ئەوەی کە ئەڵێن پیاوانی کردوونەتە حەکەم بۆ کاروباری دینی خوا، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ ﴾ ( المائدة: ٩٥ ) و، دەربارەی ژن و مێردیش فەرموویە:

﴿ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ ﴾. ( النساء: ٣٥ ).

جا بۆ خوا لێتان ئەپرسم ئایا تەحکیمی پیاوان بۆ نەڕژانی خوێنیان و رێک خستنیان راست ترە یان بۆ کەروێشکێک کە بایی چارەکە دیرهەمێك بێت ؟

وتیان: بەخوا بۆ نەڕژانی خوێنیان و رێك خستنیان.

ئەپرسێت: ئایا لەمەیان دەرچووم ؟ ئەڵێن: أللهم نعم.

ئەڵێت: بۆ ئەو وتەیەشتان کە ئەڵێن جەنگی کردووە، بەڵام نە دیلی گرتوون و نە غەنیمەتیشی کۆ کردۆتەوە، جا ئەگەر ئێوە ( عائیشەی ) دایکتان بە دیل ئەگرن و بە حەڵاڵیشی ئەزانن بۆ خۆتان ئەوا پێی کافر ئەبن و، ئەگەر ئەشڵێن دایکتان نیە ئەوا هەم دیسان کافر ئەبن و لە ئیسلام دەرئەچن. ئەوەتا خوای گەورە فەرموویە:

﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡ ﴾ ( الأحزاب: ٦ ).

جا ئێوه له نێوان دوو گومڕا بووندان.. کامتان پێ خۆشه بۆ خۆتان هەڵی بژێرن، ئایا لەمەشیان دەرچووم ؟ وتیان: أللهم نعم.

ئەڵێت: بۆ ئەو وتەیەشتان کە ئەڵێن ناوی خۆی لە ئەمیری ئیمانداران سڕیوەتەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ رۆژی حودەیبییە داوای لە قورەیش کرد تا نووسراوێك لە نێوانیاندا بنووسرێت. فەرمووی: (( أكتب هذا ما قاضى عليه محمد رسول الله ))، وتیان: بەخوا ئێمە بمان زانیایە تۆ پێغەمبەری خوایت نە لە ماڵی خوا قەدەغەمان ئەکردی و نە ئەش هاتین بە گژتا، بەڵکو بنووسە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا. فەرمووی: (( والله إني لرسول الله وإن كذبتموني. أكتب يا علي: محمد بن عبد الله )). فەرمووی: بەخوا من هەر پێغەمبەری خوام، ئەگەرچیی تەکذیبیشم بکەن، بنووسە ئەی عەلیی: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا. دەی خۆ پێغەمبەری خوا لە ئیمام عەلیی چاکتر بووە. ئایا لەمەشیان دەرچووم ؟ وتیان: أللهم نعم. ئەوەبوو بیست هەزاریان گەڕانەوە و چوار هەزاریان مانەوە و کوژران.[1]

ئیبن عەبباس لەگەڵ موعاویەدا دۆستایەتیی هەبووە و چەندین جار بە یەك گەیشتوون و موعاویە لە زانست و زیرەکیی ئیبن عەبباس سەرسام بووە و بە چاوی رێزەوە سەیری ئەکرد. وا یەکێ لەو چاو پێکەوتنانەیان ئەخەینە بەر دەست ئازیزان تا کەمێ لە زیرەکیی و بلیمەتیی و غیرەتی ئیبن عەبباس ئاگادار بن.

[1] الحلية : ١ / ٣١٨ ـ ٣٢٠.

طهبهرانیی له رهبیعی کوڕی حیراش‌هوه تهخریجی کردووه که وتوویه: عهبدوڵڵای کوڕی عهبباس مۆڵهتی خواست تا بچێته ژوورهوه لای موعاویه خوا لێی رازیی بێ که چهند پیاوێکی قورهیشیی لهلا بوون و سهعیدی کوڕی عاص‌یش لهلای راستیهوه دانیشتبوو. که موعاویه دیتی وا بهرهو روویان دێت وتی: ئهی سهعید ! بهخوا ئێسته چهند پرسیارێك له ئیبن عهبباس ئهکهم که بۆ وهڵامهکهیان دابمێنێ. سهعید پێی وت: پیاوێ وهك ئیبن عهبباس بۆ وهڵامی پرسیاری تۆ دانامێنێ، که هات و دانیشت موعاویه پێی وت:

دهربارهی ئهبوبهکر خوا لێی رازیی بێ چیی ئهڵێی ؟.

ئیبن عهبباس وتی:

(( رَحِم اللهُ أبابَكر، كان ـ واللهِ ـ للقرآنِ تالِياً، وعنِ الـمَيلِ نائِياً، وعنِ الفَحشاءِ ساهِياً، وعنِ الـمُنكَرِ ناهِياً، وبِدِينِهِ عارِفاً، ومِنَ اللهِ خائفاً، وبِاللَّيلِ قائماً، وَبالنَّهارِ صائِماً، ومِن دُنياهُ سالِماً، وعَلى عَدلِ البَرِيَّةِ عازِماً، وَبالـمَعروفِ آمِراً، وَإِلَيهِ صائِراً، وفي الأحوالِ شاكِراً، ولله في الغُدُوِّ والرَّواحِ ذاكِراً، ولِنَفسِهِ بِالـمَصالِحِ قاهِراً. فاقَ أَصحابَهُ وَرَعاً وكَفافاً وَزُهداً وَعَفافاً وَبِرًّا وحِياطَةً وزَهادَةً وكَفاءَةً. فَأَعقَبَ اللهُ مَن ثَلَبَهُ اللعائِنَ إلى يومِ القِيامَةِ )).[1]

موعاویه وتی:

ئهی دهربارهی عومهری کوڕی خهططاب خوا لێی رازیی بێ چیی ئهڵێی؟

وتی: (( رَحِم اللهُ أباحَفصٍ، كانَ ـ وَاللهِ ـ حَليفَ الإسلامِ، وَمَأوَى الأَيْتامِ، ومَحِلَّ الإِيمانِ، وَمَلاذَ الضُّعَفاءِ، ومَعقِلَ الحُنَفاءِ، لِلخَلقِ

[1] پێمان خۆش بوو رستهکانی خۆی بخهینه بهر دهست خوێنهران !

حِصناً، وَلِلبَأْسِ عَوناً، قامَ بِحَقِّ اللهِ صابِراً مُحتَسِباً حَتَّى أظهَرَ اللهُ الدِّينَ وَفَتَحَ الدِّيارَ، وَذُكِرَ اللهُ في الأقطارِ وَالـمَناهِلِ وَعَلى الـتِّلالِ وفي الضَّـواحِي وَالبِقاعِ ، وعِندَ الـخَنَى وَقوراً، وَفي الشِّدَّةِ وَالرَّخاءِ شَكوراً، وَللهِ في كُـلِّ وقتٍ وأوانٍ ذكوراً، فَأعقَبَ اللهُ مَن يُبغِضُهُ اللَّعنَةَ إلى يَومِ الحَسرَةِ )).

موعاويه وتى:

ئەی دەربارەی عوثمانی کوڕی عەففان خوا لێی رازیی بێ چیی ئـەڵێی ؟ وتی: (( رَحِمَ اللهُ أبا عَمْرٍو، كان ـ واللهِ ـ أكرمَ الحَفَدَةِ، وَأوصَـلَ البَـرَرَةِ، وَأصبَرَ الغُزاةِ، هَجَّاداً بِالأسحارِ، كثيرَ الدُّموعِ عِندَ ذِكرِ اللهِ، دائِـمَ الفِكـرِ فيمـا يَعنيـهِ الليـلِ والنهـارَ، ناهِضـاً إلى كـلِّ مَكرُمَـةٍ، يَسـعى إلى كُـلِّ مَنجِيةٍ، فَرّاراً مِن كلِّ مُوبِقَةٍ، وصـاحِبَ الجيشِ والبِئـرِ، وَخَـتَنَ المصـطفى على ابنَتَيهِ، فَأعقَبَ اللهُ مَن سَبَّهُ النَّدامةَ إلى يومِ القيامَةِ )).

موعاويه وتى:

ئەی دەربارەی عەلیی کوڕی ئەبوطالیب خـوا لێـی رازیـی بـێ چیـی ئەڵێی؟

وتی: (( رحم الله أبا الحسَنِ، كان ـ واللهِ ـ عَلَمَ الـهُدى، وكَهفَ التُّقـى، ومَحـلُّ الحجـى، وطَـودَ البَهـاءِ، ونـورَ السَّـرى في ظُلَـمَ الـدُّجى، داعيـاً إلى الـمَحَجَّةِ العُظمـى، عالِـماً بِـما في الصُّحُف الأولى، وقائِمـاً بِالتَّأويـلِ والذِّكرى، مُتعَلِّقاً بِأسـبابِ الـهُدى، وتارِكـاً لِلجُـورِ والأذى، وحائـداً عـن طرقاتِ الرَّدى، وخَيرِ مَن آمَنَ واتَّقى، وسيِّدَ مَن تَقَمَّصَ وارتَـدى، وأفضَـلَ من حجَّ وسعى، واسمح مَن عدلَ وسوَّى، وأخطبَ أهل الـدنيا إلا الأنبيـاء والنبـي المصطفى، وصـاحبِ القِبلَـتَين، فَهـل يُوازيـهِ موحِّـد ؟! وزوج خير النسـاء، وأبـو السـبطين، لم تَـرَ عـيني مثلـه ولا تـرى إلى يـوم القيامـة واللقاء، من لعنه فعليه لعنة الله والعباد إلى يوم القيامة )).

موعاویە وتی:

ئەی دەربارەی طەلحە و زوبەیر خوا لێیان رازیی بێ چیی ئەڵێی ؟

وتی: (( رحمةُ اللهِ علیهما، کانا ـ واللهِ ـ عفیفَینِ، بَرَّین، مسلِمَین، طاهرینِ، متطهَّرَینِ، شَهِیدَین، عالِمَین، زلاّ زلة والله غافر لهما إن شاء الله بالنصرة القديمة، والصحبة القديمة، والأفعال الجميلة )).

موعاویە وتی:

ئەی دەربارەی عەبباس خوا لێی رازیی بێ چیی ئەڵێی ؟

وتی: (( رحم الله أبا الفضلِ كان ـ واللهِ ـ صِنوَ أبي رسول الله ﷺ، وقُرة عين صفيِّ الله، كهف الأقوام، وسيد الأعمام، قد علا بصراً بالأمور ونظراً بالعواقب، قد زانه عِلمٌ، قد تلاشت الأحساب عند ذكر فضيلته، وتباعدت الأنساب عند فخر عشيرته، ولم لا يكون كذلك ! وقد ساسَهُ أكرم مَن دَبَّ وَهَبَّ عبد المطلب، أفخَر من مشى مِن قريش وركب ؟! )).[1]

هەروەها ئیبن عەبباس وەك شارەزایەكی ئیسلام و ئاگادار لە چۆنیەتیی كاركردن بۆ دینی خوا و، وەك ئامۆزایەكی ئیمام حوسەین یش خوا لێیان رازیی بێ ئامۆژگاریی ئەكات.

ئەوەبوو لە سەردەمی ئیمام عەلییدا ئیبن عەبباس پشت گیریی لە ئیمام ئەكرد و بە پێی پێویستیش ئامۆژگاریی ئەكرد. هەروەها بە هەمان شێوە پشتگیریی لە حەسەن و حوسەین ئەكرد.

ئیبن عەبباس لە یادی بوو كە دانیشتوانی عێراق چۆن بە نامەردانە هەڵس و كەوتیان لەگەڵ ئیمام عەلیی ئامۆزایدا كرد، بۆیە ئەترسا دەستی ئیمام حوسەینیش ببڕن و پشتی بەر بدەن، لەبەر ئەوە ئیمام

---

[1] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٠٩ ـ ١١٣.

حوسەینی ئاگادار ئەکرد تا دڵ بە خەڵکیی عیراق خۆش نەکات و، پشت بەوە نەبەستێ کە نامەی زۆری بۆ ئەنێرن، هەتا زۆر لێی پاڕایەوە تا بەرەو عیراق نەچێت.

لە ئیبن عەبباس ەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: حوسەینی کوڕی عەلیی بۆ دەرچوون بەرەو عیراق راوێژی پێ کردم، منیش وتم: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە خەڵکیی بە سووکیی سەیری هەردووکمان بکەن، دەستم ئەدایە قژی سەرت و بەرم نەئەدایت هەتا لە رۆیشتن وازت بهێنایە، ئەویش وەڵامی دامەوە: ئەگەر لە فلاّن شوێن و فلاّنە شوێن بکوژرێم پێم خۆش ترە لەوەی کە لە مەککەدا بکوژرێم. لەبەر ئەوەی مەککەی پیرۆز بە شەهیدکردنی ئەو تیایا لە رێزی کەم نەبێتەوە. ئیتر بەم وەڵامەش ئیبن عەبباس بێدەنگ ئەبێ.[1]

لە عوقبەی کوڕی سەمعانیشەوە ئەگێڕنەوە کە کاتێك ئیمام حوسەین رای خۆی یەك لایی ئەکاتەوە تا بەرەو کووفە بڕوات، ئیبن عەبباس دێتە لای و پێی ئەڵێ: ئامۆزا ! ئەم رۆیشتنەی تۆ بۆ عیراق لەرزی لە خەڵکیی هێناوە، ئادەی بۆم روون بکەرەوە ئەتەوێ چیی بکەیت ؟ وتی: خۆم یەك لایی کردۆتەوە ـ إن شاء الله تعالى ـ لەم یەك دوو رۆژەدا بکەومە رێ.

ئیبن عەبباس پێی ئەڵێ: پێم بڵێ ئەگەر ئەوان دوای کوشتنی ئەمیرەکەیان و دەرپەڕاندنی دوژمنیان و دامەزراندنی وڵاتەکەیان تۆیان بانگ کردووە، ئەوا بچۆ بۆ ناویان، بەڵام ئەگەر ئەمیرەکەیان زیندوو بێ و، لە نێوانیاندا بێ و دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبێ و، دەست و پێوەندی بەروبوومی وڵاتەکەیان ئەچننەوە، ئەوا ئەوان تۆیان بۆ فیتنە و کوشتار

[1] سير أعلام النبلاء : ٣ / ١٩٦ ، البداية والنهاية : ٨ / ١٥٩.

بانگ کردووه. منیش هیچ کات لێت بێخەم نیم کە خەڵکت لێ هەڵ بنێن و خۆشیان پشتت تێ بکەن، بەمە ئەو کەسەی کە بانگی کردوویت لە هەموو کەس خراپتر بێت لە بەرامبەرت.

ئیمام حوسەین وتی: ئیستیخارە ئەکەم و سەرنج ئەگرم بزانم چۆن ئەبێ. ئیتر ئیبن عەبباس دێتە دەرەوە.

بۆ ئێوارە، یان بۆ سبەینێ ئیبن عەبباس دێتەوە لای ئیمام حوسەین و پێی ئەڵێ: ئامۆزا ! ئەمەوێ ئارامم هەبێ، کەچیی ئارام ناگرم، من زۆر ئەترسم بەم رۆیشتنەت تیا بچیت. ئەهلی عیراق قەومێکی غەددارن و، دڵیان پێ خۆش مەکە.. تۆ لەم شارەدا بمێنەوە هەتا ئەهلی عیراق دوژمنەکەیان دەربپەڕێنن، پاشان بچۆرە ناویان، ئەگینا بەرەو یەمەن بڕۆ، چونکە قەڵا و چەمی لێیە و دەستە و کۆمەڵی باوکتیشی لێیە. جا لە خەڵکەکە کەنار بگرە و نامەیان بۆ بنێرە و بانگەوازکارانیشت لەناویان دا بڵاو بکەرەوە. هیوادارم کە ئەگەر ئەمە بکەیت ئەوەی پێت خۆشە بێتە دیی.

ئیمام حوسەین وتی: ئامۆزا ! بەخوا من ئەزانم تۆ ئامۆژگارێکی خەم خۆری، بەڵام من بڕیاری دەرچوونم داوە.

وتی: دەی ئەگەر هەر دەرئەچیت ژن و منداڵەکانت لەگەڵ خۆتدا مەبە. بەخوا ئەترسم وەك عوثمانیان کوشت و ژن و منداڵەکەیان سەیریان ئەکرد، وەهاش تۆ بکوژن.[1]

هەتا پێیشی ئەڵێ: بەخوا ئەترسم تۆ لە بریی خوێنی عوثمان بکوژرێیتەوە. بەڵام هەر بە گوێی ناکا و لە ئەنجامدا ئیبن عەبباس دەست بە گریان ئەکات.

[1] البداية والنهاية : ٨ / ١٥٩ ـ ١٦٠ ، سير النبلاء : ٣ / ٢٠٠.

# چەند هەواڵێکی

# ئیبن عەبباس

ئـیبن عــەبباس خــاوەنی کەســایەتییەکی پایــەدار بــووە لــەناو موسڵماناندا، چونکە ڕێزی لـە هـەموویان ئـەگرت و هـەر هـەموویانی خۆش ئەویسـت، جـا وا هەنـدێ لـەو هەواڵانـە ئەخەینـە بـەر دەسـتی ئازیزانمان:

**یەکەم:** دڵخۆشیی عائیشە لە سەرەمەرگیدا:

لەو کاتەدا کە عائیشەی دایکی ئیمـانداران نەخۆشـیی تـەنگی پـێ هەڵچنیی بوو، ئیبن عەبباس هاتە سەردانی و دڵخۆشیی دایەوە کە زۆری نەماوە کە بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و حـەزرەتی ئەبوبـەکر خـوا لێی ڕازیی بێ ئەگاتەوە.

ئیبن عەبباس کە دیتی وا عائیشە لـە حـاڵی خۆیدایـە، پایەبـەرزیی ئەوی خستەوە یادی و تێی گەیاند کە ـ إن شـاء الله ـ دوارۆژی چـاکە، چونکە: ئەو هاوسەری پێغەمبەری خوا بووە ﷺ و، جگە لەو کچی تـری مارە نەکردووە و، قورئانی پیرۆزیش دەربارەی پاکیی ئـەو لـە ئاسمانـەوە هاتۆتە خوارەوە سەر پێغەمبەری خوا..

کە ئیبن عـەبباس ڕۆیشت، عـەبدوڵڵای کوڕی زوبـەیر هاتـە سـەردانی عائیشەی پووری و، عائیشە بۆ عـەبدوڵڵای باس کرد کە ئـیبن عـەبباس

هاتۆتە لای و ستایشی کردووە و، ئەمیش ئەو ستایشەی پێ ناخۆش بووە و ئاواتی خواستووە کە شتێکی بێ نرخ بوایە و لە بیر بچوایەتەوە.[1]

**دووهەم:** لە خزمەتی عومەردا:

ئیبن عەبباس پەیوەندییەکی بەهێزی بە خەلیفە عومەرەوە بووە و، عومەریش ڕێزی چاکی لەو ئەگرت، بۆیە ئیبن عەبباس چەندین هەواڵی گرنگی کۆڕ و دانیشتنەکانی عومەری گێڕاوەتەوە. هەتا ئەوەندە ڕێزی عومەری لە دڵدا بوو و دڵی پێی ئەکرایەوە، دەربارەی ئەو ئەیوت: یادی عومەر خوا لێی ڕازیی بێ زۆر بکەن، چونکە ئەگەر یادی عومەر بکرێت، ئەوا یادی داد کراوە و، گەر یادی دادیش بکرێت ئەوا یادی خوا کراوە.[2]

**سێهەم:** لەخزمەتی ئیمام عەلییدا:

ئیبن عەبباس زۆر ڕێزی لە ئیمام عەلیی خوا لێیان ڕازیی بێ گرتووەو، زۆریشی پێ خۆش بووە ئامۆژگاریی بکات:

لە ئیمام عەلییەوە ئەگێڕنەوە، کە جارێکیان بێ تاقەتی ئیبن عەبباس ئەبێت و ئەفەرموێ: ئەوە چییە ئەبولعەبباس دیار نیە ؟ وتیان: منداڵیان بووە. کاتێ کە ئیمام نوێژی بە جێ هێنا فەرمووی: هەستن با بچین بۆ لای. هاتە لای و پیرۆزبایی لێ کرد و فەرمووی: سوپاس بۆ خوای بەخشندە و، خوا فەڕ و پیرۆزییش بەسەر منداڵەکەتاندا بڕژێنێ، ناوت ناوە چیی ؟ وتی: ئایا تا تۆ ناوی نەنێیت ئەبێت من ناوی بنێم ؟

---

[1] سەیری صحیح البخاري : ٤ / ٢٢٠ و ٦ / ٦ / ١٠ بکە.

[2] حیاة الصحابة : ٤ / ٧٥.

ئیبن عەبباس فەرمانی دا منداڵەکەیان هێنا بۆ ئیمام و ئەویش وەری گرت و شیرینیی دا بە دەمیەوە و دوعای بۆ کرد و پاشان گێڕایەوە بـۆی و فەرمووی: وا ناوم نا عەلیی و کونیەکەشی ئەبولحەسەن..[1]

هەروەها ئەگێڕنەوەکە ئیبن عەبباس وتوویە: عەلیی کوڕی ئەبوطالیب خوا لێی رازیی بێ ئەم ئامۆژگارییەی بۆ ناردم کە بە وێنەی ئەو بە هـیچ ئامۆژگارییەکی تر دڵ خۆش نەبووم:

(( أما بعد، فإن المرء يسرُّه درك ما لم يكن ليفوته، ويسوؤه فوت ما لم يكن ليدركه، فما نالك من دنياك فلا تكثر به فرحاً، وما فاتك منها فلا تتبعه أسفاً، فليكن سرورك بما قدمت، وأسفك على ما خلفت، وهمك فيما بعد الموت )).[2]

پێی رائەگەیەنێ کە مرۆڤ وەهای پێ خۆشە فریای ئەو شـتە بکـەوێ، کە لە دەستی دەرچووە و، پێیشی ناخۆشە ئەو شتەی لە دەست دەرچـێ، کە فریای نەکەوتووە و، هەرچیشی لە دنیا دەست کـەوتووە بـا زۆر دڵـی پێ خۆش نەکا و، هەرچیشی لە دەست چووە با هەناسەی بۆ هەڵنەکێشێ و، با بەوەی کە پێشی خۆی خستووە شادمان و، بەوەی بە جێی ئـەهێڵێ خەمبار بێت و، هەموو خەم و خەفەتێکیشی بۆ دوای مردن بێت.

**چوارەم: لەگەڵ موعاویەدا:**

لە کورەیبی خزمەت گوزاری ئیبن عـەبباسەوە خـوا لێـی رازیـی بـێ ئەگێڕنەوە کە: چاوی لە موعاویە بووە نوێژی عیشای بـەجێ هێنـاوە و، پاشان یەك رەکعەت نوێژی وەتری بەجێ هێناوە و لەوە زیاتری نەکردووە. ئەویش هەواڵی ئەمە بە ئیبن عەبباس ئەدات و ئـەمیش ئـەڵێ: رۆڵـە !

---

[1] الكامل للمبرد : ٥ / ١٩٦.

[2] الأمالي للقالي : ١ / ٢٢.

پێکاویەتی. هیچ کەسمان لە موعاویە زاناتر نیە. ئەو نوێژە بە یەك ڕەکعەت و پێنج و حەوت و زیاتریش ئەنجام ئەدرێت.[1]

لە قەتادەوە ئەگێڕنەوە کە موعاویە بۆ کۆچی دوایی ئیمام حەسەن سەرەخۆشیی لە ئیبن عەبباس ئەکات و ئەڵێت: (( لا يسوءك الله ولا يحزنك في الحسن )). لە وەڵامی ئەم ڕێز لێ گرتنەدا ئیبن عەبباسیش وەڵام ئەداتەوە: هەتا خوای گەورە ئەمیری ئیمانداران بۆ بهێڵێ هیچ شتێك لام ناخۆش نابێ و خەمباریشم ناکات، ئەوەبوو موعاویەش لەگەڵ چەند دیارییەکدا ملیۆنێکی پێشکەش کرد و وتی: بەسەر خزمەکانتدا بیبەخشەرەوە.[2]

**پێنجەم:** ڕێزگرتنی زەیدی کوڕی ثابیت:

لەبەر ئەوەی کە زەیدی کوڕی ثابیت خاوەنی زانستێکی فراوان بوو، ئیبن عەبباس زۆری خۆش ئەویست و ڕێزیشی لێ ئەگرت:

لە عەمماری کوڕی ئەبو عەممارەوە ئەگێڕنەوە کە: ڕۆژێکیان زەیدی کوڕی ثابیت خوا لێی ڕازیی بێ سواری وڵاغێك بوو بوو، ئیبن عەبباسیش خوا لێیان ڕازیی بێ دەستی دایە جڵەوی وڵاغەکەی. زەید وتی: لێی دوور بکەوەرەوە ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا ﷺ. وتی: فەرمانمان بەسەردا دراوە لەگەڵ زانایان و پیاوە گەورانماندا بەم شێوەیە بجووڵێینەوە. زەیدیش وتی: ئادەی دەستتم پیشان بدە، ئیبن عەبباس دەستی دەرهێنا و، خێرا زەید ماچی کرد و وتی: ئێمەش فەرمانمان

---

[1] سير النبلاء : ٣ / ١٠٠. وانظر البخاري : ٤ / ٢١٩.

[2] سير النبلاء : ٣ / ١٠٣.

بەسەردا دراوە لەگەڵ ئال و بەیتی پێغەمبەرەکەماندا بەم شێوەیە بجوولێینەوە.[1]

هەروەها لە عەمماری کوڕی ئەبوعەممارەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: کاتێك کە زەیدی کوڕی ثابیت وەفاتی کرد لە سێبەری کووخەکەدا لە خزمەت ئیبن عەبباسدا دانیشتین و ئەیوت: زانست ئاوەها لە دەست دەرئەچێ. ئەمڕۆ زانستێکی زۆر کرا بە ژێر گڵەوە.

هەروەها ئەیوت: ئاوەها زانست لە دەست دەرئەچێ بە دەستی ئاماژەی بۆ قەبرەکەی کرد. ئەو پیاوەی زانستێك ئەزانێ و کەسی تر نایزانێ کە ئەمرێ ئیتر چیی زانستی لەلایە لە دەست دەرئەچێ.[2]

**شەشەم:** لە سەرەمەرگی عەمری کوڕی عاصدا:

ئیبن عەبباس ئەگێڕێتەوە: چوومە لای عەمری کوڕی عاص کە لە سەرەمەرگدا بوو. لەو کاتەدا عەبدوڵڵای کوڕی هاتە ژوورەوە و، عەمر وتی: عەبدوڵڵا: ئەو صندووقە بەرە بۆ خۆت. وتی: پێویستییم پێی نیە. وتی: پڕە لە پارە. عەبدوڵڵا وتی: پێویستییم پێی نیە. وتی: خۆزگە پڕ بوایە لە پشقل.

ئیبن عەبباس ئەڵێت: وتم: ئەبوعەبدوڵڵا ! خۆ تۆ ئەت وت: دڵم وا بەوەوە کە لە پیاوێکی ژیر لە سەرەمەرگدا ببینم تا لێی بپرسم: حاڵت چۆنە ؟ دەی ئێستە حاڵی خۆت چۆنە ؟

عەمر وتی: وەهام دێتە پێش چاو کە ئاسمان نیشتۆتە سەر زەویی و منیش وام لە نێوانیاندا و، لە کونی دەرزییەوە هەناسە ئەدەم. پاشان وتی: (( أللهم خذ مني حتى ترضى )). داوا ئەکات خوای گەورە ئەوەندە

---

[1] شرح حياة الصحابة : ٢ / ٦٨٩.

[2] شرح حياة الصحابة : ٣ / ٧٣٣.

نارەحەتی بکات هەتا لێی رازیی ببێ. پاشان هەردوو دەستی بەرز ئەکاتەوە و ئەڵێ: خوایە ! فەرمانت بەسەرماندا دا کەچیی لە فەرمانت یاخیی بووین و، لە هەندێ کاریش دوورەپەرێزییت لێ کردین، کەچیی ئەو کارانەمان ئەنجام دا.. جا جگە لە خۆت کەسێکی بێتاوان شك نابەم تا عوزری بۆ بهێنمەوە و، کەسێکی بەهێزیش شك نابەم تا داوای سەرکەوتنی لێ بکەم. (( ولکن لا إله إلا الله )) ( سێ جار ). پاشان گیانی بە دەستەوە دا.[1]

**حەوتەم:** دوعای چوونە لای دەسەڵاتدار:

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە وتوویە: ئەگەر چوویتە بەردەم دەسەڵاتدارێکی وەها کە خاوەنی سام و هەیبەت بوو و، ئەترسای دەستت لێ بووەشێنێ ئەوا بڵێ:

(( الله أكبر، الله أكبر، الله أعز من خلقه جميعاً، الله أعز مما أخاف وأحذره، أعوذ بالله الذي لا إله إلا هو، الممسك السموات السبع أن يقعن على الأرض بإذنه، من شر عبدك فلان وجنوده وأتباعه وأشياعه من الجن والإنس، أللهم كن لي جاراً من شرهم، جلّ ثناؤك وعز جارك وتبارك اسمك، ولا إله غيرك )). ( سێ جار ).[2]

**هەشتەم:** خۆشویستنی زانست:

لە عیکریمەوە ئەگێڕنەوە، کە وتوویە: ئیبن عەبباس بە من و بە عەلیی کوڕی وت: بچن بۆ لای ئەبوسەعید و گوێ بۆ فەرموودە گێڕانەوەی بگرن.

---

[1] المبرد بشرح المرصفي : ٣ / ١٩٦.

[2] حياة الصحابة : ١ / ١٥٣ ، والحلية : ١ / ٣٢٢.

هەردووکیان رۆیشتن و ئەبینن وا لە نـاو باخێکـدا و چـاکی ئـەکات. دەستی دایە عەبایەك و دەستی دایە بەر ئەژنۆی و، پاشـان دەسـتی بـە گێڕانەوەی فەرموودە کرد بۆمان، هەتا هاتە سەر باسی دروسـت کردنـی مزگەوت و وتی: ئێمە یەکە یەکە خشـتمان هـەڵ ئـەگرت و، عـەماریش دوو دوو. کە پێغەمبەر ﷺ چاوی پێ کەوت خۆڵەکەی پێیەوە ئەتەکانـد و ئەیفەرموو:

(( ویح عمار، یدعوهم إلى الجنة ویدعونه إلى النار )).[1]

**نۆهەم:** وەڵام دانەوەی پادشای رۆم:

( مبرد ) ئەڵێ: یەکێ لە هاشمیـەکان بـۆمی گێڕایـەوە، کـە پادشـای رۆمەکان شووشەیەك بۆ موعاویە ئەنێرێ و، ئەڵێ: لەناو ئەم شووشەیەدا هەموو شتێکم بۆ بنێرە، ئەویش ئەنێرێتە لای ئیبن عـەبباس و ئـەمیش ئەڵێت: با لە ئاو پڕ بکرێ بۆی.

کاتێك، کە شووشەکە ئەنێررێتەوە بۆ لای پادشـا زۆر پێـی سەرسـام ئەبێ. لە ئیبن عەبباسیش پرسیار ئەکرێ: چۆن ئەوەت هەڵ بژارد ؟

وتی: بە بۆنەی فەرمایشتی خوای گەورەوە کـە ئەفـەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ﴾ ( الأنبیاء: ٣٠ ).[2]

**دەهەم:** بەگژاچوونی شتی پڕوپووچ:

عیکریمە ئەڵێ: لە خزمەتی ئیبن عەبباسدا بـووم باڵندەیـەك تێپـەڕی کرد و ئەشی قیڕاند. لەناو خەڵکەکەدا پیاوێك وتی: خێر بێ، خێـر بـێ. ئیبن عەبباسیش وتی: ئەو باڵندەیە نە خێری لەلایە و نە شەڕ.[3]

---

[1] البخاري : ١ / ١١٥.

[2] شرح الكامل للمرضفي : ٥ / ٤٢.

[3] القرطبي : ٧ / ٢٦٦.

ئیمام ئەحمەد لە عەمماری کوڕی ئەبوعەممارەوە ریوایەتی کردووە و ئەویش لە ئیبن عەبباسەوە، کە وتوویە: نیوەڕۆیەکیان لە خەومدا پێغەمبەری خوام ﷺ دیی کە دژراو و خۆڵاویی بوو و، شووشەیەکیشی پێ بوو، کە خوێنی تێدا بوو. وتم: دایك و باوکم بە قوربانت بن، ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمە چییە ؟

فەرمووی: (( هذا دم الحسين وأصحابه، لم أزل التقطه منذ اليوم )).
فەرمووی: ئەمە خوێنی حوسەین و هاوەڵەکانیەتی، ئەمڕۆ هەر خەریك بووم کۆم کردۆتەوە.

عەممار ئەڵێ: کە سەرژمێریی ئەو رۆژەمان کرد ئەبینین لەو رۆژەدا شەهید کراوە.

لە ریوایەتێکی تریشدا ئەڵێ: ئیبن عەبباس لە خەوەکەی بەخەبەر هات و ( إسترجاع ) ی ئەکرد و وتی: بەخوا حوسەین کوژراوە. هاوەڵانی وتیان: بۆچ وا ئەڵێیت عەبدوڵڵا ؟ وتی: بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتم و شووشەیەکی پڕ لە خوێنی پێ بوو و، فەرمووی:

(( أتعلم ما صنعت أمتي من بعدي ؟ قتلوا الحسين وهذا دمه ودم أصحابه أرفعها إلى الله )).

فەرمووی: ئەزانیی ئوممەتەکەم دوای خۆم چییان کردووە ؟ حوسەینیان کوشتووە و، ئەمەش خوێنی ئەو و خوێنی هاوەڵانیەتی ئەیان بەمە حزووری خوا.

راویی ئەڵێ:

منیش ئەو رۆژە و ئەو سەعاتەم نووسین کە وای وت: ئەوەبوو دوای بیست و چوار رۆژ هەواڵ گەیشتە مەدینە کە ئیمام حوسەین لەو رۆژە و لەو سەعاتەدا شەهید کراوە.[1]

---

[1] البداية والنهاية : ٨ / ٢٠٠.

**پانزەهەم:** ئاودانی حاجییان:

هەر لە سەردەمی عەبدومەنافی باپیرە گەورەی پێغەمبەری خواوە ﷺ ئاودانی حاجییان بە دەستی ئەوان سپێررا بوو، دوای عەبدمەناف هاشمی کوڕی ئاودانی حاجییانی گرتە دەست و، دوای ئەویش عەبدولموطەللیب، هەتا ئەوەبوو بیری زەمزەمی هەڵ کەند و، ئاوی زەمزەم لە ئاوی هەموو بیرەکانی مەککە سازگار تر بوو، ئیتر حاجییان لە ئاوی زەمزەمیان ئەخواردەوە.

ئەگێڕنەوە کە عەبدولموطەللیب گەلە وشترێکی زۆری هەبوون، جا لە وەرزی حەجدا شیری ئەو وشترانەی لەگەڵ هەنگویندا دەرخواردی حاجیان ئەدا کە لە لای زەمزەم دا ئەیکردە حەوزێکەوە کە لە چەرم دروست کرابوو. هەروەها مێوژی ئەکڕیی و بە ئاوی زەمزەم شەربەتی لێ دروست ئەکردن و دەرخواردی حاجییانی ئەدا، چونکە ئەو کاتە ئاوی زەمزەم قورس بوو. کە عەبدولموطەللیب کۆچی دوایی کرد عەبباسی کوڕی ئاودانی حاجییانی گرتە ئەستۆ. عەبباسیش مەردانە قۆڵی خزمەتی لێ هەڵ ماڵی.. لە شاری طائیف باخ و رەزی هەبوو مێوژەکەی ئەهێنایەوە مەککە و، پارەشی بە قەرز بە دانیشتوانی طائیف ئەدا و، دوایی مێوژی لە بریی پارەکەی وەرئەگرت و هەر هەمووی لە وەرزی حەجدا ئەکردە شەربەت و دەرخواردی حاجییانی ماڵی خوای ئەدا.. عەبباس لە سەردەمی نەفامیی و سەرەتای هاتنی ئیسلامدا هەتا رزگارکردنی مەککە لەلایەن سوپای پێغەمبەری خواوە ﷺ لە ساڵی هەشتەمی کۆچییدا، لەبەر ئاودانی حاجییان بەردەوام بوو، کە پێغەمبەریش ﷺ کە مەککەی رزگار کرد و بتەکانی شکاند و لە ئاسەواری نەفامیی وڵاتی پاک کردەوە، ئاودانی حاجییانیشی لە دەستی عەبباسدا هێشتەوە. کە

عەبباسیش وەفاتی کرد عەبدوڵڵای کوڕی گرتیە دەست و بە شێوەی باوکی خزمەتی میوانەکانی ماڵی خوای ئەکرد و، دوای ئەویش عەلیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بە وێنەی باوکی و باپیری لە سامانی خۆی لە طائیفەوە مێوژی بۆ ئەهات و دەرخواردی حاجییانی ئەدا..[1]

[1] سەیری ( أخبار مكة المشرفة : ١ / ٧١ ـ ٧٢ ) بکە.

# هەندێ لە وتەکانی

ئیبن عەبباس خوا لێیان رازیی بێ لە خزمەتی پێغەمبەر و هـاوەڵاندا پیـاوێکی ژیـر و بەسـەلیقەی لێ دەرچـوو، بۆیـە لـە سەرچـاوە ئیسلامییەکاندا زۆرێـك لـە وتـەی پـڕ حیکمـەتی ئـەویان تێدایـە کـە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

* *چاکەکردن:* با کوفرکردنی بێباوەڕ لە چاکەکردن ساردت نەکاتەوە، چونکە ئەوەی کە تۆ لە پێناویدا چاکە ئەکەیت سوپاست ئەکات.[١]

* *مافی هاوکۆڕ:* ئیبن عەبباس وتوویە: ئەوەی دێتـە مەجلیسـمەوە سـێ مـافی لەسـەرمە: کـە بـەرەو رووم هـات سـەیری بکـەم و، کـە دادەنیشێت شوێنی بۆ چۆڵ بکەم و، کە قسەیشی کرد گوێی بۆ بگرم.

* *دڵدانـەوەی هـاتوو:* هـەموو کەسـێك کـە دێتـە کۆڕێکـەوە سەرسامە، ئێوەش بە سەلام لێ کردنی دڵی بدەنەوە.

* *نازانم:* ئەگەر زانا وازی لە وتنی ( نازانم ) هێنـا ئـەوا لـە شـوێنی کاریگەریدا پێکراوە.

* وەرگرتنی چاك ترین: زانست لەوە زیاترە کە سـەرژمێریی بکـرێ، جا ئێوە لە هەموو شتێ چاکترینی وەربگرن.

* *جێ بە جێ کردنی پێویستیی:* فریای هەرکەس کەوتبم بۆ جـێ بـە جێ کردنی پێویستییەکی، ماوەی نێوان من و ئەو کەسە رۆشـن بۆتـەوە و، هەرکەسیشم لە جێ بە جێ کردنـی پێویسـتییەکیدا جـواب کردبـێ، ماوەی نێوان من و ئەو کەسە تاریك بۆتەوە.

---

[١] ئەم وتانە لە کتێبی ( عبداللە بن عباس ) نووسینی دکتۆر مصطفی الخن وەرگیراون.

* *وازهێنان له ستەم:* ئەگەر چیایەك دەست درێژیی بكاتە سەر چیایەكی تر ئەوا دەست درێژیی كەرەكە بەسەر یەكدا ئەڕووخێ.

لەناو هەر كۆمەڵێكدا ستەم سەر هەڵ بدات، ئەوا مردنی بەكۆمەڵیش لەناویاندا سەر هەڵ ئەدات.

* پایەی زانایان: سوفیانی كوڕی عویەینە وتوویە: پێمان گەیشتووە كە ئیبن عەبباس وتوویە: ئەگەر زانایان بە پێی پێویست و بە راستیی زانست وەربگرن، ئەوا خوای گەورە و مەلائیكەتەكانی و پیاوچاكان ئەوانیان خۆش ئەویست و سام و هەیبەتیشیان لە دڵی خەڵكدا ئەبوو. بەڵام ئەوان هەوڵیان دا بە زانست دنیا دەست بخەن، بۆیە خوای گەورەش رقی لێ هەڵ گرتن و بەلای خەڵكییشەوە سووك بوون.

* جێ بە جێ كردنی فەرمانی خوا سەرفرازیی بە دواوەیە: ئیبن عەبباس ئامۆژگاریی موسڵمان ئەكا تا فەرزەكان و فەرمانی سەر شانی بە چاكیی ئەنجام بدات و پشت بە خوا ببەستێ، جا مادام نیەتی خوا و دەست خستنی پاداشتی ئەو بوو ئەوا لە هەموو خراپەیەك لای ئەدا، چونكە خوای گەورە خۆی پادشای مەزنە و چیی بوێ ئەیكات.

* دەست خستنی بەشی حەڵاڵ بە ئارامیی: هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕنەوە كە وتوویە: خوای گەورە بۆ هەر ئیماندارێك و بۆ هەر فاجیرێك رزقی حەڵاڵی خۆی بۆ نووسیوە. جا ئەگەر ئەو كەسە ئارامی گرت تا ئەو رزقە حەڵاڵەی بۆ بێت، ئەوا خوای گەورە بۆی ئەنێرێت، بەڵام گەر بێتاقەتیی كرد و دەستی بۆ حەرام درێژ كرد، ئەوا بەو ئەندازەیە خوای گەورە لە رزقە حەڵاڵەكەی ئەگرێتەوە لێی.

* سێ سیفەتی بەرز: ئەگێڕنەوە كە جارێكیان پیاوێك جنێو بە ئیبن عەبباس ئەدات. ئەویش خۆی تێك نادا و بە پیاوەكە ئەڵێت: تۆ جنێوم

پێ ئەدەیت و منیش سێ سیفەتم تێدایە: من کە ئەبیستم حاکمێکی موسڵمانان بە عەدالەت حوکم دەرئەکات خۆشم ئەوێ، کە لەوانەشە هەرگیز نەچمە بەردەمی بۆ دادگایی.. ئەش‌بیستم ناوچەیەك لە ناوچەکانی وڵاتی موسڵمانان بارانێکی چاکی لێ ئەبارێت، زۆرم پێ خۆشە، کە لەو شوێنەدا تاقە ئاژەڵێکیشم نیە.. کە ئەش‌گەمە سەر ئایەتێکی قورئان، ئاوات ئەخوازم کە خۆزگە موسڵمانان هەر هەموویان ئەوەندەی من زانستم دەربارەی ئەو ئایەتە هەیە ئەوانیش بیان بوایە..

* سەر بە ئوممەتی پێغەمبەری خوا: لە ئیبن عەبباس‌ەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: موعاویە پێمی وت: تۆ سەر بە ئوممەتی عەلییت ؟ وتم: لەسەر ئوممەتی عوثمانیش نیم. سەر بە ئوممەتی پێغەمبەری خوام ﷺ.

* بەرزبوونەوەی کردەوە لە کاتی رۆژوودا: لە سەعدی کوڕی ئەبوسەعیدەوە ئەگێڕنەوە وتوویە: لە خزمەتی ئیبن عەبباس‌دا بووم پیاوێك هاتە لای و پێی وت: دووشەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو ئەبم. وتی: بۆچ ؟ چونکە لەو رۆژانەدا کردەوەکان بەرەو ئاسمان بەرز ئەبنەوە، جا منیش پێم خۆشە لەو کاتەدا کردەوەم بەرز ببێتەوە کە بە رۆژوو بم.

* هەرکەسە و پلەی خۆی: مەیموونی کوڕی میهران ئەڵێت: گوێم لە ئیبن عەبباس بوو کە دەیوت: لەلایەن هەر برایەکەوە شتێکی ناخۆشم بەرگوێ کەوتبێ ئەوا یەکێ لەم سێ پلەیەم بۆ داناوە: ئەگەر لە سەروومەوە بوایە قەدر و رێزیم لەبەر چاو ئەگرت و، گەر هاوشانیشم بوایە چاوپۆشییم لێ ئەکرد و، گەر لە خۆشم کەمتر بوایە بایەخێکم پێ نەئەدا، جا ئەمە رەفتاری منە لە ژیانما و، هەر کەسیش بە دڵی نیە زەویی خوا پان و پۆڕە.

* قورئان خوێندن بە بیر و هۆشەوە: هەروەها لێیەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: ئەگەر سوورەتی ( البقرة ) لە شەوێکدا بە بیر و هۆشەوە بخوێنم بە لامەوە چاکترە تا هەموو قورئان بە پەلە پەل بخوێنم.

* یارمەتیی دەست کورتان: هەروەها وتوویە: ئەگەر ماڵ و منداڵێکی موسڵمان مانگێك، یان جومعەیەك یان چەندێ کە خوا ویستی لەسەر بوو بەخێو بکەم بە لامەوە چاکترە لەوەی حەج لە دوای حەج بەجێ بهێنم.. هەروەها قاپێك خۆراك پێشکەش بە برایەکم بکەم لەبەر خوا بە لامەوە چاکترە لەوەی دینارێك زێڕ لە پێناوی خوای گەورەدا ببەخشم.

* نەمانی عەقڵ و ژیریی: هەروەها وتوویە: زەمانەیەك بەسەر خەڵکدا دێت کە عەقڵی خەڵکیی وەرئەگیرێتەوە بە رادەیەك کە تاقە ژیرێکت بەرچاو ناکەوێ.

* لە تاوان گەورەترە: هەروەها وتوویە: ئەی تاوانکار ! لە ئەنجامی خراپی تاوان بێخەم مەبە.. ئەوەش کە بە دوای تاوانەکەدا دێت لەو تاوانە خۆی گەورەترە کە ئەنجامی ئەدەیت.. بێشەرمییشت لەو جووتە مەلائیکەتەی کە لە لای راست و چەپتەوەن لەو کاتەدا کە خەریکی تاوانەکە ئەنجام ئەدەیت لەو تاوانە خۆی گەورەترە کە ئەنجامی ئەدەیت.. پێکەنینیشت بێئەوەی بزانی کە خوا چییت پێ ئەکا لە تاوانەکە خۆی گەورەترە.. دڵ خۆش بوونیشت بە دەست خستنی ئەو تاوانە لە تاوانەکە خۆی گەورەترە.. خەمبار بوونیشت بە لە دەست دەرچوونی ئەو تاوانە لە تاوانەکە خۆی گەورەترە، کە ئەگەر دەستت بکەوتایە.. ترسانیشت لەوەی کە با پەردەی دەرگاکەت بجووڵێنی و تۆش خەریکی ئەنجام دانی

تاوانەکەیت، کەچیی دڵت لە ترسی ئەو خوایەی کە سەیرت ئەکا نالەرزێ، لە تاوانەکە خۆی گەورەترە کە ئەنجامی ئەدەیت..

* کە قەدەر هات خۆپاراستن کەڵکی نیە: بە ئیبن عەبباسیان وت: ئێوە چۆن ئەڵێن: سولەیمانی کوڕی داوود سەلامیان لێ بێ کە ئەگەیشتە بیابانێکی بێ ئاو و درەخت و، پێویستیی بە ئاو ببوایە، پەپووسولەیمانە شوێنی ئاوی پیشان ئەدا، کەچیی ئێمە بە چینێکی تەنکی خۆڵ داوەکەی بۆ ئەشارینەوە و خواردن ئەخەینە سەری، بە داوی ژێر گڵەکە نازانێ و پێوە ئەبێ. کەچیی ئاوی ژێر زەوییەکی وەها قووڵ دیاریی ئەکا کە مەگەر کەسێکی لێزان و وریا بیری قووڵی بۆ هەڵ بکەنێ تا بیگاتێ..

ئەڵێت: ئیبن عەبباس خوا لە خۆی و باوکیشی رازیی بێ وتی: کە قەدەر هات خۆپاراستن کەڵکی نیە.

* چاکترین کەسی ئەم ئوممەتە: سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێت: ئیبن عەبباس پێمی وت: ئایا ژنت هێناوە ؟ منیش وتم: نەخێر. وتی: دەی برۆ ژن بهێنە، چونکە چاکترین کەسی ئەم ئوممەتە ئەو کەسەیە، کە ژنی زۆری هێنا بێ.. مەبەست بە چاکترین کەسی ئەم ئوممەتەش پێغەمبەری ئازیزە ﷺ.

* خۆش ویستنی زانست: عەلیی ئەزەدیی ئەڵێت: دەربارەی جیهاد پرسیارم لە ئیبن عەبباس کرد. وتی: ئایا شتێکت پیشان بدەم کە لە جیهاد چاکتر بێ بۆت ؟ دێیتە مزگەوتێکەوە و قورئان و شارەزایی دین ( یان سوننەت ) ی تیا فێر ئەکەیت.

له ریوایەتێکی تـردا ئـەڵێت: مزگـەوتێك دروسـت بکـەیت و تیایـا قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ و شارەزایی دیـن فێـری خـەڵکیی بکەیت.

* چەند پاڕانەوەیەکی: ئەگێڕنەوە کە لە خوا ئەپاڕایەوە: (( أللهُمَّ إِني أسأُلكَ بِنورِ وَجهِـكَ الَّـذِي أشـرَقَت لَـهُ السَّـمواتُ وَالأرضُ أنْ تَجعَلَنِـي في حِرزِكَ وَحِفظِكَ وَجِوارِكَ وَتَحتَ كَنَفِكَ )).

هەروەها ئەپاڕایەوە:

(( أللهم قَنِّعْنِي وَبارِكْ لِي فِيهِ، وَاخلُفْ عَلَى كُلِّ غَائِبَةٍ بِخَيرٍ )).

هەروەها ئەپاڕایەوە:

(( أللهم تَقَبَّلْ شَفاعَةَ مُحَمَّـدٍ الْكُـبرى، وَارفَـعْ دَرَجَتَـهُ العُليـا، وَأَعطِـهِ سُؤلَهُ في الآخرةِ والأولى، كما آتَيتَ إبراهيمَ و موسى عليهِما السلام )).

بەرهەمی ذیکر: هەروەها وتوویە: هەرکەس بڵێ: (( بسم الله )) ئـەوە ذیکری خوای کردووە و، هەرکەسیش بڵێ: (( الحمـدلله )) ئـەوە سوپاسـی خوای کردووە و، هەرکەسیش بڵێ: (( الله اكبر )) ئەوە خـوای بـە گـەورە داناوە و، هەرکەسیش بڵێ: (( لا إله إلا الله )) ئەوە خوای بە تاك و تەنیا داناوە و، هەر کەسیش بڵێ: (( لا حول ولا قوة إلا بـالله )) ئەوە موسڵمان بووە و خۆیشـی بـە دەسـتەوە داوە و، بـەو ذیکـرەش گەنجینەیـەکی لـە بەهەشتدا دەست ئەکەوێت.

* سەرزەنشتی زمانی: پیاوێك ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: چـاوم لـە ئـیبن عەبباس بوو خوا لە خۆی و لە باوکیشی رازیی بـێ کـە پۆپـەی زمـانی

گرتبوو و ئەیوت: ماڵ کاول ! چاکە بڵێ تـا دەسـتکـەوتت ببـێ و، لـە خراپەش بێدەنگ بە تا سەلامەت بی.

پیاوێك پێی وت: ئەی ئیبن عـەبباس ! ئـەوە چـیتە پۆپـەی زمانتـت گرتووە و وەهاش ئەڵێی ؟

وتی: پێم گەیشتووە کە لە ڕۆژی قیامەتدا بەنـدە لـە هـەموو شـتێ زیاتر ڕقی لە زمانی ئەبێتەوە.

# ستایشی

# ئیبن عەبباس

لەلایەن موسڵمانانەوە ـ چ هاوەڵان و چ تابیعییان ـ ستایشێکی زۆری ئیبن عەبباس کراوە، هەرچەندە ئیبن عەبباس ئەوەندە پایە و پلەی بەرزی بەس بوو کە بووبووە پێشەنگی موسڵمانان و ئەوپەڕی ڕێزی لێ ئەگیرا و سەرچاوەی وەڵامی پرسیار و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بوو.

جا لە کۆتایی ژیاننامەکەیدا وا چاکە چەند ڕستەیەکی ستایشی موسڵمانان هەڵ ببژێرین و بیانخەینە بەر چاوی ئازیزانمان:

## یەکەم: ستایشی هاوەڵان:

*** ستایشی خەلیفە عومەر:**

لە فەرموودەدا چەسپاوە، کە عومەری کوڕی خەططاب ئیبن عەبباسی لەگەڵ هاوەڵە بەتەمەنەکاندا دائەنیشاند و ئەی فەرموو: ئای کە ئیبن عەبباس تەرجومانێکی چاکی قورئانە.

هەتا عومەر دەری بڕیوە کە ئیبن عەبباس لە سەرچاوەی پێغەمبەرایەتییەوە قسە ئەکات کە پێی ئەفەرموو:

(( أشهد أنك تنطق عن بيت نبوة )).

هەروەها ئەیفەرموو: بە ڕاستیی زانستێکت دەست کەوتووە کە ئێمە دەستمان نەکەوتووە.

هەروەها دەری ئەبڕێ کە ئیبن عەبباس دەم و چاو گەشاوەترین و، ژیرترین و، لە قورئان شارەزاترینی هەموو گەنجانی ئیسلامە..

هەروەها ئەیفەرموو:

لەسەر خۆش ویستنی ئیبن عەبباس هیچ کەس گلەییم لێ نەکات..

* **ستایشی طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا:**

طەلحەش وتوویە: ئیبن عەبباس تێگەیشتن و فێرکردن و زانستێکی وەهای پێ بەخشرا بوو، کە نەمئەدیی عومەر کەسێکی تر پێشی ئەو بخات.

* **ستایشی عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود:**

ئیبن مەسعوودیش وتوویە: ئەگەر ئیبن عەبباس بە تەمەنی ئێمە بگەیشتایە هیچ کەسمان دەیەکی ئەومان نەئەزانی.

هەروەها وتوویە: ئیبن عەبباس چاك ترین تەرجومانی قورئان بوو.

* **ستایشی عائیشە:**

خاتوو عائیشەش وتوویە: لە کاروباری حەجدا ئەو لە هەموو کەس زاناترە.

* **ستایشی ئەبوهورەیرە:**

کاتێك کە زەیدی کوڕی ثابیتی ئەنصاریی وەفاتی کرد ئەبوهورەیرە وتی: کەڵەزانای ئەم ئوممەتە وەفاتی کرد، بەڵکو خوای گەورە بە ئیبن عەبباس جێگەکەی پڕ بکاتەوە.

* **ستایشی ئوبەی کوڕی کەعب:**

لە موحەممەدی کوڕی ئوبەی کوڕی کەعبەوە ئەگێڕنەوە کە لە باوکی خۆی بیستووە کە وتوویە ـ ئەمەش دوای ئەوەی کە ئیبن عەبباس لەلای بووە هەستاوە و ڕۆیشتووە ـ: ئەمە ئەبێتە کەڵەزانای ئەم ئوممەتە.. ژیریی و تێگەیشتنی پێوە ئەبینم. هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ دوعای بۆ کردووە تا خوا لە دیندا شارەزای بکات.

* ستایشی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر:

دەربارەی شتێك پرسیار لە ئیبن عومەر کرا، ئەویش بە پرسیار کەرەکەی وت: بڕۆ پرسیار لە ئیبن عەبباس بکە. ئەو لە هەموو ئەوانەی کە ماون شارەزاتری ئەو قورئانەیە کە بۆ موحەممەد دابەزیووە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی دیناریشەوە ئەگێڕنەوە کە پیاوێك دەربارەی فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿ کانتا رتقاً ففتقناهما ﴾ پرسیار لە ئیبن عومەر ئەکات. ئەویش ئەڵێت: بڕۆ بۆ لای ئەو مامۆستایە پرسیاری لێ بکە و پاشان وەرەوە هەواڵم بدەرێ. کابرا چوو بۆ لای ئیبن عەبباس و پرسیاری لێ کرد و، ئەویش وەڵامی دایەوە کە: ئاسمانەکان داخراو بوون و بارانیان لێوە نەئەبارییە خوارەوە و، زەوییش داخراو بوو و هیچی سەوز نەئەکرد. ئەوەبوو ئاسمانەکان بە باران بارین کرانەوە و، زەوییش بە رووەك سەوزکردن کرایەوە.

پیاوەکە کە وەڵامی ئیبن عەبباسی بیست، گەڕایەوە لای ئیبن عومەر و هەواڵی دایە، ئەویش وتی: بە راستیی ئیبن عەبباس لە زانست و راستگۆیی بەشی دراوە. ئەوەبوو من دەم وت: سەرم لە جەرگ سەختیی ئیبن عەبباس سووڕ ئەمێنێ کە تەفسیری قورئان ئەکات. ئێستا زانیم کە زانستی پێ بەخشراوە.

* ستایشی ئەبوبەکرە:

ئەبوبەکرە وتوویە: ئیبن عەبباس هاتە سەردانی بەصرە، بە راستیی لەناو عەرەبدا کەسێکی ترم نەدیی بوو کە لە شەرم و حەیا و زانست و جل و بەرگ و جوانیی و کەماڵدا لە وێنەی ئەو بێ.

* ستایشی موعاویه:

عیکریمه ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: گوێم لە موعاویە بوو کە پێمی ئـەوت: سەردارەکەت، ( واتە ئیبن عەبباس ) بەخوا لە هەموو ئەوانەی مردوون و هەموو ئەوانەش کە لە ژیاندان لە دین شارەزاترە.

## دووەم: ستایشی تابیعییان و موسڵمانانی تر:

* ستایشی عوروەی کوڕی زوبەیر:

عوروە وتوویە: هەرگیز کەسم نەدیوە وەك ئیبن عەبباس.

* عەطائی کوڕی ئەبورەباح:

وتوویە: هەرگیز هیچ کۆڕێکم نەدیوە لە کۆڕی ئیبن عـەبباس بـەڕێزتر بێت لە زۆریی فیقهـ و لەخواترساندا.. هـەڵگرانی فیقهـــ و، هـەڵگرانی قورئـان و، شـیعرخوێنان هـەر هـەموویان لـە خزمـەتیا ئـەبوون و بـە سنگێکی فراوانەوە هەر هەمووانی ڕەوانە ئەکردن.

* طاووسی کوڕی کەیسان:

وتوویە: حەفتا لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوام ﷺ دیون کـە لـە هـەر کارێکدا گیریان خواردبایە پرسیان بە ئیبن عەبباس ئەکرد.

هەروەها وتوویە: چاوم بە پەنجا یان حەفتا لە هـاوەڵان کـەوتووە کـە ئەگـەر لـە بـارەی شـتێکەوە پرسـیاریان لێ بکرایـە و وەڵامەکـەیان پێچەوانەی ئیبن عەبباس بوایە، لە جێی خۆیان هەڵ نەئەستان هەتا بیـان وتایە: بەو شێوەیە کە تۆ وتت، یان ڕاستت وت.

هەروەها وتوویە: کەسم نەدیوە لە ئیبن عومەر واریع تـر و، لـە ئـیبن عەبباسیش زاناتر بێت..

**❊ موجاهیدی کوڕی جوبەیر:**

وتوویە: هەرگیز هیچ کەسم نەدیوە وەك ئیبن عەبباس بێت، ئەو ڕۆژەی کە مرد ئەو کەڵەزانای ئەم ئوممەتە بوو..

هەروەها وتوویە: ئیبن عەبباس پێی ئەوترا: دەریا، لەبەر زۆریی زانستی.

هەروەها وتوویە: فەتوام نەبیستووە لە فەتوای ئیبن عەبباس چاك تر بێ، مەگەر یەكێ بڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە:

**❊ مەسرووقی کوڕی ئەجدەع:**

وتوویە: ئەگەر چاوت بە ئیبن عەبباس بکەوتایە: ئەت‌وت: لە هەموو کەسێ جوانترە و، ئەگەر بهاتایەتە گوفتار، ئەت وت: لە هەموو کەسێ زمان پاراوترە و، ئەگەر شتێکیشی باس بکردایە، ئەت وت: لە هەموو کەسێ زاناترە.

**❊ ئەبو وائیل:**

ئەمیش وتوویە: جارێکیان ئیبن عەبباس، کە ئەمیری حەج بوو وتاری بۆ داین. ئەوەبوو بە سوورەتی (( النور )) دەستی پێ کرد، ئایەتەکانی ئەخوێندنەوە و تەفسیریشی ئەکردن، تا وام لێ هات دەم وت: تا ئێستە پیاوی وام نەدیوە و قسەیشم نەبیستووە. خۆ ئەگەر فارس و ڕۆم و تورك بە گوێیەوە بوونایە، ئەوا موسڵمان ئەبوون.. لەولاوە پیاوێکیش وتی: حەزم لەوەیە سەری ماچ کەم. ئەویش بە بۆنەی شیرینیی وتەکانیەوە.

**❊ سەعیدی کوڕی جوبەیر:**

ئەمیش وتوویە: فەرموودەم لە ئیبن عەبباس ئەبیست، خۆ ئەگەر ماوەی بدایە سەریم ماچ ئەکرد.

* **یەزیدی کوڕی ئەصەم:**

ئەمیش وتوویە: جارێکیان موعاویە و ئیبن عەبباس بۆ حەج کەوتنە ڕێ، ئەوەبوو موعاویە دەستەیەك خەڵکی لەگەڵدا بوون و، ئیبن عەبباسیش لە زانست خوازان دەستەیەکی لەگەڵدا بوون.

* **سوفیانی کوڕی عویەینە:**

ئەمیش وتوویە: لە سەردەمی ئیبن عەبباس‌دا پیاوی وەك خۆی دەست نەئەکەوت و، لە سەردەمی شەعبییش‌دا پیاوی وەك خۆی دەست نەئەکەوت و، لە سەردەمی ثەوریش‌دا پیاوی وەك خۆی دەست نەئەکەوت.

* **قاسم ی کوڕی موحەممەد:**

ئەمیش وتوویە: لە کۆڕی ئیبن عەبباس‌دا هیچ ناڕەواییەکم نەدیوە..

* **حەسەنی بەصریی:**

ئەمیش وتوویە: ئیبن عەبباس لە ئیسلام دا پایەو پلەی خۆی هەبووە و، لە خزمەتی قورئانیشدا پایە و پلەی خۆی هەبووە.. ئەوەبوو لەسەر ئەم مینبەرەمان ئەوەستا و سوورەتی (( البقرة )) و (( آل عمران )) ی ئەخوێندن و ئایەت بە ئایەتی تەفسیری ئەکردن.

* **سەعیدی کوڕی موسەییەب:**

ئەمیش وتوویە: ئیبن عەبباس لە هەموو کەس زاناترە.

* **ئەبونوعەیم:**

ئەمیش لە حیلیەدا وتوویە: (( ومنهم اللقن المعلم، والفطن الملهم، فخر الفخار، وبدر الأحبار، وقطب الأفلاك، وعنصر الأملاك، البحر الزخار، والعين الحزار، مفسر التنزيل ومبين التأويل، المتفرس الحساس

والوضيء اللباس، مكرم الجلاس ومطعم الأناس، عبدالله بن عباس رضي الله عنه )).

*** ئیمام ذەهەبیی:**

ئەمیش وتوویە:

(( عبد الله بن عباس البحر، حبر الأمة، وفقيه العصر، وإمام التفسير، أبو العباس عبدالله ابن عم رسول الله ﷺ )).

*** ئیبن کەثیر:**

ئەمیش وتوویە:

(( هو عبد الله بن العباس بن عبد المطلب بن هاشم بن عبد مناف بن قصي، أبو العباس الهاشمي إبن عم رسول الله ﷺ، حبر هذه الأمة، ومفسر كتاب الله، وترجمانه، كان يقال له الحبر والبحر، وروى عن رسول الله ﷺ شيئاً كثيراً، وعن جماعة من الصحابة، وأخذ عنه خلق من الصحابة ، وأمم من التابعين، وله مفردات ليست لغيره من الصحابة، لاتساع علمه، وكثرة فهمه وكمال عقله وسعة فضله ونبل أصله، رضي الله عنه وأرضاه )).

بەڵێ، خۆشەویستانم ! ئەم ئەستێرەگەشەی زانست و زانیاریی دوای پێغەمبەری ئازیز پەنجا و هەشتساڵی رەبەق ژیا، ژیا بۆ خواپەرستیی و خزمەتکردنی موسڵمانان بەو هەمووە زانستەی کە لە ئەنجامی گیرابوونی پاڕانەوەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ خوای گەورە خەڵاتی کرد..

ئیبن عەبباس وەك خۆرێك بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە تیشك و بە گەرمیی خزمەتی دەوروبەری خۆی کرد، تا ئەوەبوو لە ساڵی شەصت و هەشتەمی کۆچییدا ئەو خۆرە مەزنە کوژایەوە و موسڵمانانی بەجێ هێشت و بەرەو قیامەت کەوتە رێ، تا بە خزمەتی ئازیزی یەکەمی

بگاتەوە و هەواڵی گەشە و پەرەسەندنی دینی پیرۆزی پێ بگەیەنێ و، ئاگاداریشی بکا کە موسڵمانان بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ئیسلامیان بڵاو کردۆتەوە..

موسڵمانانیش هەستیان کرد کە بە کۆچی دوایی ئیبن عەبباس چ کەلێنێك بۆتە دیواری قەڵای ئیسلامەوە، بۆیە هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە ستایشی ئەکرد: ئەوەبوو موحەممەدی کوڕی حەنەفییەی ئامۆزای ئەیوت: (( اليوم مات رباني هذه الأمة )). واتە: ئەمڕۆ خواناسی ئەم ئوممەتە کۆچی دوایی کرد.

رافیعی کوڕی خودەیجیش لە کاتی ناشتنی ئیبن عەبباس دا ئەی وت: ئەمڕۆ ئەو کەسە مرد کە هەرچیی وان لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ئاتاجی زانستی ئەون.

موعاویەش ئەیوت: بەخوا شارەزاترین کەسی مردووان و زیندووان کۆچی دوایی کرد.

جابیری کوڕی عەبدوڵڵاش کە هەواڵی مەرگی ئیبن عەبباسی بیست، دەستی دا بە دەستیدا و وتی:

زاناترین و پشوو درێژترینی خەڵك کۆچی دوایی کرد و، بە راستیی ئەم ئوممەتە تووشی موسیبەتێك بووە کە پینە ناکرێت.

سەعیدی کوڕی جوبەیریش باسی ئەوەی کردووە کە موسڵمانان بە چاوی خۆیان باڵندەیەکی سپییان بینیی، کە هیچ کەس وەها باڵندەیەکی نەدیی بوو، چاویان لێ بوو چووە ناو هێلانەکەی و ئیتر لێی نەهاتە دەرەوە..

لە کاتێکیشدا کە موسڵمانان لاشەی ئیبن عەبباسیان بۆ ناو قەبرەکەی شۆڕ ئەکردەوە بە گوێی خۆیان دەنگی قورئان خوێنێکیان

بیست بێئەوەی بە چاو بیبینن کە ئەم ئایەتە پیرۆزەی ئەخوێند: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴾.

بەڵێ ئازیزان ! ئیبن عەبباس کۆچی دوایی کرد و لە شاری طائیف بە گڵ سپێررا..

خوای گەورە لەویش و لە هەموو هاوەڵانیش خۆش بێت و ئێمەش لە ئیمان بێبەش نەکات.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

سلێمانیی

شەوی دووشەممە / شەوی ٢٧ / رمەزانی / ١٤٢٣ ك.

٢٠٠٢/١٢/١٤٢

# ناوەڕۆك

پێشەكیی ........................................................ ٦
ڕۆڵەی هەڵكەوتوو........................................... ٩
خواپەرستیی و وەرەعی........................................ ٢٤
لە خزمەت پێغەمبەردا ...................................... ٣٣
لەگەڵ خەلیفە عومەردا ....................................... ٤٤
زانستی ئیبن عەبباس.......................................... ٥٧
دڵسۆزیی بۆ موسڵمانان.......................................... ٧٤
چەند هەواڵێكی ئیبن عەبباس ................................. ٩٣
هەندێ لە وتەكانی................................................ ١٠٣
ستایشی ئیبن عەبباس......................................... ١١٠

# عبداللە ی
# کوری عبباس

یەکێکە لەو هاوەڵە گەنجانەی کە زۆر لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ئەمایەوە، لەبەر ئەوەی کە ئامۆزای یەك بوون و، خاتوو مەیموونەی دایکی ئیمان دارانیش خوشکی دایکی بوو، بۆیە بە رۆژ و بە شەو ئەیتوانیی سەردانی ماڵیان بکات و، بە شێوەیەکی کردارییی فێری خواپەرستیی ببێت و، ئیخلاص و نیەت چاکییش وەربگرێت..


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob: +964 750 460 51 22
Tel: +964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com